**پەکەکە، ئەمەریکا و روسیا**
**سێ فاکتەری بەهێز**
نیاز حامید ل٤

**زەمەنی رەوینەوەی وەهمە کوشندەکان و شۆڕشی هەقیقەت**
حەسەن جودی ل١٧

**سیاسەت بۆهەموان**
ڕێبوار رەشید ل٤٣

# ئازادی کۆمەڵگە

٤
سالی یەکەم
ژمارەی چوارەم
31-3-2016
خاکەلێوە
٢٧١٦

گۆڤارێکی سەربەخۆی سیاسی، هزری، جڤاکی، مانگانەیە



# بەهارێکی گەرم...
# باشوورێکی سارد

# ناوەڕۆک



پایە شکاوەکانی سیستەمی سیاسی هەرێمی باشوری کوردستان
د.فایەق گوڵپی ١١



ڕۆژهەڵاتی ناوین لەکوێی جیهانگیری نوێدایە؟
کامەران گوڵپی ١٤



کورسی بۆفرۆشتن
عەلی مەحمود ٢٦



ئایا پێگەی بارزانی چییە؟
د.شێرکۆ کرمانج ٢٠




ئازادی کۆمەڵگە




**خاوەن ئیمتیاز:**

محەمەد کیانی عەبدولرەحمان(د.محەمەد کیانی)

**سەرنووسەر:**

گۆران عەلی حەسەن (گۆران پێنجوێنی)

**دەستەی نووسەران:**

د.سالار باسیرە — سەردار ستار
بەیان عەلی — نەجیبە قەرەداخی
کامەران گوڵپی — کوردۆ شوانی

**ڕاوێژکاری یاسایی:**

پارێزەر هیلال ئیبراهیم

ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان.
سلێمانی. گەڕەکی ئاشتی. باخی سەعید بەگ

پەیوەندیەکان لەڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبن.
(٠٧٧٠٢٢٢٧٢٧٤)یان(٠٧٥٠١٥٣٩١٩٧)
azadi1@gmail.com
www.facebook.com/Azadi Komelge

تیراژ (١٠٠٠) دانە
نرخ (١٥٠٠) دینارە

# بەهارێکی گەرم و باشوورێکی سارد

رۆژهەڵاتی ناوین لەناو کوڵانێک دایە و هەموو ئاراستەکان بەرەو ئەوەن کە وەک سەدەی رابردوو رۆژهەڵاتی ناوین بەمۆدێلی دەوڵەت – نەتەوە بەڕێوەناچێ، بۆیە دەبێ ئاراستەکەی بگۆڕدرێت، ئەمەش بۆتە هۆکار کە گۆڕانکاری دەستلێبەرنەدراوە، هەرچەندە دەوڵەتی داگیرکەری تورک و شۆڤینیزمی عەرەبی بە پێشەنگایەتی گرووپە توندڕەوەکانی »داعش و نەسرە« و شۆڤێنزمی یان ئێرانیزم نایانەوێ و رێگرن لەبەردەم ئەوەی کە کورد لەم سەدەیەدا رۆڵی پێشەنگایەتی بۆ قۆناخ بگێرێت، لەسەر ئەو بنەمایەشە لەباکور و رۆژئاوای کوردستان رووبەڕووی شەڕێکی دژوار بۆتەوە.

سەرەڕایی هێرش و رێگریەکانی نەیاران، بەڵام تێکۆشانی ئازادیخوانەی گەلی کورد لەم بەهارە لەهەڵمەتێکی بەتینە و هەموو کەسێکی لەدۆست و دوژمن سەرسام کرد، لە٣/١٧ راگەیاندنی فیدرالیزمی رۆژئاوای کوردستان و باکوری سوریا، مژدەی بەهارێکی گەرم و بە بەرەکەتی بۆ هێنایەن، پیلانی نەیارانی پووچەڵ کردەوە کەدەیانویست کوردانی ئازادیخواز و شۆرشگێڕ بەشداری کۆبوونەوە جنێف٣ نەکەن و ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیانەی رۆژئاوای کوردستان لەدەرەوەی پرۆسەکە بەهێڵن، بەڵام یەکەم گۆڕانکاری و دەسکەوت و هەوڵی نوێخوازی کوردان و دۆستە دیموکرات و شۆرشگێڕەکان لە رۆژئاواوە هات، وەک چۆن لە رۆژی ١٩ی تەموزی ٢٠١١ بەشۆڕشێکی دیموکراتیانە موژدەبەخشی کردین، لەوکاتەوە تا ئەمرۆ هەنگاوە پێشکەوتنخواز و دیموکراتەکانی بەرهەم و مژدەی سەرکەوتنی نوێمان پێ رادەگێنێ.

باکوری کوردستان کە دەوڵەتی داگیرکەری تورک رووبەڕووی شەڕێکی نەخوازراوی کردۆتەوە، زستانێکی سەخت و دژواری تێپەڕاند و شەهید و قوربانیەکی زۆریدا، چونکە لەشۆرشی باکوردا بەو رێژەیە شەهید و قوربانی لەشەڕی ناوشاردا جاری یەکەم بوو، راستە خەڵکی باکوری کوردستان خۆبەڕێوەبەرایەتی دیموکراتیان راگەیاندووەو ئەنجومەن و هێزی خۆپاراستن و ئاسایشیان پێک هێناوە، بەڵام دەوڵەتی داگیرکەری تورک بەسەرۆکایەتی ئەردۆغان و ئەکەپە، وەک چۆن ئیسرائیل هێرشی کردۆتە سەر خەڵکی فەلەستین، یان بەهەمان هێرشەکانی چەتەکانی داعش بۆسەر کوبانێ و رۆژئاوا، هێرشی کردۆتە سەر شارەکانی باکوری کوردستان، بەتایبەت شارەکانی وەک جزیر، سلۆپی، سووری ئامەد، هەزەخ و دێرک و شاروشارۆچکەکانی تر، زستانی سەخت و بەستەڵەکی باکوریان بەئەرەق و خوێن گەرم کردو دوژمنیان سەرسام کرد. ئیدی لەباکور دەمێکە بەهاری گەرم دەستی پێکردوە، ئیدی چیتر یەکینەکانی پاراستنی سڤیل «یەپەسە« لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەتەکانی کۆشکی ئەردۆغان بەتەنهانین، لەگەڵ جەماوەری رێکخراو و گیان لەسەردەست، گەریلاش هەڵمەتی بەهاری دەست پێکردوە، بینیمان موراد قەرەیلان فارمەنداری ناوەندی هێزەکانی پاراستنی گەل، فەرمانی بەجوڵاندنی هێزەکانی گەریلا کرد بۆناوەوەی باکوری کوردستان، لەباکوری کوردستان ساڵی ٢٠١٦ بەساڵی یەکلاکەرەوە بەناو دەکرێ، بەهار لەهاوین گەرمترەو گەڕانەوەش بۆ دواوە لەمەحاڵ ئەچێ.

باشووری کوردستان، سەردەمێک بەناوەندی گۆڕانکاریەکان پێناسە ئەکرا و بانگێشە ئەکرا کە دەبێ رۆژهەڵاتی ناوین چاوی لێ بکا، بەڵام زۆری نەبرد بەهاری باشور بووە پایز، بەهاری ئەمساڵیشی لەهەموو بەهارەکان خراپترە.


ناتوانین بیشارینەوە کە ستراتیژی سیاسی و ئابووری و ئیداری باشووری کوردستان هەرەسی هێناوە، چونکە ئەوانەی خۆیان بەدامەزێنەری ئەو مۆدێلە دادەنێن ئێستا لەدژی دەوەستنەوە، نمونەی سەرۆکایەتی هەرێم و بەسەرچوون و چەقبەستبوونی و بوونە هۆکاری قەیران و گێژاو، زۆر کەس و لایەن چاوەڕێبوون لەم بەهارە گۆڕانکاری روویدا و باشووریش وەک رۆژئاوا و باکور مژدە بداتە هاوڵاتیانی کوردستان، لەباشوور بەهارێکی ساردە، یەکەم هەواڵیش بەشداری پێنەکردنی هێزی پێشمەرگەیە لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسل، وەک دیار دەبێ عەبادی سزای بارزانی دەدات لەسەر بانگهێشت کردنی سوپای دەوڵەتی تورک بۆ باشیک و گوایە بەشداری پرۆسەی ئازاد کردنی موسل دەکەن، « ئەو موسلەی خۆیان رادەستی داعشیان کرد»، لەئێستا نە سوپای تورک و نە هێزی پێشمەرگەی سەربەبارزانی بەشداری ئازاد کردنەوەی موسلیان پێناکرێت !!!!، « لەباشور تەنها یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال – یەبەشە- بە فەرمی بەشدارن لە ئۆپەراسیۆنی ئازاد کردنی موسل» لەلایەکیتر، لەحکومەتە تەکنۆکراتیەکەی عەبادی دیسان هێزە سیاسیە کوردیەکان لەبەغدا لەدەرەوەی پرۆسەکە مانەوە، عەبادی پێ گووتن «ئەگەر ئێوە ئامادەنەبن بەشداری حکومەتەکەم بکەن کورد هەیە بەشداری دەکات»، ئەمەو پرسی نەوت و دۆسیەیی مووچە و کاری ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاریەکان هەموویان ئەو دۆسیانەنن تۆزیان لەسەر نیشتووە، هەموو سیناریۆ و پلان و دانوستانەکانی حیزبە سیاسیە دەسەڵاتدارەکان لەبێ هیوای شتێکیتری لێ ناڕوێت، کورد گووتنەی «بەڵێنەکانیان لەسەر سەهۆڵ ئەنوسن».

ئەمەش بۆتە هۆکار بڵێین بەهاری گەرم لە رۆژئاواو باکورە، بەڵام بەداخەوە بەهارێکی سارد و دڵشکاو لەباشوری کوردستانە.

# پەکەکە، ئەمەریکا و روسیا سێ فاکتەری بەهێز

## سێ فیگەری بە هێز لە هاوکێشەی رۆژهەلاتی ناوین

## پەکەکە، ئەمەریکا و روسیا، لە جیاتی تیرۆر





نیاز حامید

ئەمەریکا لە ئۆلبرایتەوە بۆ جۆنکێری، عێراق لە سەددامەوە بۆ عەبادی، پەکەکە لە رێکخراوێکی سەربازی سیاسی بۆریکخراوێکی دامەزراوەیی گەورەی جەماوەریی.
چارەسەری لە پایتەختی داگیرکارانەوە نایەت، لەوێدا تەنها شەڕ، فەرمانی کورد کوشتن، ئەنفال، دووبەرەکێ. هەر لایەک خۆی لەو راستییە بدزێتەوە دەست لەگەڵ داگیرکارنی کوردستان تێکەڵ بکات، ئاشبەتاڵ و شکستی تووش دێت..با یەکێ پێمان بڵێت، ئەوەی روودەدات، لە باشور، دەرئەنجامی ئەو دەست تێکەڵکردنە نییە؟!.

هەموومان رۆلی مادلین ئۆڵبرایت ئەو ژنە رووسورەمان لە بیرە کە چۆن بە پەنجەی

بە تالەبانی وبارزانی وت، ئادەی پێکەوەرن، دەستبخەنە ناودەست. کۆتایی بە شەر و شۆڕی فیزیکی کوردی - کوردی هێنا، لێ نەیتوانی دەستی داگیرکارانی کوردستان قوت بکات، نەشیتوانی ئەو دوو حزبە سەربەخۆ بکات، جونکە ئەرکی ئەو، راوەستانی خوێن بوو، ئەوەی دیکە دەبوو سەرکردایەتییەکان ئەقڵیان پێدا بشکابایە، بەلام ئەوە رووی نەدا، بۆیە ماڵوێرانی، ئێستاش بەرۆکی گرتوین. دوو حزب، دوو هێزی چەکدار، دوو ئەجندای جیاواز، دوو داگیرکاری جیاواز ( دیارە جیاواز لە مامەڵەی تەکتیکی، ئەگینا لە ستراتیژ هاوبەشن).

ئەم شەڕەی باشور، تەواو نەبوو ، لە غیابی ئیرادەی سەربەخۆ، بە پیلانی تورکیا بۆ دووەمین جار و سێیەمین جار، پارتی و یەکێتی شەڕێکی دیکەی مالویرانیان تووشی کورد کرد، ئەویش شەڕ، دژی گەریلا.

ئێستاش شەڕی داعش تەواو نابێت، تورکیا

پیلانی شەری کورد بە کورد ئامادە دەکات. ئەوانە ڕێگری لەو شەرە دەکەن، سێ کارەکتەری گرنگن، ئەمەریکا، پەکەکە و خەڵکی کوردستان.

### «ئەم هەڵویستەی دامەزراوەیەکی ئاوا، گرنگە، تورکیا باش دەزانێت سەنگی ئەوەندە نەماوە»

ئەوانەی شەریش دەخوازن، ئەوانەن کە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئەردۆگان هەیە و ناتوانن لە ژێر تۆڕی ئەجندایی دژە مرۆیی و دژ بە کورد، دەربچن.

هافنگتون پۆست- ستانلی وایس، نوسیویەتی ئیدی دەبێت تورکیا لە ناتۆ دەربکرێت، قەوارەیەکی سیاسی بۆ کوردان دابمەزرێنرێت ببی بە ئەلتەرناتیڤی تورکیا بۆ ئەمەریکا.

ئەم هەلویستەی دامەزراوەیەکی ئاوا، گرنگە، تورکیا باش دەزانێت سەنگی ئەوەندە نەماوە بەتایبەتی دوای پشتیوانیکردنی لە تیرۆریزمی ئیسلامی، حالی حازر بۆ لێدانی تورکیا ئەوروپا دەیەوێت ئیخوان المسلمین بخاتە لیستی تیرۆرەوە، کە لێدانێکی توند دەبیت لە خودی تورکیا، دەستکەوتێکی گەورەش دەبیت بۆ گەلی کورد.

لە بوونی ئەو هەموو گۆرانکاریانە، ئەمەریکا چیدیکە ڕێگا نادات لە باشور شەری کورد بە کورد رووبدات، بە عێراقەوە ماندووبووە، قوربانی داوە، رێگا نادات شەرێکی نێوان کوردان بقەومێت، بەتایبەتی ئێستا گەریلا و شەرڤان لە بەرەی هەرە پیشەوەی شەرن لە دژی تیرۆر، ئەمە سەرباری بوونیان لە پلانی ئازادکردنی موسڵ، کاریگەر و رۆڵی گرنگیان دەبێت.

### «باشوری کوردستان، پێویستە فشار بخەنە سەر ئەو دەسەڵاتە و ڕێگانەدەن شەرێکی مالوێرانی تووشی بکاتن»

ئێستا شەرڤانان، شەریکی ئەمەریکان بۆ شەر دژی داعش و تیرۆری ئیسلامی ( واشنتۆن پۆست).

دەمێنیتەوە، رۆڵی پەکەکە، پەکەکە وەک پرینسیپ دژی شەری کورد بەکوردە، ئەو هەلآنەی کە ناوەراستی نۆدەکان روویاندا، دەبوو خۆ لەو شەرانە بپارێزیت بە هەر نرخیک بوایە. ئێستاش دەبێت رێگە نەدات مەرامی تورکیا لە هەڵگیرساندنی شەری براکان بچێتەسەر.

### «سەیری بەغدا بکەن، سەدان هەزار کەس دێنە سەرجادە»

رۆلی خەڵکی باشوری کوردستان، پێویستە فشار بخەنە سەر ئەو دەسەلاتە و رێگانەدەن شەرێکی مالوێرانی تووشی بکاتن، بەلکو ئەو دەسەلاتە ناچار بکات ئەوەی دزیویانە و تالانیان کردووە بیگەرێننەوە، خەلکی لە نیوان کوشتن بە برسێتی و کوشتن بە گوللە لە شەری براکان، هیچیان هەڵنەبژێریت بەڵکو داوا لەو دەسەلاتە فاشیلە بکات، هەرچی زووە ئەو دەیەها ملیار دۆلارەی دزیویانە بیگەرێننەوە و لە برسێتیی رزگاری بیت، با گەرانەوە بۆ ناوەند ببێ بە دروشم، چونکە بە گەرانەوە بۆ ناوەند، رۆلی تورکیا کەم دەبێت، زیاتر نزیک دەبینەوە لە بریاری سیاسی سەربەخۆ.

سەیری بەغدا بکەن، سەدان هەزار کەس دێنە سەرجادە، بۆ داواکردنی مافی رەوایان، کەچی لە هەولێر و ئەنقەرە بە گوللە و گرتن و ئەشکەنجەدان وەلام دەدرێتەوە، جا بۆیە گەرانەوەمان بۆ بەغدادێکی لاواز، زۆر باشترە لە رژێمێکی تیرۆریستی ئیسلامی

لە ئەنقەرە، کە هەموو پلانی دژایەتیکردنی کوردە.

بۆچی بۆ گۆڕینی سیستەمی حوکمرانی بۆ فیدرالی لە سوریا، دەوڵەتە ئیقلیمی و هێزە لۆکاڵییە کوردییەکان ترسیان لێ نیشتووە؟!.
بەرپرسە بالاکانی روسیا لە سێرجی لاڤرۆڤ و بۆغدانوف و ئەوانی دیکە، بێ دوو دلی، چارەسەری فیدرالی بۆ سیستەمی حوکمرانی بە باشترین چارەسەر بۆ سوریایەکی موستەقیر و ئارام دەبینن. ئەمەریکاش بە هەمان شێوە، بەلاّم زیاتر ئەمەریکا لە دەربرینی ئەو جۆرە سیستەمە دەیانەوێت خاتری تورکیا بگرن، ئەگینا ئەمەریکا بۆخۆی سیستەمێکی فیدرالی، لەگەڵ ئەو جۆرە سیستەمەدایە.

## «داعش خۆی بۆ تێکدانی سایکس پیکۆ بوو»

چاودێرانێکی زۆر لە میدیا جیاجیاکانی دنیایێ باس لە رێککەوتنێکی ناجاردراو لە نێوان ئەمەریکا و روسیا دەکەن، کە شوێنی ریکەوتنی مستەر سایکس و مسیۆ پیکۆت دەگرێتەوە، هیچ دوور نییە ئەم رێککەوتنە ناوبنریت «لاڤرۆڤ-کێری».

سێ هێز لە ناوچەکە، کاران، جێگای هەرەلەپێشی شەری داعش دەگرن، کە بریتین ، لە روسیا و ئەمەریکا و تەڤگەری ئازادی کورد، ئەم سێ فیگەرە، گەورەن، هەریەکەو ئەرکێکی گەورەی هەیە، جێبەجێی دەکات.

داعش خۆی بۆ تێکدانی سایکس پیکۆ بوو، بە نوێنەرایەتی تورکیا و سعودیە و قەتەر، بۆ سەرلەنوێ رەسمکردنەوەی نەخشەی ناوچەکە وەک بۆ خۆیان دەیانەویست، دیارە فاکتەری ووزە، فاکتەری هەرە لە پێشی ئەو نەخشە گۆڕینەیە بوو، ئەمە سەرباری کەمکردنەوەی هەژمونی ئێران لە ناوچەکە . رەنگە بۆ وتارێکی کورتی ئاوا، ناکرێت باس لە هەردوو فاکتەری پاڵپێوەنەری ئەو سێ دەوڵەتە بکەین، لێ بەلێ ئەو گۆڕینەی لە نەخشەکە کە دەیانویست لە عێراق و سوریا لەسەردەستی داعش جێبەجێی بکەن شکستی هێنا، یا دەکریت بڵێین لە رێگای شکستی یەکجارەکیدایە.

## «دێینەوە سەر باسی مۆدیلی فیدرالیی بۆ سوریا»

ئەو نەخشە، تێکی نەدەکردەوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و روسیا، دیارە لەگەڵ دۆزی رەوای کوردیش هەرگیز تێکی نەدەکردەوە، رەنگە ئەگەر سەری بگرتایە، نەخشەی کوردستان بە جۆرێکی دیکە رەسمدەکرایەوە، ئەمجارە بۆ ٦ پارچە یا ٨ پارچەی دیکەی لێدەکرا و، دەدرا دەست سونەی عارەب و هەروەها تورکیا، شەریتیکی ئەمنی سەربازی لە هێزە وابەستەو بەکرێگیراوەکان لە کورد دەبونە پاسەوانی ئەو هەرێمە سونییە تازە ئاوابووە، بۆ ئەوەی لە بەردەوامی رۆیشتنی غاز و نەوت رۆلی سەرەکی ببینن و بەرامبەر هەژموونی ئێرانیش وەک پۆلیسێک حازر بەدەست بن، بە کورتی ئەگەر ئەو نەخشە سەری بگرتایە، کورد و گەلانی میزۆپۆتامیا، دەکەوتنە بەر سیستەمێکی داگیرکاری تازەوە. دەکرێت ئەو ئیتفاقەی نێوان تورکیا و سعودیە وقەتەر دوای سایکس پیکۆی ناوبنیین.

کەواتە لە سەر ئەرز ئەو هێزەی دژی ئەو ئیتفاقییە هەرێمییە وەستایەوە، تەڤگەری ئازادی بوو، کە تێک دەکاتەوە بەرژەوەندییەکانی لەگەل بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و روسیا، یا بڵێین ئیتفاقییەی لافرۆڤ-کێری.

بەڵگەشمان بۆ ئەوە، مامەڵەی هەر دولا لەگەڵ تەڤگەری ئازادی لە رۆژئاوا، کە ئەم مامەڵەکردنە، دەوڵەت ئیقلیمیەکانی بە ئێرانیشەوە تووشی شۆک کردووە.

رەنگە ئێستا کاتی ئەوە نەبێت باسی کێشمەکێشێکی توندی روسیا لەگەڵ ئێران بکەم، بەلاّم ئارگۆمێنتی زۆر بەهێز هەیە دەتوانین لە شرۆڤەیەکی سەربەخۆدا، تاوتوێی بکەین.

## «مۆدێلی فیدرالیّ، ئاسایش و ئارامی بۆ گەلانی سوریا دەهێنێت»

دێینەوە سەر باسی مۆدیلی فیدرالیی بۆ سوریا، ئەو هێزە گەورە و کاریگەرانەی کە پشتیوانی بۆ ئەو مۆدێلە کۆدەکەنەوە، هەرسێ فیگەری بە هێزە، ئەمەریکا، روسیا و کوردە، کە ئەمە بە دورستکردنی چەند هەرێمێک لە سوریایەکی فیدرالیّ ناناوەندی، مەرامگەلێک دەپێکێت، کە دەکرێت لە چەند خالیک کورتی بکەینەوە:

١- مۆدێلی فیدرالیّ، ئاسایش و ئارامی بۆ گەلانی سوریا دەهێنێت و قۆناخی شۆڤینی عارەبی و توندرەوەی و فاشیستیەتی ئیسلامی لاوازدەکات.

٢- رۆژئاوای کوردستان، کە ئێستا لەوێدا بینای دەوڵەت دەکرێت، تا سەر دەریا درێژدەبێتەوە، تورکیا بەتەواوی لە جیهانی عارەب دادەبرێنێت، چونکە تورکیای ئەردۆگان، مەترسییە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل دواتریش روسیا.

٣- روسیا ، باش دەزانێت ئیدی رژێمی بەشار هەرگیز ناگەرێتەوە دۆخی جارانی، بۆ ئەوەی بتوانێت کۆنترۆلیّ چاوگەکان غاز و نەوت بکات لە ناوچەکە پێویستی بە مۆدێلێکی فیدرالی هەیە، عەلەوییەکان سەر دەریا، کوردیش لە باشوری تورکیا، هاوکێشەیەک دێتە کایەوە کە ئیدی قەتەر بۆ ساغکردنەوەی غازی سروشتی خۆی دەبێت، ئەلتەرناتیفی قورس بدۆزێتەوە کە هیچی لە بەرژەوەندی ئەودا نابێت، ئەمە سەرباری رەوشی ناوخۆی سعودیە، کە رەنگە تا زۆر کەمتر لە ١٠ ساڵی دیکە لەبەردەم گۆرانکاری جددی دابێت، پارچەپارچەبوونی، وەکّ تۆماس فرێدمانیش لە نوسینێکی سەرەتای دوو هەزارەکان ئاماژەی پێداوە .نامەوێت زۆر تەفسیری بدەمێ، لێ گۆرانکاری گەروە لە باکوری کوردستانیش لە رێگادایە، خۆسەری دیموکراتی ئەگەر قوربانیشی بوێت، لێ گەل بە ئیسرارە.

٤-رۆلیّ ئەمەریکا و روسیا، پەیوەست بە قەفقاسیا و ئۆکرانیا و ناو تورکیا و تەنانەت ئەوروپاش، وا دەخوازێت، هەریەکە لەگەڵ یەک، ئەوراقەکان بۆ یەکدی بخەنەڕوو.

هەریەکەو لەو خالانە دەتوانین قسەو گفتوگۆی زۆری لەسەر بکەین، لێ لە پۆستیکی فیسبووک، زۆریم لەخۆم کردووە تا کورتی بکەمەوە.

## «ئەردۆگان شکستی خواردووە»

شتیک ماوە، دەرهەق بە باشور بلّێین: نەبوونی روئیای سیاسی لە ناو حزبە سیاسییەکان، دەبینرێن رۆژ بە دوای رۆژ بچووک دەبنەوە، بچووک بوونەوەشیان راکردنە بەدوای دوو دەولەتی داگیرکار، کە هیچ خێری بۆ کورد نییە، کاریگەریشیان لەسەر ئاستی جیهانی، ئەوەندە نەماوە.

قسەیەکی ئۆباما دەمەوێت کە دوێنێ سەبارەت بە ئەردۆگان کردوویەتی وەبیربهێنمەوە کاتێ دەڵێت: ئەردۆگان شکستی خواردووە. کەواتە ئەوانەی بە بچووکی بەدوای ئەردۆگانەوە رادەکەن، دەبێت چتۆ سیاسەتی شکستخواردویان بەرهەم هێنابێت.؟!

- پلانە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا و روسیا لە رۆژهەلاتی ناوین، چۆنیەتی مامەلەکردنیان لەگەڵ هێزە هەریمییەکان و لۆکالییەکان..

**سەرەتا سەبارەت بە ئەمەریکا:**

لە وۆڵستری جۆرنال وتارێک بلاوکراوەتەوە سەبارەت بە ئەدای ئۆباما بە بەراورد لەگەڵ جۆرج بۆش، گەیشتۆتە ئەوخاڵەی کە خاڵێکی هێجگار زۆر هاوبەشیان هەیە، لە دوو شەر و ناکۆکی ناوخۆیی بەڵکان و سوریا، بەلکان لە زەمەنی جۆرج بۆشدا و سوریا لە زەمەنی ئۆبامادا، خاڵە هاوبەشەکە لەوەدایە، ئەمەریکا لە هەردووحاڵەت لە سەرەتادا تەدەخولی نەکرد، تا قەسابخانەی مەترسیدار تیایاندا رووی نەدا. جێمس بێکر ئەوێ رۆژێ دەیگوت: هیچ سەگێکمان لە بەلکان نییە.

## «پێشتر قاعیدە ئیستاش داعش»

هەردوای ئەوە ناکۆکیەکان بە دەوڵەتە ئیقلیمییەکان گەیشتە ئاستەنگ، هەریەکەو بە جۆرێک ئاگری شەرەکەی خۆش دەکرد، ناچار ئەمەریکا تەدەخولی کرد.

لە وتاری حالەتی یەکێتی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ٢٠١٦/١/١٣ ئۆباما وتی: پێشتر قاعیدە ئیستاش داعش مەترسی گەورەن بۆ سەر ئەمەریکا، بەلاّم مەترسی نییە لە بوونمان، ئەم خاڵە گرنگە، خالی دووەمی گرنگ وتی: ئێمە بەشداری فیعلی قەلاچۆکردنی داعش دەکەین بە پشتیوانیکردنی هاوپەیمانەکانمان لەسەر ئەرز، ئیمە سەرباز نانێرین. خاڵی سێیەم کە دیسان گرنگە بەلای ئێمەوە وتی: ئێمە کە گەورەترین هێزی سەربازین لە دنیادا، ئەوە ئەو مانایە ناگەیەنێت ببین بە پۆلیس بۆ سەر دەولەتانی دیکەوە.

ئەم خالانەی کە ئۆباما لە تەک دەیان خالی گرنگ کە باسی لێوەکرد، نەخشە رێگای ستراتیژین دوای خۆشی دەبێت بەردەوام بێت، ئەگەر دیموکراتەکانیش بیبەنەوە بە باشتری جێبەجێ دەکەن، خۆ ئەگەر کۆمارییەکانیش بیبەنەوە و سەرۆکایەتی ئەمەریکا بەدەستبهێنن، لەو چوارچێوە بە شێوازی جیاجیا دەجولێنەوە.

ئەمەریکا ئێستا، بێ گوێدانە هێزە هەرێمییەکان، کە جیاوازی بونیادی لە نێوان ئەجندەکان هەیە، نایەوێت وەک پێشتر پستیوانی لە هێزە هەرێمییەکان بکات بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی ناوچەکە، بەڵکو دەیەوێت لەتەک ئەو هێزە گەورە و بەتوانایەنە بمێنێتەوە کە لەسەر ئەرز کاریگەرییان هەیە، لە سوریا شەرڤانانی کورد، یەپەگە ویەپەژە، و لە سوریاش هێزەکانی سوریای دیموکراسی.

دکتۆر محمود عباس لە ئەمەریکا لە شرۆڤەیەکی درودرێژدا نوسیویەتی، ئەمەریکا لە سایەی براوەی هەر حزبێک بێت بۆ سەرۆک کۆماری، پێویستی بە کورد هەیە، چونکە کورد توانی خۆی ئیسپات بکات کە هێزێکە بەرامبەر تیرۆریستان دۆڕان ناناسێت. ئەمەریکا نایەوێت هێز بنێرێت بەڵکو تەنها بنکەی سەربازی گەورە دروستدەکات و راوێژکار و شارەزایان بۆ ناوچەکە دەنێرێت. درێژەی دەداتێ و دەڵێت: کاندیدە بەهێزەکەی کۆمارییەکان، ترامپ، ئەویش بێ دوودڵێ وتی کاردەکەین لە پشتیوانیکردنی کوردەکان.

کەواتە ستراتیژی ئەمەریکا لە ناوچەکە، کارکردن دەبێت لەگەڵ کورد وەک هاوپەیمان بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە لە چوارچێوەی سنورەکانی سایکس-پیکۆ، تا ماوەیەک بەبێ دەستکاریکردن.

## «هەرچی سەبارەت بە روسیایە، کێشەکە زۆر لەوە ئالۆزترە کە مرۆڤ پێشبینی دەکات»

هەرچی سەبارەت بە روسیایە، کێشەکە زۆر لەوە ئالۆزترە کە مرۆڤ پێشبێنی دەکات، روسیا جیۆپۆلیتیکی و فاکتەری ئابوری بەستراوەتەوە بە سەرلەنوێ رەسمکردنەوەی رۆژهەلاتی

ناوین، بە مەرجی هێزە ئیقلیمییەکان رۆڵیان لاواز بێت، کاریگەریان کەم بێتەوە و نەتوانن سەر لەبەرملی روسیا بنێن.

بۆ ئەمەریکا ئەگەر داعش مەترسی لە سەربوونی نەبێت، بەلام بۆ روسیا مەترسی جددی لەسەر بوونی هەیە، روسیا ئەو راستییە باش دەزانێت دوای تەواوبوونی سوریا و داگیرکردنی لە لایەن هێزە ئیسلامییە توندرەوە فاندەمێنتالەکان، نۆرەی ئەویش دێت، تورکیا و قەتەر وەک دوو هێزی پشتیوانی لە داعش، بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری هەژمونی روسیا لەسەر بازاری غاز، بەهاسانی دەتوانن پاش سەرکەوتنیان لە سوریا، ئایندەی تاریک بکەن، ئەویش لەلایەک:

## «( **رۆڵی روسیا لە قەفقاسیا**)، **دوو کێشەی هەیە**»

١- بۆری گواستنەوەی غاز لە قەتەرەوە بۆ باکوری سوریا (رۆژئاڤای کوردستان) لەوێشەوە بۆ تورکیا ئینجا ئەوروپا، کە کولفەی گواستنەوەی بۆ ٪٥٠ دێنێتەخوارەوە.
٢- دەتوانن بە گواستنەوەی چالاکییەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ ناو روسیا و کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو، نائارامی دورست بکەن بۆ رەوشی سیاسی و ئابوری و تەنانەت گواستنەوەی غازی روسیا بۆ ئەوروپا.

وەک لە راپۆرتێکی شرۆڤەیی جیپۆلۆتێکی (STRATFOR) هاتووە روسیا، بەناوی( رۆڵی روسیا لە قەفقاسیا)، دوو کێشەی هەیە، لە رۆژئاوای ئۆکرانیا لە رۆژهەلاتی ناوینیشدا سوریا، هەردولا بۆی گرنگی ستراتیژی هەیە بۆیە کارو خەباتی لەو پیناوەدا دەکات.

لە دامێنی جیوپۆلۆتیکی خۆیدا، قەفقاسیا بۆی گرنگە، دەیەوێت رۆڵ و دەسەلاتی تیدا بە هێز بکات، لەوێوە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئۆکرانیا و سوریا دابنێت و دەتوانێت لەگەڵ ئەمەریکا وەک شەریکێک بۆ ئیستقرار و ئاسایشی جیهان هەوڵبدات، دیارە هەمووی لەدوا دەرئەنجامدا، لە بەرژەوەندی دوور مەودای روسیا دەشکێتەوە.

## «**روسیا بڕی ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری وەک قەرز دا بە ئەرمینیا**»

کارەکتەرە سەرکییەکانی قەفقاسیا کە روسیا کاریان لەسەردەکات، ناکۆکی زۆریان لە نێواندا هەیە، بەرژەوەندی جیاوازیشیان هەیە، ئەرمینیا و ئازەربێجان، جۆرجیا و ئێران و دیارە تورکیاش کاریگەری خۆی هەیە.

لەم ماوەیەدا ئیتفاقیەی نێوان جۆرجیا و ئازەربێجان بۆ پێدانی غاز لەلایەن دووەمەوە ئیمزاکرا، کە ئەمە نیگەرانی روسیای لێکەوتەوە، لێ جۆرجیا گرێبەستەکەی لەگەڵ روسیا هەڵنەوەشاندەوە.

روسیا بڕی ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری وەک قەرز دا بە ئەرمینای بۆ نوێکردنەوەی سوپاکەی و هەروەها کاردەکات بۆ زیادکردنی ژمارەی ئەو ٥٠٠٠ سەربازە روسییەی کە لە ئەرمینیا هەیە کە وەک دەزانرێت، پەیوەندییەکانی ئەرمینیا و تورکیا لەوپەڕی خراپیدایە، تۆکمەکردنی هیزی سەربازی ئەرمینیا و زیادکردنی تەواجدی سەربازی روسیا هەم تورکیای زۆر نیگەرانکردووە و هەمیش ئازەربێجان ئەو دوژمنە تەقلیدییەی کە لەسەر ناوچەی ناگۆرنی کەرەباخ لە سەرەتای نۆدەکانی سەدەی رابوردوو هاتەدی.

## «**وا دەبینریت کە روسیا هاوپەیمانی ستراتیژی ئێرانە**»

دیارە راپۆرتەکە دوردوودرێژە لێ دەمەوێت بگەمە ئەو خالەی کە پەیوەندییەکانی ئێران وتورکیا لەگەڵ روسیا چی لێدێت.

وا دەبینریت کە روسیا هاوپەیمانی ستراتیژی ئێرانە، کە ئەمە راست نییە، چونکە بۆ روسیا و ئێرانیش، جیوپۆلیتیکی ناوچەکە و فاکتەری ئابوری دوو خاڵی گرنگن، لەوەدا ناکۆکن، تەنانەت ئەگەر لە هەندێ مەقتەعی زەمەنی لەسەر سوریا کۆکبن، لێ هەرزوو ئەو کۆکییە دەبێتە سەراب.

جاردانی روسیا بۆ بە فیدرالکردنی مۆدێلی سیستەمی حوکمرانی سوریا، ئاخوندەکانی ئێرانی خستە دلەراوکێ وئەو مۆدێلە بەخەتەر لەسەر خۆشی دادەنێت، بۆیە نزیکبوونەوەی ئێران و تورکیا لەسەر ئەو خالەیە، لەوەش زیاتر لەسەر پرسی کوردە، ئێران وەک داگیرکارێکی فاشست، چاوی بە پێشکەوتنەکانی رۆژئاڤای کوردستان هەڵنایەت، دەیەوێت سنورداری بکات، زۆر پێخۆشحالدەبێت بە تەسریحەکانی ئەردۆگان و داودئۆغلو، بۆیەش ئیمرۆ داودئۆغلو وتی: ئێمە لەسەر زۆرخال لەگەڵ ئێران لەمەر سوریا پێکهاتوین، کە بەمەزەندەی زۆریک لە چاودێرانەوە، فیدرالیەت و هەرێمی رۆژئاڤای کوردستان ئەو خالەیە لەسەر پێکهاتوون. کێشانەوەی بەشێک لە هێزەکانی روسیا لە سوریا بەو کتوپرییە، نامەیەکە بۆ سوریا و ئینجا ئێران، پێیان دەلێت: کارکردن لەدەروەی ئەجندای روسیا ، دەتاخەینەوە بەردەم گورگە هارەکە.


## «کورد لە گەڵ گەلانی سوریا لە رۆژئاڤا، لە چوارچێوەی ستراتیژی ئەمەریکا و روسیادا جێدەگرن»

عەبدولباری عەتوان شرۆڤەیەکی بە پێزی دەرهەق ئەم بابەتە کردووە.

ماوەتەوە بڵێین: کورد لە گەڵ گەلانی سوریا لە رۆژئاڤا، لە چوارچیوەی ستراتیژی ئەمەریکا و روسیادا جێدەگرن، هەرچی تورکیا و ئێران و سعودیە و قەتەر ئەو رژێمە فاشست و تیرۆریستانە هەست بەو مەترسییە دەکەن، دوور نییە، چوونەپێشی ئەوئەجندایە، هاوپەیمانی شەرخوازان و تیرۆریستان ئیجاد ببێت.

## «پاشکۆی دەوڵەتە فاشست و تیرۆریستەکانن»

سەبارەت بە باشوری کوردستان، هەروەک پێشوو باسمانکرد، دەتوانین بە نەبوو هەژماری بکەین، پاشکۆی پاشکۆیانن، پاشکۆی دەوڵەتە فاشست و تیرۆریستەکانن، خێر لەو دەسەلاتەی باشور کە لەسەر جوگرافیایەکی تەنگدان بۆ کوردان ئەستەمە هەبێت. ئەو دەسەلاتە دەبیتە کارگەی دوو بویەری گرنگ: یەکەمیان قەیرانی کوشندە بۆ خەڵکی، دووەمیشیان دەبێتە هاسانکاری بۆ لەشکری داگیرکاران، لەو دوو بەرهەم هیچی دیکەی لێ سەوزنابێت.



# پایه شکاوەکانی سیستەمی سیاسی هەرێمی باشوری کوردستان



د.فایەق گوڵپی

گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان چاوی بریوەتە سیستەمی سیاسی وڵاتانی لیبراڵ و داوا دەکات سیستەمی حوکمڕانی هەرێم وەک سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتانە بێت، گرنگترین بنەماکانی سیستەمی سیاسی لیبراڵیزمی نوێی ئەوروپا بریتیە لە دەستور، یاسا، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هەڵبژاردنی پاک و ئازاد، دەستاودەستکردنی دەسەڵات، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، سەربەخۆیی ئابوری، سەربەخۆیی بریاری سیاسی، بچوکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب، سوپا و هیزی ئاسایشی نیشتمانی.

بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا سیستەمی حوکمرانی زۆر لە سیستەمی وڵاتانی لیبراڵیزمی نوێوە دووره، دوای ٢٣ ساڵ حوکمڕانی دەسەڵاتدارانی هەرێم، تا دێت سیستەمی حوکمڕانی هەرێم لە پێوانەی دیموکراتی و یاسایی و دادپەروەری دوردەکەوێتەوە، لەم نوسینەدا هەوڵدەدەم هەندێک لە بنەماکانی سیستەمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان ئاماژە پێبدەم.

١. هەرێمی کوردستان دەستوری نیە

دەستور بریتیە لە بەڵگەی دانپێدانراوی دیاریکردنی پێوەندی نێوان حوکمڕانی و حوکمکراو، لە دەستوردا ماف و ئەرکی دەسەڵاتداران و ماف و ئەرکی تاک و پێکهاتەکانی گەل دیاریدەکرێت و سنوری بۆ دادەنرێت، لە دەستوردا مودێلی حوکمڕانی ( پەرلەمانی یان سەرۆکایەتی یان تێکەڵ) وڵات دەستنیشاندەکرێت.

بەرپرسانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم بە بەرنامە رێگربوون هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستور بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بێسنوری سیاسی و ئابوری و ئیداریان هەبێت.

٢. حیزب رۆڵی سەرەکی هەیە لە دارشتنی سیاسەت و بەرێوەبردنی کاروباری وڵاتدا لە وڵاتانی لیبراڵ و دیموکراتدا حیزب تەنها لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا چالاکی دەکات، بەرنامەی خۆی بۆ هەڵبژاردن ئاشکرا دەکات و کاندیدەکانی بە خەڵک دەناسێت و پروپاگەندەیان بۆ دەکات، دوای هەڵبژاردن حیزب دەچێتەوە قوناخی متبون تا هەڵبژاردنێکی تر. ئەگەر حیزب لە هەڵبژاردندا سەرکەوتنی بە دەستهێنا، لە رێگەی پەرلەمان و حکومەتەوە بەرنامەکەی جێبەجێدەکت، ئەگەر شکستیهێنا خۆی ئامادە دەکات بۆ هەڵبژاردنێکی تر. بەلام لە هەرێمی کوردستاندا حیزب چالاکی هەمیشەیی و فراوانی هەیە، کاتێک لە هەڵبژاردندا سەردەکەوێت دەسەڵاتەکانی راپەراندن و یاسادانان و دادوەری دەخاتە ژێر رکێفی خۆی و یاسا پێشێلدەکات و خراپسازی دەکات.

**«کۆمەڵگەی مەدەنی: ئەو بەشەی کۆمەڵگەیە کە بەرژەوەندی لە گۆرانکاریدایە و هەوڵی گۆرانکاری و چاکسازی دەدات»**

ئەم دیاردەیە لە سیستەمی حوکمڕانی یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە بۆ کورد بەجێماوە، سۆسیالیست و کۆمونیستەکان وازیان لەو سیستەمە هێناوە، کەچی دەسەلاتدارانی هەرێم هێشتا کاری پێدەکەن.

٣. خۆسەپاندنی بنەماڵەو خێڵ بەسەر حیزب و حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا

لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتی سیاسی و بەریوەبەرایەتی و توانای ئابوری لەسەر چەند بنەماڵەیەک تاپۆکراوە و سەرتاپای تری خەڵکی کوردستان لەو مافانە بێبەش کراوە، ئایدۆلۆجیای ئیسلامی و لیبراڵی و کۆمونیستی نەیانتوانی گەلی کورد لە هزری خێلەکی دوربختەوە، ئومێد هەیە کە رێبازی هزری و سیاسی عەبدوللا ئوجئالان بتوانێت کۆمەڵگەی باشوری کوردستان لە کلتور و هزری خێلەکی دوربخاتەوە.

٤. گەورەکردنی کۆمەڵگەی فەرمی(-حیزبی) و کۆمەڵگەی قەدەریەوە بچوککردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی

بە گویرەی هەڵوێست لە گەشەکردن و گۆرینی کۆمەڵگە، کۆمەڵگە دەکرێت بە سێ بەشەوە:

• کۆمەڵگەی مەدەنی: ئەو بەشەی کۆمەڵگەیە کە بەرژەوەندی لە گۆرانکاریدایە و هەوڵی گۆرانکاری و چاکسازی دەدات، ئەم بەشەی کۆمەڵگە بریتیە لە تاکە سەربەخۆکان، سەندیکاکان، ریکخراوە خێرخوازەکان و حیزبە سیاسیەکان، لە هەرێمی کوردستاندا سەندیکاو رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و تاکی ئازاد لە لایەن دەسەڵاتەوە سەرکوتکراوە

و داگیرکـــراوە، حیزبـــی سیاســـی لـــە بەرنامـــەی خـــۆی دورخراوەتـــەوە و کـــراوە بـــە مۆتەکـــەی سەرســـنگی دەســـەلاَتەکانی حوکمڕانـــی و کۆمەڵگـــە.

• کۆمەڵگـــەی فەرمـــی : ئـــەو بەشـــەی کۆمەڵگەیـــە کـــە لـــە دەســـەلاتدا بەرپـــرس و فەرمانبـــەرن و بەرژەوەدنیـــان لەگـــەڵ دەســـەلاَتدایە. بەرژەوەندیـــان لـــە گۆرانکاریـــدا نیـــە و کار بـــۆ مانـــەوەی سیســـتەم دەکـــەن، دەســـەلاَتی هەرێمـــی هەرچـــی جوتیـــار و کرێـــکار و کەسایەتی هەبـــو هەمـــوی کـــرد بـــە موچەخـــۆری حیـــزب و حکومـــەت بەوشـــیوەیە کۆمەڵگـــەی فەرمـــی گەورەکـــرد بـــۆ ئـــەوەی بـــە خۆیـــەوە گرێیبـــدا و بیکاتـــە بەشـــێکی خـــۆی بـــەلاَم بـــە هـــۆی قەیرانـــی ئابـــوری ئەمـــرۆی کوردســـتانەوە کۆمەڵگـــەی فەرمـــی هەرێـــم بۆتـــە دوژمنـــی دەســـەلاَت.

## «کۆمەڵگەش بە شیوەیەکی راستەخۆ و ناراستەوخۆ دەسەلاَت دەپارێزێت»

• کۆمەڵگـــەی قـــەدەری : ئـــەو بەشـــەی کۆمەڵگەیـــە کـــە گرنگـــی بـــەوە نـــادات چـــی لـــە دەوروبـــەردا دەگوزەرێـــت، بـــێ هەلوێســـتە. دەڵێـــت چـــی لـــە چارەنوســـمان نوســـراوە هـــەر ئەوەیـــە و پێویســـت بـــەوە نـــاکات مـــرۆڤ هەڵوێســـتی هەبێـــت و کار بـــۆ پیشـــکەوتن و گۆرانـــکاری بـــکات، ئـــەم پێکهاتەیـــەی کۆمەڵگـــەش بـــە شـــیوەیەکی راســـتەخۆ و ناراســـتەوخۆ دەســـەلاَت دەپارێزێـــت، ئەم بەشـــەی کۆمەڵگـــە بریتین لەوکەســـانەی کـــە ئاســـتی رۆشـــنبیریان لاوازە، ئـــەو کەســـانەی کـــە رەشـــبینن بەرامبـــەر بـــە ژیـــان و تێکۆشـــان، ئەو کەســـانەی کـــە تاکرەوانـــە کاردەکـــەن و بڕوایـــان بـــە کاری کۆمـــکاری و رێکخســـتن نیـــە، هەندێـــک لـــەو هیـــز و رێبـــازە فەلســـەفی و ئایدۆلۆجیانـــەی کـــە بـــراوای بـــە فەلســـەفەی میتافیزیکـــی هەیـــە.

دەســـەلاَتی هەرێـــم چەنـــد بۆیکرابێـــت کۆمەڵگـــەی مەدەنـــی بچـــوک کردۆتـــەوە و کۆمەڵگـــەی فەرمـــی و قـــەدەری گەورەکـــردوە، بـــەو شـــێوەیە رێگـــری بـــۆ گۆریـــن و گەشـــەی کۆمەلاَیەتـــی دروســـتکردوە.

٥. پەیرەوکردنـــی تیـــوری پیلانگێـــری لـــە نێـــوان حیزبە هاوپەیمانەکانـــدا، هەمـــوو حیزبـــەکان دژی کۆمەڵگـــە لـــە پیلانگێریـــدان

لـــەم ســـەردەمەدا و بـــە تایبەتـــی لـــە ناوچـــەی رۆژهەلاَتـــی ناوەراســـتدا سیاســـەت لـــە رەوشـــت داماڵراوە، سیاســـەت لـــە زانســـت و هونـــەر دورخراوەتـــەوە، سیاســـەت لەســـەر بنەمـــای برگـــەی دەســـتوری ویاســـا ئەنجـــام نادرێـــت، کۆبونـــەوە نهێنیـــە دوقۆڵیـــەکان، بۆتـــە ســـەرچاوەی بریـــارە نهێنیـــەکان. ئـــەوەی بۆتـــە بنەمـــای کار و پیشـــەی سیاســـی فروفێـــڵ و تەڵەکەبـــازی و تەڵەنانـــەوەی حیـــزب و حکومەتەکانـــە دژی یەکتـــری و دژی دۆســـت و هاوپەیمانەکانیـــان، ئەمـــەش وایکـــردوە خەڵـــک بێزلـــە سیاســـەت بکاتـــەوە و دوربکەوێتـــەوە لـــە سیاســـەت،

بەرنامـــەی سیاســـی و کاری سیاســـی نەکەونـــە خزمەتـــی خەڵکـــەوە و خەڵـــک بـــۆ فشارخســـتنە ســـەر یەکـــدی بەکاربهێنرێـــت و هەڵخەڵەتێنرێـــت.

لـــە هەرێمـــی کوردســـتاندا چەنـــدان نمونـــە دەبینیـــن کـــە دولایـــەن یـــان ســـێ لایـــەن هاوپەیمانیـــان هەیـــە کەچـــی لـــە بنـــەوە لەگـــەڵ یەکتـــری راســـت ناکـــەن و دژی یەکتـــری کار دەکـــەن، وە لـــە هەمـــان کاتـــدا خەڵـــک چەواشـــە دەکـــەن و لـــە بەرژەوەنـــدی خـــۆی دوریدەخەنـــەوە و دەیکـــەن بەگـــژ یەکتریـــدا و ئاشـــتی کۆمەلاَیەتـــی تێکـــدەدەن، ئـــەم جـــۆرە سیاســـەتە وای لـــە خەڵکـــی کوردســـتان کـــردوە کـــە نەیپەرژێتـــە ســـەر ئەرکـــە ســـەرەکیەکانی و بـــە مافـــە سروشـــتیەکانی ئاشـــنا نەبیـــت و گومـــان و دڵەراوکـــێ لـــە نێـــوان خەڵـــک و لایەنـــە سیســـیەکاندا دروســـتببێت و ئـــاژاوە و بێبروایـــی و رەشـــبینی بەرامبـــەر بـــە سیاســـەت و کاری سیاســـی دروســـتببێت.

٦. دەسەلاَتدارانی هەرێم بونەتە سەرمایەدار، سەرمایەدارانی هەرێم وەک لیبراڵیزمی کلاسیک چالاکی ئابوری دەکەن و بونەتە پیاوی سەرمایەدارانی ولاَتانی جیهان و ناوچەکە.

## «لە هەرێمی کوردستاندا حکومەت و دەسەلاَتەکانی تر هۆکارێکن بۆ ئەوەی زۆرترین سەرمایە کۆبکەیتەوە»

لـــە ولاَتانـــی دیموکراتـــدا ئـــەو کەســـانەی سیاســـەت دەکـــەن ئـــەو کەســـانە نیـــن کـــە لـــە کاتـــی سیاســـەت و حوکمکردنـــدا چالاکـــی ئابـــوری ئەنجـــام دەدەن، لـــە هەرێمی کوردســـتاندا دەســـەلاَتداری سیاســـی و کاســـب یـــەک پێکهاتـــەن، ئاســـاییە بـــۆ دەســـەلاَتدارێک لـــە کاتـــی حوکرانیـــدا کاســـپی بـــکات و ســـەرمایە کۆبکاتـــەوە. لـــە ولاَتانـــی دیموکراتـــدا بـــە گوێـــرەی یاســـا و رێســـا حکومەت ســـنور بـــۆ دەوڵەمەندبـــون دادەنیـــت و هاوســـەنگی دادپـــەروەری لـــە نیوان دەولەمەنـــدو هەژارانـــدا رادەگرێت، لـــە هەرێمـــی کوردســـتاندا حکومـــەت و دەســـەلاَتەکانی تـــر هۆکارێکـــن بـــۆ ئـــەوەی زۆرتریـــن ســـەرمایە کۆبکەیتەوە و ناداپـــەروەری لـــە نیـــوان کۆمەڵگـــەدا دروســـتبکەیت، چینێکـــی بچوکـــی دەســـەلاَتداری زۆر دەوڵەمەنـــد دروســـتببێت، چینێکـــی فراوانـــی کۆمەلگـــەش زۆر هـــەژار دروســـت ببێت.زۆربـــەی ســـەرمایەدارە دەســـەلاَتدارەکانی هەرێمـــی کوردســـتان ســـەرمایەکەیان دەبەنـــە دەرەوەی ولاَت و لـــە ولاَتانـــی بێگانـــە کاری پێدەکـــەن، بـــەو شـــیوەیە خەڵکـــی کوردســـتان ســـود لـــە ســـەرمایەکەیان وەر ناگرێـــت و خەڵکـــی ولاَتانـــی تـــر ســـود لـــە ســـەرمایەی دەوڵەمەندەکانـــی کوردســـتان وەردەگـــرن، بـــەو شـــیوەیە خەڵکـــی هەرێمـــی کوردســـتان دوجـــار بـــە دەســـتی ئـــەم ســـەرمایەدارە دەســـەلاَتدارانەوە دەچەوســـێتەوە.

٧. گرێدانـــی سیاســـەتی هەرێـــم بـــە سیاســـەتی ولاَتانـــی ناوچەکـــەوە

یـــەک لـــە سیاســـەتە هەڵـــە چەســـپاوەکانی تـــری هەرێمـــی

کوردستان ئەوەیە کە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا، پشت بە فاکتەری دەرەکی و وڵاتانی ناوچەکە دەبەستن، بە تایبەت پشت بەو وڵاتانە دەبەستن کە بەشێکی تری کوردستانیان داگیرکردوە. ئەمەش وایکردوە لە کاتێکدا دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان داوای ماف و ئازادی بۆ گەلی باشوری کوردستان دەکەن، لە هەمان کاتدا دژی ماف و ئازادی گەلی کوردی پارچەکانی تری کوردستان دەوەستنەوە. لەشەستەکانی سەدەی رابوردووەوە تا ئەمڕۆ هێزە سیاسیەکانی باشوری کوردستان بۆ رازیکردنی وڵاتانی دەوروبەر چەندین جار شکستیان بە شۆڕشی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە باکوری کوردستان هێناوە، یان دوچاری پاشەکشەیان کردون.

هەر لە چوارچێوەی گرێدانی سیاسەتی هەرێم بە سیاسەتی وڵاتانی ناوچەکەوە، چەندین جار سوپای داگیرکەری پارچەیەکی تری کوردستانیان هێناوەتە ناو خاکی باشوری کوردستان و عێراقەوە، واتە لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەت و بۆ سەرکوتکردنی یەکدی و بۆ بەرژەوەندی وڵاتانی دوژمنی عێراق، سوپای داگیرکەرێکیان بۆ ناو خاکی هەرێم پەلکێش کردوە و داگیرکەرێکیان گۆڕیوە بە داگیرکەرێکی تر، ئەمەش کارەساتی گەورە و کۆمەلکوژی لێکەوتۆتەوە.

## «سوپا و پۆلیس و ئاسایش سەربەخۆ نین و بە بڕیاری حیزب دەجوڵێن»

٨. هێزی چەکداری حیزبی لە شوێن سوپای نیشتمانی و ئاسایشی نیشتمانیدا

لە وڵاتە دیموکراتەکاندا سوپا و پۆلیس و ئاسایش، نیشتمانی و سەربەخۆن، سەر بە هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی نین، لە هەرێمی کوردستاندا سوپا و پۆلیس و ئاسایش، سەر بە حیزبە سیاسیەکانن و سەربەخۆ نین و بە بڕیاری حیزب دەجوڵێن و کار دەکەن، بە بڕیاری حکومەت کار ناکەن، ئامانجی سەرەکی ئەو هێزە سەربازیانە پاراستنی دەسەڵات و دەسەڵاتدارانە، هەر کاتێک حیزبە سیاسیەکان فەرمانیان بۆ دەرکەن دژی خەڵکی کوردستان و دژی نەتەوەی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان، شانبەشانی سوپای داگیرکەران دەجوڵێن تاوان ئەنجام دەدەن.

٩. دەسەڵاتداران و بەرپرسانی باڵای حیزبی رێگە نادەن کادر و ئەندامەکانیان فێری سیاسەت ببن و سیاسەت بکەن

یەک لە دیاردە نادیموکراتەکانی تری سیاسەت لە باشوری کوردستاندا ئەوەیە کە حیزبە سیاسیەکان ئەندام و کادرەکانی خۆیان پەروەردە ناکەن و ناهێڵن فێری سیاسەت ببن و لە بڕیاری سیاسیدا بەشداری بکەن. حیزبە سیاسیەکان لە لایەکەوە ئەندام و کادرە خوێندەوارەکانی خۆیان پەراوێز دەخەن، لە لایەکی تریشەوە گرنگی بە پەروەردەی فکری و سیاسی و رێکخستنی کادرەکانیان نادەن، زۆربەی پۆست و پلە حیزبی و حکومیەکان بەسەر خزم و بنەماڵەی بەرپرسەکاندا دابەشدەکەن و پەروەردەیەکی سنورداریان بۆ رێکدەخەن. بەو شێوەیە سیاسەت لە هەرێمی کوردستان پێشناکەوێت و خەڵک لە هاوکێشە سیاسیەکان تێناگات و ماف و ئەرکەکانی نازانێت.

هەر هێزێکی سیاسی بیەوێت باری ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی هەرێمی کوردستان لە خراپەوە بەرەو باشی ببات، دەبێت بەرنامەی هەبێت بۆ گۆڕینی ئەو چەند بنامایانەی کە من ئاماژەم پێکردن، وە بۆ ئەو بنەما خراپانەی تر کە من ئاماژەم پێنەکردون، ئەوەش پیویستی بە گۆڕینی تێگەیشتنە هەڵەکان هەیە کە چەندین ساڵە لە مێشک و دەرونی خەڵکی کوردستاندا چێنراون، هیچ یەک لە رێبازە کلاسیکەکانی لیبراڵیزم و کۆمونیزم و ئیسلامگەرایی نەیتوانیوە ئەو چەمکە هەڵانە راستبکاتەوە کە ئەو سیاسەتە هەڵەیەی پێ بنیادنراوە، بۆ راستکردنەوەی ئەو چەمکە هەڵانە و گۆڕینی سیستەمی حکومڕانی هەرێم، پێویستمان بە دنیابینیەکە لە هەناوی کوردستان رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەم سەردەمەدا هەڵقوڵابێت.

ئەو سەرچاوانەی بۆ نوسینی ئەم وتارە سودم لیوەرگرتن:
- کۆبونەوەکانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان ١٩٩٢–٢٠٠٢
- سەرمایەداری خۆی نویدەکاتەوە لە نوسینی جۆرج تەرابیشی
- پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە بۆ سڕینەوەی ئەم دیاردەیە کاری جدی کردوە.دورخستنەوەی ئەندامانی خۆی لە ماڵبات و ناردنی ئەندام و کادرەکانی پارچەیەکی کوردستان بۆ پارچەیەکی تری کوردستان.
- لە دەوڵەتی راهیبی سۆمەر بەرەو شارستانی دیموکراتی کتێبی دووەم لە نوسینی عەبدولا ئوج ئالان ٢٠٠٤
- هەڵوەشانەوەی رێکەوتنی ١٧–٤–٢٠١٣ نێوان پارتی و گۆران.
- مێژوی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی گوڵان و شۆڕشی نوێ.
- هێزی حەفتای یەکێتی و هیزی هەشتای پارتی، ئاسایشی پارتی و ئاسایشی یەکێتی لە پاریزگای کەرکوک

**تێبینی**:
کورتەی ئەم نوسینەم رۆژی ٢٩–٢–٢٠١٦ لە سمینارێکدا لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی لە سلێمانی پیشکەشکرد.

# رۆژهەڵاتی ناوین لەکوێی جیهانگیری نوێدایە؟



کامەران گوڵپی

ئەوەی زانراوە پسپۆڕان و بەرپرسانی خاوەن پێگەی عەرەب بەدرێژایی چەندین دەیە لەسەدەی ڕابردوو تەنها گرنگیان بەکێشە ناوخۆییەکانی وڵاتەکانیان داوە لەپێناو مانەوەی ڕژێمەکانیان لەسەر کورسی دەسەڵات.
بۆیە هیچ کات بیریان لەگۆڕانکاری ناوچەیی نەکردووەتەوە، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە ئەمە دژی بیری یەک نەتەوەیی خودی عەرەبە لەناوچەکەداو ئامانج لێی پارچەکردنی نیشتمانی عەرەبیە، بۆیە ڕژێمە عەرەبیەکان زۆر بەتوندی وەستاونەتەوە بەرامبەر بەو کەسانەی هەڵگری ئەم بیرۆکەیە بوون و لەهەنگاوی یەکەمەوە سەرکۆنە کراون و بیرۆکەکەیان لەبار براوە. واتە دژایەتی دەستەواژەی (ڕۆژهەڵاتی ناوین، یان هیلالی بەپیت، یان باکوری ئەفریقیا)کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ زانیاریەکیان هەبێت لەو بارەیەوە کەئەمە ویستی وڵاتانی زلهێزی جیهانیە، کە ستراتیژی ئەوان لەم دەستەواژانەی دوای جەنگی جیهانیەوە دەست پێ دەکات لەبونیاد نانی جوگرافیای نوێی ناوچەکە.

ئەم هەنگاوە لەکۆنگرەی پاریسی ساڵی ١٩١٩ بڕیاری لەسەر درا دوای جەنگی جیهانی یەکەم.

بۆیە مێژووی نوێ ئەوەمان پێ دەڵێت کە هەموو قەوارەو هەرێمە ناوچەییەکان لەژێر بڕیار و ڕکێفی نێودەوڵەتیدایە لەسەرانسەری جیهاندا، هەربۆیە زۆرێک لەپسپۆڕان و شارەزایانی»ڕۆژهەڵاتناسەکان» ڕۆژئاوا گرنگی زیاتریان بەڕۆژهەڵاتی ناوین داوەو حسابی تایبەتیان بۆ کردووە لە هە ڵسە نگا ند نە کا نیا ند ا .

بۆیە لە وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقی دژایەتی هەر بیرۆکەیەک کراوە لەژێر ناوی ڕۆژهەڵاتی ناوین پیادەبکرێت، دواتر ئەو بیرۆکەیان بەنەزۆک و مایەپووچ لەقەڵەم داوە و بەتێکدەری یەک ڕیزی ناوزەدکراوە، ئەم دژایەتیەش لەژێر چەتری بەرژەوەندی بنەماڵەیی و ڕژێمە سەرکوتکارەکاندا خۆی حەشاردابوو.

بۆیە دوای ئەم پێشەکیە ئەم پرسیارەمان لەلا دروست دەبێت، بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین؟؟

لەدوای شۆڕشی پیشەسازی و خواستی زۆری وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ بەدەست هێنانی وزەو گەشەی ئابوری لەجیهاندا، چاوی پاوانخوازی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوین چڕکرایەوە، بەو پێیەی خاوەنی زۆرترین ڕێژەی نەوت و سامانی سروشتی ژێر زەمینیە، بەپیت ترین بەشی ئەم جیهانە پان وبەرینەیە.

ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە بەدڵی جیهان ناوزەد دەکرێت، چونکە کەوتووەتە ناوەڕاستی جیهانەوە لەڕووی جوگرافیەوە، بۆیە لەبری ئەوەی وەکو ئەڵقەی بەستنەوەی ڕۆژهەڵات بەڕۆژئاواوە بناسرێت، پێگەی گۆڕا بۆ ناوچەی یەکەمی پیشەسازی لەجیهاندا لەبەر زۆری سامانی نەوت، کە هەمان هۆکاربوو بۆ داگیرکردنی لەسەدەی نۆزدەدا.

**«تایبەتمەندی خۆی هەیە لەڕووی جوگرافیەوە سنوری لە ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ و دەریای ڕەش دەست پێدەکات»**

ئێستا دەبێت بزانین وڵاتانی ڕۆژئاوا چەند ناویان بۆ ڕۆژهەڵات دۆزیەوە:

ڕۆژهەڵاتی سەروو، ڕۆژهەڵاتی نواوین، ڕۆژهەڵاتی خوارو، (الشرق الاقصى، الشرق الاوسط»الشرق الادنى)، ئەم دەستەواژانە بەدرێژایی دوو سەدە لەلایەن ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاواوە ڕیکلامی بۆکرا، دوای ئەوەی ئامێرو هۆکارەکانی بیستن و بینین هاتنە ئاراوە دوای جەنگی جیهانی و بەرزبوونەوەی بازنەی بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا.

بۆیە بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان سەرەتای بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەی زاینی، کاتێک بەریتانیا دزەی داگیرکاری لەناوچەکەدا دەست پێکرد، دوای ئەویش فەرەنسا لەسەدەی نۆزدەی زایندا، بەریتانیا لەئاسیاو فەرەنساش لە کیشوەری ئەفریقیا بالادەستبوون.

ئێستا ئەگەر بمانەوێت ئاشنابین بەهەریەک لەو بەشانەی ڕۆژهەڵات بەکورتی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- ڕۆژهەڵاتی خوارین:
تایبەتمەندی خۆی هەیە لەڕووی جوگرافیەوە سنوری لە ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ و دەریای ڕەش دەست پێدەکات و کۆمەڵێک هەرێم لەخۆدەگرێت لەڕۆژهەڵاتی ئەوروپا کە بە(ادنی)ناودەبرێت لەبەر ئەوەی کەوتووەتە خۆرئاوای ئەوروپاوە، کە ئەم شوێنانە دەگرێتەوە:

**« ڕۆژهەڵاتی ناوین گرنگترین بەشە»**

(تورکیا، بولگاریا، مولدیفیا، مەکەدۆنیا، ڕۆمانیا، بۆسنە، هەرسک، یۆنان، ئەلبانیا،هەنگاریا، سلڤانیا).

٢- ڕۆژهەڵاتی ناوین:
زۆر فراوانترو بەرینترە لەو بەشەی سەرەوە، ئەم بەشە تایبەتمەندی خۆیی هەیە لە گرنگترینیان، ڕۆژهەلات بە ڕۆژئاواوە دەبەستێتەوە، ئەم بەشە لەکۆمەڵێک هەرێم پێکدێت کە دەکەونە باشوری ڕۆژئاوای ئاسیاوە، واتە ناوەندی هەموو جیهان، هەروەک زۆرێک دەریای تیایە کەڕێڕەوێکی ستراتیژی نێودەوڵەتیان هەیە لەڕووی جۆگرافیەوە، ئەم ڕۆژهەڵاتی ناوینە بە دەوڵەمەندترین بەشی جیهان دێتە ئەژمار لەبەر زۆری سامانی نەوتی، هەروەها دەکەوێتە ناوەندی هەردوو ڕۆژهەڵاتەکەی تر.

٣- ڕۆژهەڵاتی دوور یاخود سەرەوە:
لەڕووی جوگرافیەوە زۆر لەڕۆژهەڵاتی ناوین فراوانترە، بەتایبەتمەندی ئەم بەشە لەوەدایە کە دەڕوانێتە سەر هەردوو ئۆقیانوسی (هندی، هێمن)، هەروەک چەندین گەل و نەتەوەیی جیاواز لەخۆیدەگرێت، وەدەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی باشووری ئاسیا لەوسەروی جیهان.

مێژووی نوێ ئەم سێ ناوچەیەی هێنایە بوون، ئەو ڕاستیەشمان بۆ دەردەکەوێت کەسێ ڕۆژهەڵات هەیە، یەکێکیان بچوک، ئەوی تر مامناوەند، سێیەمیش گەورەترین بەشەو لەڕووی دیموگرافیەوە قورسترین بەشە. بەڵام ئەزموونە مێژووییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ڕۆژهەڵاتی ناوین گرنگترین بەشە لەهەردوو ڕووی ئابوری و سیاسیەوە.

بۆیە لەدوای جەنگی جیهانیەوە وڵاتانی زلهێز پێگەی خۆیان لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان و چەوساندنەوەی گەلانی تر بەدەست هێنا دوور لەبەها مرۆییەکان و بیری ڕۆشنگەری کە فەیلەسوف و بیرمەندەکانی فەرەنسا داهێنەری بوون بۆ خۆش گوزەرانی هەموو مرۆڤەکان.

بۆیە پێویستە چەند سمپڵێک لە وتەی ئەو کەسایەتیە بەرزانە وەرگرین کەتەنها ئامانج لەتیۆرەکانیان خزمەت بووە نەک پاوانخوازی و خۆسەپاندن، فەیلەسوفەکان دەمێکە وتویانە ئەوەی ئەمرۆ دەگوزەرێت لەجیهاندا ناپاکی و خیانەتە بەرامبەر بەچەرخ و(بیری ڕۆشنگەری)، کەلەلایەن هەریەک لە(ڤۆلتێر، ڕۆسۆ، سان سیمۆن، گووتە) دامەزرێنرا، کە بۆ هەموو جیهان بوو نەک نەتەوەیەک یاخود وڵاتێک.

کاتێک گووتە لە ڕستەیەکی کورتدا دەڵێت(مرۆڤ جیاوازترین سمپڵی بونەوەرە)واتە ئەو شانازی تەنها بەمرۆڤ بوونیەوە دەکات نەک شتێکی تر.

هەروەها فەیلەسوفی فەرەنسی کوندورسی پێش شۆڕشی فەرەنسا ئەم ڕستەیەی وتوە(ئەقڵ و ژیری وو بیرمەندی لەهەموو شوێنێک یەک شتە)، لەپێش ئەویش فەیلەسوف جان جاک ڕۆسۆ کەبە فەیلەسوفی ڕاستیەکان ناسراوە وتویەتی (من نەهندیم، نەتەتەری، نەجنێفی، نەپاریسم، من تەنها مرۆڤم)، هەروەها مونتسکیۆ دەڵێت (من بەتەواوی مرۆڤم، بەڕێکەوت فەرەنسیم)، ئەم فەیلەسوفانە هەموویان داکۆکیان لەمرۆڤ بوونی خۆیان کردووەتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان یەکتری نەچەوسێننەوە.

**«بەڵام ئەمرۆ کۆمەڵگەی ئەوروپی خۆیان داڕنیوە لەهەموو بیری فەیلەسوفەکان»**

سەرۆکی کۆچکردووی فەرەنسا فرانسۆمیتیران خۆزگە دەخوازێت و دەڵێت(خۆزگە من نوسەرێکی ڕۆشنگەرایی وەکو مونتسکیۆ بوومایە، چونکە ئەو پێگەی خۆی لەمێژووی بیری مرۆڤایەتی گرتووە، نەک وەکو من سەرۆکێکی کاتی بۆ ماوەیەکی دیاری کراو کاتی فەرەنسا، کەتەنها لەقۆناغێکدا بوونم هەیە).

فەیلەسوفی فەرەنسی میشیل فۆکۆ دەڵێت سەردەمی ڕۆشنگەرایی(هەماهەنگی نێوان چەرخی هەستانەوەو چەرخی نوێ بووە لەنێوان سەدەکانی شانزەو نۆزدە)، بەڵام ئەمرۆ کۆمەڵگەی ئەوروپی خۆیان دارنیوە لەهەموو بیری فەیلەسوفەکان و خودپەسەندیان قبوڵکردووەو کەدژی خۆش بەختی هەموو مرۆڤایەتیە.

ئێستا مێژووی دوای جەنگی جیهانی کە مێژوویەکی ئایدیۆلۆژیە مرۆڤایەتی بەتەواوی خستە قەیرانەوە: پەنجا ساڵی تۆتالیتاری ڕەگەزپەرستی لەسەر شانۆ نمایشی خۆی کرد، لەژێر ناوی نازیەتدا

کەخۆی لەسەروی هەموو گەلانەوە دەبینی، لەبەرامبەریدا بیری شیوعی کەخۆی لەخوار هەمووانەوە دەبینی و خۆی بەماف خوراو دەزانی دروست بوو، بۆیە ئەم دژایەتیە کاتێک لەپەنجا ساڵی کۆتادا بەرەو دارمان ڕۆیشت هەموو جیهانی تووشی شۆک کرد، لەکاتێکدا چەندین دەیە جەنگی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا مرۆڤایەتی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو.

## «نازیەت ڕەگەزپەرستی و نەتەوەپەرستی پیرۆزکرد»

بۆیە بەڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت بلۆکی سەرمایەداری کە خۆی لەئەمریکادا دەبینێتەوە بەتەواووی جڵەوی هەموو جیهانی گرتەدەست، وبۆیە دووبارە جیهان دابەش کرایەوە بەسەر(سەرو خوارو).لەکاتێکدا نازیەت خۆی بەتۆتالیتاری داخراو پێناسە دەکرد شیوعیەت بەپرۆلیتاری کراوە پێناسە دەکرد .بۆیە هەردووکیان شکستیان هێنا چونکە یەکەمیان خۆی لەسەروی هەمووانەوە دەبینی و دووەمیش خۆی لەخوار هەمووانەوە هەربۆیە هاواری شیوعیەت لەجیهاندا بۆ چینێک بوو کەخۆی لە ووتنی(کرێکارانی جیهان یەکگرن) دەبینیەوە.

نازیەت ڕەگەزپەرستی و نەتەوەپەرستی پیرۆزکرد.شیوعیەت سوکایەتی بەتایبەت مەندی نەتەوەو گەلانی جیهان کرد و هەموو بەرامبەرەکانی بەفێڵکی بورژوازی دەناسی و تاوانبار دەکرد لەپێناو زاڵ بوون بەسەر چینی پرۆلیتاری!! هەروەک گەورەترین هەڵەی شیوعیەت ئەوە بووکەزۆر لەنازیەت زیاتر ڕۆشت کاتێک ووتی: دەبێت هەموو پەیامە ئاسمانیەکان وەلابنرێن وبسڕێنەوە.چونکە پاشماوەو هۆکاری دواکەوتنی میللەتانە.هەربۆیە پێش گەشتنی بەکەناری ئارامی لەناوەڕاستی دەریادا بەلەمەکەی شکا... ئێستا ئەکتیڤترین نەتەوە لە ڕۆژهەلاتی ناوین(کوردە)، بەو پێیەی کە توانیویەتی لەڕووی پراتیکەوە خۆی بسەلمێنێت لەسەر هەردوو ئاستی بەرخودان و وەستانەوە بەڕووی گروپێکی تیرۆرستی وەکو داعش لەلایەک.

وە خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی لەکۆمەڵگەی سوری لەلایەکی ترەوە، بۆیە ئەمجار کورد لەڕۆژئاواوە تواناکانی خۆی بۆ جیهان پیشان دا دوور لەدەست تێوەردانی بێگانەو وولاتانی سەردەست.

هەرچی وولاتانی ئەوروپین زۆر بەوریاییەوە خۆیان لەکورد نزیک دەکەنەوە ئەویش لەبازنەیکی تەسکدا کەخۆی تەنها لەدەست خۆشی لەهەوڵەکانی کورد قەتیش کردووە، لەکاتێکدا کورد توانای ڕاستەقینەی داعشی بۆ جیهان ئاشکراکرد کە جگە لەگروپێکی تیرۆرستی هیچ تواناسازیێکی تریان پێ نیە بۆ مرۆڤایەتی.

## «دوژمن هەموو هەوڵێکی خستووەتە گەڕ بۆ لەباربردنی ئەزموونی ڕاستەقینەی نەتەوەکەمان»

ئێستا ڕۆژهەلاتی ناوین کورد کاراکتەری سەرەکیە تیایدا لەڕووی مەیدانیەوە.بۆیە ئەوەی بەدرێژایی مێژووی نەتەوەکەمان دەخوازرێت و ناکرێت یەک ڕیزی نەتەوەییە.بۆیە پێویستە کورد لەباشوور مێژوو بخاتە دەست خۆی و ڕۆڵەکانی هەستن بەنوسینەوەی نەک داگیرکەرو بێگانە.ئەویش بە پشتگیری و پشتیوانی لەڕۆژئاوای خۆشەویست دەبێت، چونکە دوژمن هەموو هەوڵێکی خستووەتە گەڕ بۆ لەباربردنی ئەزموونی ڕاستەقینەی نەتەوەکەمان لەڕۆژئاواو باشووریش وەکو دەروازەو کارتی فشار بەکار دەهێنێت لەبەرەو پێش بردنی پلانەکانیدا.

دوای چەندین سەدە کورد لەهەموو کات زیاتر نزیکە لەسەربەخۆ بوون، ئەگەر بەرژەوەندی حزبی و بەڵێ کردن بۆ وڵاتانی سەردەست وەلابنرێن، چونکە ئەم دوو هۆکارە گەورەترین لەمپەری بەردەم گەشتنی کورد بووە بەئامانجەکانی بەدرێژایی مێژووی گەلەکەمان.

جوگرافیای کورد زۆر ستراتیژیە لەڕووی سیاسی و ئابوریەوە، چونکە زۆرترین یەدەگی نەوت لەخۆ دەگرێت لەناوچەکە، هەروەک ناوی کورد تەنها ناوێکە بەرامبەر بەتیرۆری داعش بەکار دەهێنرێت.



# زەمەنی ڕەوینەوەی وەهمە کوشندەکان و شۆڕشی حەقیقەت



حەسەن جودی

لەڕاستیدا زۆری ویست تا لەنێو دەستەبژێری سیاسی باشووردا چەند وەهمێکی کوشندە لە کایەی سیاسیدا بڕەوێتەوە، کە تا هەژموونی مۆتەکەی داعش و شالاوە دڕندەییەکانی بۆ سەر کوردستان زۆر دژوار بوو، تەنانەت قسە لەسەر وەهمبوونی ئەو وەهمانەش بکرێت کە وەکو حەقیقەتی سەلمێنراو وێنا کراون. ئەوەی ئەو وەهمانەی داهێنا و وەک حەقیقەتی رەهای وێنا کرد ئەو قوتابخانە سیاسییەیە کە زیاتر لە نیو سەدەیە کارا بووە و ئێستاش لە واقیعدا بە دۆخی دارمانی زیهنی و مۆڕاڵی و ئەخلاقی مەزن بۆتەوە.

ئەو قوتابخانە سیاسییە: کە دەکرێ بە (قوتابخانەی میللیگەرای سەرەتایی) زاراوەبەندی بکەین، بەهەموو پۆل و ئاراستە (میللیگەرا و چەپگەرا و راستگەرا و لیبرالیخواز و ئیسلامیگەراکان)ی خۆیەوە کارەکتەرێکی سیاسی ملهوڕی ئەوتۆی دروست کردووە؛ تەنانەت لە لوتکەی شکستەکانیشیدا هێشتا خۆی بە براوە ببینێت، کارەکتەرێک بە تایبەتمەندێتی (ستەمکاری، گەندەڵکار، وابەستەدەرەوە، پاشڤەرۆ، شەڕانگێز)ی خۆیەوە بیستوپێنج ساڵە حوکمرانی بەسەر باشووردا دەکات و ئیدی ماهییەتی راستەقینەی خۆی خستۆتەڕوو و هیچی تێدا نەهێشتۆتەوە، تەنیا ئەو وەهمانە نەبێ کەوا خەریکە بەدوای یەکدا ئەڕەوێنەوە و بلق ئاسا بەڕووی داهێنەرانیدا ئەتەقنەوە!! چۆن؟!

با لەوەوە دەستپێبکەین کە: وەهم و حەقیقەت پێچەوانەی یەکترن، بەڵام کاتێک وەهمێک (جا هەر وەهمێک بێت) دەخرێتە شوێنی حەقیقەتێکەوە (جا هەر حەقیقەتێک بێت) یان حەقیقەتێکیش وەک وەهمێک ببینرێت، ئەوا مسۆگەر بەم جێگۆڕکێپێکردنە شێواندن لە ماهییەت روودەدات و ناهاوسەنگییەک لەگۆڕێدا هەیە. دوا جار ئەم جێگۆڕکێپێکردنە بە حەقیقەت و وەهم کۆمەڵگاکان بەرەو مەرگەسات و دارمانی مەزن دەبات و لەگەڵ خۆیشیدا جێگۆڕکێکارانیشی رووبەڕووی چارەنووسی کوشندەتر دەکاتەوە. بێگومان ئەم ئاکامە کاتێک دێتەدی کە کۆتایی بەو شێواندن و ناهاوسەنگییە بهێنرێت و راستی وەهمەکان و حەقیقەتەکان ئاشکرا ببن و حەقیقەت وەک حەقیقەت و وەهمیش وەک وەهم ببینرێت.

ئەی ئەگەر ئەم جێگۆڕپێکردنە بەسەر بەها بنچینەییەکانی وەک: ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری و دیموکراتیدا بێت چی روودەدات؟! واتا لە وڵاتێکدا ئازادی نەبێ و بڵێی:» ئازادی هەیە و هەر کەسێ بڵێ نییە ئەیگرم و ئەیڕفێنم و شوێنبزری دەکەم و دەیکوژم....» یەکسانی نەبێ و بڵێی:» یەکسانی هەیە و...هتد» هەڵبەتە ئەو بەهایانە هەر تەنیا ناکەونە ژێر پرسیاری جددی و گومانەوە، بەڵکو حەقیقەتە بەوەهمی کراو و وەهمە بە حەقیقەتکراوەکانیش زۆر کوشندە دەبن بۆ ئەو کۆمەڵگایەی ئەم جێگۆڕکێیەی تێدا روودەدات. بۆ نموونە: ئەگەر ئەو بەها بنچینەییانە لە کۆمەڵگایەکدا لە گۆڕێدا نەبن، کە بەیەکەوە دەبێت هەن و لازم و مەلزومی یەکترن، چی روو دەدات؟!

**«کوشندەترین وەهم وەهمی هەبوونی دیموکراسییەکی راستەقینە و پێشکەوتووە لە باشووردا..!!»**

دەکرێ بپرسین ئەو وەهمە کوشندانە چین کە قوتابیانی ئەو قوتابخانە سیاسییە؛ بە هێزە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەکەیانەوە، بە رۆشنبیر و دەزگا راگەیاندنییەکانیانەوە، بە هێزە داپڵۆسێنەر و هەواڵگرییەکانیانەوە هەوڵی بە (حەقیقەت)کردنیان داوە پێش ئەوەی لە (واقیع)دا یەک هەنگاوی بۆ بهاوێژێن؟!

دەکرێ لێرەدا بۆ تێگەیشتن تەنیا چەند وەهمێکی کوشندەی بەرهەمی ئەقڵییەتی ئەو قوتابخانە سیاسییە دەسەڵاتدارەی باشوور بژمێرین کە ماکینەکانی ئەو قوتابخانەیە بەرهەمیهێناون:

ا. کوشندەترین وەهم وەهمی هەبوونی دیموکراسییەکی راستەقینە و پێشکەوتووە لە باشووردا..!! بێئاگا لەوەی دیموکراتی هەرتەنیا میکانیزمێکی بەڕێوەبردن و پرۆسەی هەڵبژاردن (جا هەڵبژاردنێکی پڕ لەساختەکاریش بێت!!) نییە،

بەڵکو دیموکراتی یەکسانییە لەبەشداریکردن، کارەکتەر و بەها و کولتوورە، شێوازێکی ژیان و بیرکردنەوە و چالاکی تاک و کۆمەڵگایە.

## «وەهمی ئەوەی؛ ئاشتەواییەکی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگای باشووردا هەیە..!!»

٢. وەهمی هێشتا بەکەڵکهاتنی مۆدێلی حیزبایەتی ئێستای باشوورە، کە زۆر دەمێکە ئێکسپایەر بووە و جگە لە دارمان و شکست هیچی دیکەی بۆ تاک و کۆمەڵگا بەدینەهێناوە و ناهێنێت.

٣. وەهمی ئەوەی: ئەو قوتابخانە سیاسییە ئەمرۆ نا سبەی قەوارەیەک بۆ ئەم گەلە ستەمدیدەیە دێنێتەدی.!! بێگومان کاتێک هەموو جۆرە شێوەکانی ئەو قەوارە وەهمییە (ئۆتۆنۆمی، ئۆتۆنۆمی راستەقینە....هتد) سوان و هیچیان بەدینەهێنا، کە ئەمانە ئاسانەکانی بوون، ئێستا وەهمی دروستکردنی (دەوڵەت)ی کردۆتە حەقیقەتێک و ئەم بەهارەش نەبێ بەهارێکی دیکە پێیدەگات...!! کەچی لەژێری سایەی ئەو وەهمەدا پرۆسەکانی تالانی وڵات و دەبەنگکردنی کۆمەڵگا پەرە پێدەدات.

٤. وەهمی ئەوەی: ئاشتەواییەکی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگای باشووردا هەیە..!! بەبێ ئەوەی نزمترین ئاستی ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دیموکراتی سەقامگیر بووبێت، کە مەرجی بنچینەیین بۆ ئاشتەوایی و دادی کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگایەکدا.

٥. وەهمی ئەوەی: لەبەرامبەر گەل و وڵاتدا ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی هەن تەنیا دەرەکیین و هیچ هەڕەشە و مەترسییەکی ناوخۆیی نییە، ئەگەر هەشبێ ئەوا تەنیا ئەوانەن کە دژ بە دەسەڵاتن!!. ئەمە لەکاتێکدا هەڕەشەی هەرە مەزن لەناوخۆی وڵات و لەناوخۆی کۆمەڵگا دایە، لەسەرووی هەمووشیانەوە هەڕەشەی هەرە مەزن خودی ئەو دەسەڵاتەیە، کە بەم دۆخەی ئێستایەوە گەورەترین مەترسییە بۆ سەر گەل و وڵات. داڕووخانی ژێرخانی ئابووری هەڕەشەیەکی مەزنی ناوخۆییە، باڵادەستبوونی شاڵاوە کولتوورییە هەژموونگەراییەکانی داگیرکاران و لیبرالیزم هەڕەشەیەکی مەزنترە. هەروەها گروپ و رێکخراوە سەلەفییەکانیش بەهەمان ئاستی ئەو هەڕەشانە هەڕەشەن بۆ سەر چارەنووسی کۆمەڵگا، کە بەشێکن لە هێزی سپێری دەسەڵات و بەدڵ و گیان دەیپارێزن و شەرعیەتی ئایینیشی پێدەدەن دەڵێن:»وەلی ئەمرمانە»!!

٦. وەهمی ئەوەی: زلهێزەکان پشتیوانمانن و ئیدی لەخەم رەوینەتەوە و لەئاستی نێودەوڵەتیدا تەواو پشتیوانی لە ئەزموونەکەمان لێدەکرێ و دەمانپارێزن و ئەم پشتیوانییە ستراتیژییە و...هتد. بێئاگا لەوەی هێشتا زلهێزەکان و بچووکهێزەکانی ناوچەکەش ئەم دەسەڵاتە و یەکە بەیەکەی ئەو هێزانەی دەسەڵات وەکو کارت و پیۆن و ئامراز بەکاردەهێنن و هیچ باکیان بەوە نییە ئەزموونی چەندین بارەی شکستی ١٩٧٥ دەرخواردی ئەم گەلە بدەنەوە..!!

٧. وەهمی ئەوەی: کە کێشەی کورد لە ئێراق چارەسەر بووە و تەنیا هەندێک کێشەی بچووکی وەک (بودجە و پێشمەرگە و ناوچە جێناکۆکەکان) لەنێوان هەرێم و بەغدادا ماوە، ئەویش لە چوارچێوەی دەستوور و بە (سیاسەتی حەکیمانەی سەرکردایەتی سیاسی کورد) چارەسەر دەکرێن..!! بێئاگا لەوەی کە جارێ نەک هەر کێشەی کورد چارەسەر نەبووە لە ئێراقدا، بەڵکو ئێستا لەجاران زیاتر ئاڵۆز و قووڵ بۆتەوە. هەروەها لەماوەی زیاتر لە نیو سەدەدا مرۆڤ بۆ یەکجاریش حیکمەتێک لە سیاسەتی ئەوانە نابینێتەوە کە بە وەهم پێیان وایە و پێیان دەگووترێ کە (سەرکردایەتی سیاسی کوردن) و هیچ سیفەتێکی سەرکردەییان تێدا نابینرێت و خاوەنی سیاسەتی سەربەخۆی خۆشیان نەبوونە و بۆ کوردیش کاریان نەکردووە.

## «دۆخەکە لە دۆخی کێشە و قەیران تێپەڕیوە و گەیشتۆتە ئاستی گێژاو»

٨. وەهمی ئەوەی: دەکرێ چاکسازی لە سیستەمی حوکمڕانی باشوور بکرێ و پێویست بە شۆڕش و ڕاپەڕین و چارەسەری دەرەوەی دەسەڵات ناکات!! چونکە دۆخەکە هێشتا ئاساییە و نەگەیشتۆتە ئاستی پێویستیی گۆڕانکاری ریشەیی و وەرچەرخانی مەزنەوە و دەسەڵات خۆی قەیرانەکان چارەسەر دەکات و پێویست بە هیممەتی گەل نییە و با بۆ خۆی دابنیشێ و خەمی هیچی نەبێ...!! ئەمەو چەندین وەهمی دیکەی ماکینەکانی دروستکردنی وەهمە کوشندەکانی میللیگەرای سەرەتایی سیاسەتی کوردی کە دەکرێ هیتریشی بەدوادا ریز بکرێ. ئەو ماکینانەی ئەو قوتابخانەیە دۆخی ئەمڕۆی باشووریان گەیاندۆتە ئاستێک کە تەنیا دەستەواژەکانی وەک (دۆخی کێشەدار، دۆخی قەیراناوی و دۆخی کاتیی....هتد) بەس نییە بۆ پێناسەکردنی دۆخەکە، بەڵکو لەراستیدا لەپاڵ هەبوون و سەرهەڵدانی بەردەوامی چەندین کێشە

و قەیرانی هەمەلایەنە. بەڵام دۆخەکە لە دۆخی کێشە و قەیران تێپەڕیوە و گەیشتۆتە ئاستی گێژاو (کائیوس – دوامة). مسۆگەر گێژاوبوونی دۆخێک بە پرۆسەی هەقایەتی مێشەی چاکسازیی چارەسەر نابێت، بە ئیدارەکردنی کێشە و قەیرانەکانیش ڕێگیری لە تەقینەوەی دۆخەکە ناکرێت..ئەمە لەکاتێکدا ئەم دۆخە مەگەر تەنیا بە ئەقڵێکی نوێی شۆڕشگێڕانەی دیموکراتیخوازەوە بگۆڕدرێت و وەرچەرخێت کە خاوەن مەتۆد و جیهانبینییەکی جیاواز لەوەی هەیە لە باشوور بێت و توانستی گۆڕانکاری ریشەیی و وەرچەرخانی دیموکراتیانەی هەبێت.

**«تەنانەت کۆمەڵکوژی مەزنیشان بەرامبەر بەو لایەنانە ئەنجامداوە و بێباکیش بوونە لەوەی کردوویانە!!»**

ماکینەکانی دروستکردنی وەهمە کوشندەکان (ڕۆشنبیران، ڕاگەیاندنەکان، پیاوانی ئایینی)ی سەر بە دەسەڵات نیو سەدە زیاترە خەریکن و ئەو وەهمە کوشندانەیان داهێنا و بەرگریان لێکرد و هەمیشە وەک حەقیقەتێکی سەلمێنراو و بێ ئەملاوئەولا دەرخواردی ئەقڵی سادە و ساویلکەی تاکی کوردیان داوە. هەر کەس و لایەنێکیش هەوڵیان دابێت سیحری ئەو وەهمانە پووچەڵبکەنەوە ئەوا بەهەموو شێوەیەک تاوانبار کراون و هەوڵی لەناوبردنیان دراوە. لەمڕووەوە هێزە دەسەڵاتدارەکان زنجیرەیەکی دوور و درێژی ئیغتیالاتی ئەو کەسێتییە حەقیقەتبێژانەیان دروستکردووە و تەنانەت کۆمەڵکوژی مەزنیشان بەرامبەر بەو لایەنانە ئەنجامداوە و بێباکیش بوونە لەوەی کردوویانە!!. بەڵام دوای هەموو ئەو ڕێگیرکردنە لەوەی وەهمەکان نەڕەونەوە و ئاشکرا نەبن، بەڵام ئیدی وا دەرەونەوە و سیحری وەهمەکانی ئەقڵییەتی سیاسی ئەو قوتابخانەیە مایەپووچ دەبێت، ئیدی لەخۆیان زیاتر، زۆر کەمن ئەوانەی هێشتا باوەڕیان بەو وەهمانە مابێت و وەک حەقیقەتی ببینن.

لەو باوەڕەدام نهێنی شکستی هەموو ئەو لایەن و ڕەوتانەی بانگەشەی دەرچوون لەو قوتابخانەیە و یاخیبوون لەو قوتابخانەیە و ئۆپۆزسیۆنبوونیان دەکرد لەوەدا حەشاردراوە کە لە ماهییەتدا لەگەڵ ئەو قوتابخانەیەی ئەقڵی سیاسی کورددا ناکۆک نەبوونە و تەنانەت بەهەمان ئەقڵییەت و شێواز و ئامراز و بۆ هەمان ئامانجیش ئۆپۆزسیۆنێتیان کردووە. لەبەر ئەوە؛ ئەوەی ئیفلاسی کردووە هەر تەنیا مۆدێلی حزبایەتییەکە نییە کە مەرگەسات و وێرانکاری زۆر گەورەیان بەسەر تاک و کۆمەڵگای کوردیدا هێناوە، بەڵکو ئەوەی ئیفلاسی کردووە لەبنچینەدا خودی قوتابخانە سیاسییەکەیەتی، بە پارادیم و مەتۆد و مۆدێل و شێواز و ئامراز و ئامانجەکانیشیەوە. بۆیە بە هەڵەی دەبینم کە قسەکردن لەسەر مۆدێلی کۆن و نوێی حزبایەتی لە باشووردا بکرێت دابڕاو لە خودی پارادیم و مەتۆد و مۆدێل و شێواز و ئامراز و ئامانجەکانی ئەو قوتابخانەیەی لێیەوە بەرهەمهاتووە. لەوەدا گومانم نییە کە تا حەقیقەتی ئەو وەهمە کوشندانە دەستنیشان و ئاشکرا نەکرێن، ناکرێ باس لە گۆڕین و وەرچەرخانی ئەم دۆخە گێژاوییەی باشوور بکرێ. ئەمەش بۆ خۆی بنەمای دەستپێکردنی ئەو شۆڕشە جڤاکییەیە کە ئێستا لە نان و ئاو و هەوا زیاتر پێویستە بۆ جڤاکی باشوور.

ئیدی لەگەڵ دەستپێکردنی زەمەنی ڕەوینەوەی وەهمە کوشندەکانی ئەقڵییەتی میلیگەرای سەرەتاییدا؛ زەمەنی شۆڕشگێڕیش دەستپێدەکات. زەمەنی بینین و گووتنی حەقیقەتە مەزنەکان، زەمەنی شۆڕشی دیموکراتی و ئازادی، دەبێتە زەمەنێکی واقیعی بەرجەستەبوو. بۆیە فرێدانی وەهمە کوشندەکانی دەسەڵاتی باشوور بۆ زبڵدانی مێژووی شووم واتا لەباوەشگرتنی شۆڕشی سەرلەنوێ ئافرندن و بونیادنانەوەی کەسێتی دارماوی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگا نغرۆبووەکەی نێو وەهمە تاریکەکانی دەسەڵاتی باشوور.

لەبنچینەدا ڕەواندنەوەی ئەو وەهمانە بۆخۆی هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەیە، مانیفێستی شۆڕشێکی فیکری و ویژدانیی ئەوتۆیە کە بەدیهێنانی ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری، دیموکراتی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بێنێتەدی. ئەمەش بەو واتایە دێت کە (شۆڕش) بە واتا قووڵەکەی بریتییە لە ڕەواندنەوەی وەهمەکان و سەر لەنوێ گەڕاندنەوەی: (باوەڕی، هیوا، ئیرادە، هێز و چالاکی) بۆ ئەو تاک و کۆمەڵگایەی کە دەسەڵاتەکانی ئێراق و دەسەڵاتی کوردی سەدەیەکە لە هەوڵی تێکشکاندنی ئەو کۆڵەگەکانی دان. شۆڕش واتا گەڕاندنەوە یان گەیاندنەوەی تاک و کۆمەڵگا بە سروشتی خۆی، ئاشناکردنەوەی بە ماهییەت و ڕاستینەی خۆی. مسۆگەر ئەمەش بە هەزری شۆڕشگێڕی ئەنجام دەدرێت، بە میکانیزمەکانی (پەروەردە، ڕێکخستن، چالاکی)ی تاک و کۆمەڵگاش سەردەکەوێت، بە پێشەنگایەتی ژنان و گەنجانیش بەرپا دەبێت..!!.

# ئایا پێگەی بارزانی چییە؟



**د.شێرکۆ کرمانج**

لەپەیوەند بە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم لە ٩ی ئابی ٢٠١٥دا مەسعود بارزانی پەیامێکی ئاراستەی خەڵکی کوردستان کرد. بارزانی لە وتارەکەیدا مەبەستی نەبوو بەڵام دەریخست کە ئەو دوای دە ساڵ لە سەرۆکایەتییکردنی هەرێمی کوردستان نەیتوانی، یان ناتوانێت، ببێت بە ڕابەری (leader) خەڵکی هەرێم. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو ئارگیومێنتە دەکرێت یان واچاکە کە بە مێژووی ئەو دە ساڵەی حکومڕانی بارزانیدا بچینەوە. بەڵام ئەم بابەتە تەنیا بە گەڕانەوە بۆ ئەو وتارەی بارزانی کە لە ٩ی ئاب پێشکەشیکرد، واتە دە ڕۆژ پێش کۆتاییهاتنی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی، هەوڵدەدات کە نیشانیبدات کە بارزانی بۆ ڕابەر نییەو داخۆ لەکوێی وتارەکەیدا بارزانی ئەوەی لەخۆنیشانداوە کە تواناکانی ڕابەرایەتیی تێدانییە؟

لەسەرەتا واچاکە بۆ بەرچاوڕونی هەندێک لە جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان چەمکی سەرۆک و چەمکی ڕابەر بخەینەڕوو بەمەستی ئاسانتر تێگەیشتن لە شرۆڤەو گفتوگۆکان و ئەو پرسانەی کە لەو پەیوەندەدا دەخرێنەڕوو. بەگشتی سەرۆک (president) کەسێکی هەڵبژێردراوە لەلایەن گروپێک، بۆنمونە، جڤاتێک یان گەلێک، لە پرۆسەیەکی دیموکراتیکدا. بەواتایەکی دیکە ئەو کاندیدەی لە هەڵبژاردنێک دەنگی زۆرینە دێنێت ئەوە دەبێت بە سەرۆک، وەک هەڵبژاردنی باراک ئۆباما بۆ پۆستی سەرۆکی ئەمریکا لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٨ و ٢٠١٢ دا. بەپێچەوانەی پرۆسە دیموکراتیکەکان، سەرۆک دەکرێت سەپێنراو بێت لەلایەن گروپێک یان حزبێک یان ئەوەتا خۆی سەپاندبێت بەسەر گروپێک، حزبێک یان گەلێک، وەک چۆن بەعسییەکان ‹ئەحمەد حەسەن بەکر›یان لە ١٩٦٨ دا بەسەر عێراقییەکاندا سەپاند. یان ئەوەی کە سەدام لە ١٩٧٩ دا خۆی بەسەر بەعسییەکانو گەلی عێراق دا سەپاند. لەبەرابەردا ئەوەی ڕابەر لە سەرۆک جیادەکاتەوە هەڵبژاردنو خۆسەپاندن نییە بەڵکو بوونی کۆمەڵێک خسڵەتو توانان لە کەسایەتییەکدا کە دەکرێت کەسایەتییەکە سەرۆک بێت، دەشکرێت سەرۆک یان کەسەکە هیچ پۆستێکی نە لەناو حکومەت نە لە دەرەوەی حکومەت نەبێت. بەڵام بەبێ بوونی ئەو خسڵەتو توانایانە هیچ سەرۆکێک یان کەسایەتییەک نابێت بە ڕابەر بەس لەبەرئەوەی لە هەڵبژاردنێک سەرکەوتووبووە یان خۆی وەک سەرۆک بەسەر گەلەکەیدا سەپاندوە. سەرۆک دەکرێت ڕابەر بێت بەڵام تەنها بە بەسەرۆکبوونی نابێت بە ڕابەر، بەڵکو دەبێت خسڵەتو تواناکانی ڕابەریی لەخۆینیشانبداتو پراکتیزبکات. ئەم دنیایە پڕییەتی لە سەرۆک بەڵام کەمن ئەو سەرۆکانەی دەکرێت وەک ڕابەر ناوزەدبکرێن. ئێستا هەندێک قسە لەسەر خسڵەتو تواناکانی ڕابەر دەکەین.

**«بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی دەبێت سەرۆکی هەرێم، بۆئەوەی ببێت بە ڕابەر، میکانیزمەکانی گەیشتن بە سەربەخۆیی دیاریبکات»**

توێژەرو ئەکادیمییەکان پێیانوایە بۆئەوەی سەرۆکێک یان کەسێک بکرێت پێیبگوترێت ڕابەر ئەوە دەبێت لانیکەم ئەم خسڵەتو توانایانەی تێدابێت:

یەکەم، بڕیاردەربێ (decision maker)، واتە تواناو جورئەتی بڕیاردانی هەبێت. کەسێک نەبێت کە لە ترسی ئەوەی نەیارەکانی یان تەنانەت گەلەکەشی خۆی لە بڕیارە ڕاستەکان بدزێتەوە. لێرە قسەی ئێمە لەسەر ڕاستیو هەڵەی بڕیارەکان نییە، واتە مەرج نییە کە ڕابەر بەردەوام بڕیاری ڕاستوڕەوان بدات. بگرە وەک هەر کەسێکی دیکە ڕابەر دەکرێت بڕیارەکانی هەڵەبێت. قسەی ئێمە لەسەر تواناو جورئەتی بڕیاردانە. بەکورتی، لەکاتی پێویست بڕیاری پێویست بدات. بۆنمونە لەگەڵ هاتنی داعش بۆ ناو عێراقو دارمانی سوپای عێراقو نزیکبوونەوەی عێراق لە داتەپین لەلایەکو ڕزگاربوونی تەواوی ناوچە کێشەلەسەرەکان لەلایەکی دیکە دەبوایە مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم سەربەخۆیی کوردستانی ڕابگەیاندبا، نەک چاوەڕێی هەڵوێستی ئەمو ئەو بکات.

دووەم، خاوەن ڕوئیا بێت (visionary)، واتە توانای بینین یان خەیاڵکردنی ڕەوتو داهاتو بۆ ئەو گروپەی کە سەرۆکایەتی دەکات. دەبێت بزانێت کە گروپەکە یان گەلەکە لە کوێنو دەبێت بگەینرێن بە کوێو توانای دیاریکردنی ڕێگە (pathway) و ئامرازەکانی گەیشتن بە دوارۆژە وێناکراو خەیاڵبۆکراوەکەی هەبێت. بۆنمونە ئێستا هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فێدراڵە لەناو عێراق، بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی دەبێت سەرۆکی هەرێم، بۆئەوەی ببێت بە ڕابەر، میکانیزمەکانی گەیشتن بە سەربەخۆیی دیاریبکات، نەک وەک بارزانی بێتو داوا لە پەرلەمان بکات کە ڕاپرسی ئەنجامبداتو دوای چەند ڕۆژێک لەو بڕیارەی هەر بەخۆی ئەو پەرلەمانەی کە داوایلێکردبوو ڕاپرسی بۆ ئەنجامبدات لەکاربخات. ئەمە نیشانەی نەبوونی ڕوئیایە لەلایەن بارزانی بۆ پرسی سەربەخۆیی ئەگەرنا هەرێمێک لە هەوڵی سەربەخۆیی دابێت نابێت دەزگا شەرعییەکانی خۆی فەلەج بکات بەڵکو دەبا لەڕێگەی ئەو دامەزراوانەوە هەوڵەکانی وەگەڕبخات نەک دامەزراوەیەک کە شەرعییەتی نەماوە، مەبەستم سەرۆکایەتیی هەرێمە.

**«دەبێت کەسێک بێت کە توانای شرۆڤەی پرسەکانو دروستکردنی ئارگیومێنتی پشتبەستوو بە بەڵگەی زانستییو واقعییو مێژوویی هەبێت»**

سێیەم، توانای پەیوەندیکردن (communication skills) و گەیاندنی پەیامی بەرزبێت، واتە دەبێت توانای ئەوەی هەبێت بیرۆکەو ئامانجە گەلاڵەکراوەکان لە هۆشو دەرونی خۆی بگەیەنێت بە کەسانی دەوروبەریو خەڵک ئەویش لەڕێگەی وتاری نوسراو بیستراو بینراو. دەبێت کەسێک بێت کە توانای شرۆڤەی پرسەکانو دروستکردنی ئارگیومێنتی پشتبەستوو بە بەڵگەی زانستییو واقعییو مێژوویی هەبێت. بۆنمونە کاتێک کەسێک باس لە مافی گەلی کورد دەکات لە سەربەخۆبوونی ناکرێت بەس پێداگری لەسەر ئەوەبکات کە کوردیش وەک گەلانی دیکە ئەو مافەی هەیە بەڵکو دەبێت بنەمای ئارگیومێنتەکانی لەسەر گرنگی سەربەخۆیی بۆ گەلی کوردو ناوچەکەو جیهان بەبەڵگە نیشانبداتو بگەیەنێت. دەبێت کارەساتەکانی بێدەوڵەتیی کوردی بخاتەڕوو لەگەڵ قازانجەکانی بەدەوڵەتبوون نەک هەر باس لە خەباتو تێکۆشانو خوێنڕشتنو قوربانیدان بکرێت چونکە مەرج نییە کە هەموو قوربانیدانێک ڕەوابێت یان گرنگبێت. لێرە مەبەست ئەوە نییە کە خەباتی گەلی کوردستان ڕەوا و گرنگ نییە بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە کە دەبێت بخرێنەڕوو. بەکورتی ڕابەر کەسێکە کە بتوانێت هەموو گۆشەو ڕەهەندو جومگەکانی پرسێک یان کێشەیەک دەربخاتو ڕونبکاتەوە بۆ گوێگرو بینەرەکانی. بەئینگلیزی بەجۆرە کەسە دەڵێن articulated، واتە قسەکردن بە زمانێکی ڕونو ڕەوا.

چوارەم، هێزبەخشبێت (empower people)، واتە پڕئیرادەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە ئەویش لەڕێگەی کارکردن لەسەر بەهێزکردنی شوناسی ئەندامانی کۆمەڵگەکەو چاندنی ڕۆحی باوەڕبەخۆبوونو توانای بڕیاردان. ئەوەی لە بارزانی دەبینرێت بێ ئیرادەکردنو ملکەچکردنی خەڵکە بۆ ئەو وەک کەسایەتییو بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان وەک حزبێک کە ئەو سەرۆکایەتی دەکات. هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە مێژوودا، بەوانەی کە پارتی دیموکراتی کوردستانیش سەرکردایەتیانی دەکرد، بەگشتی وەک هێزێکی باوەڕبەخۆی پڕمەعنەویو خۆڕاگر ناسرابوون. لەماوەی ١٠ ساڵ لە سەرۆکایەتی بارزانی هێزی پێشمەرگە ئەو تواناو خسڵەتە چاکانەی تارادەیەکی چاک لەدەستداوە، هۆکاری هەرە سەرەکیش لەپشت ئەم دیاردەیە، کە لە شکستەکانی هێزی پێشمەرگە لە بەرابەر تیرۆریستەکانی داعش لە مانگی ئابی ٢٠١٤ دا دەرکەوت، کارو کردەوەکانی بارزانی بوون. بارزانی بۆ ملکەچکردنو کڕینی وەلائی هێزی پێشمەرگە لەسەر بنەمای تواناو لێهاتوییو شارەزاییو گیانی فیدایی بۆ گەلو نیشتیمان پەروەردەی نەکردون بەڵکو پلەو پۆستو پایەکانی لەسەر ئەساسی دڵسۆزی بۆ کەسایەتیی ئەو و حزبەکەیو خزمایەتیو دۆستایەتی ئەنجامداوە. لەم پرۆسەیەشدا بەخشینی پارەو پولو پۆستی بەکارهێناوە نەک دروستکردنی ئیرادەوەو هێزبەخشین. گەورەکردنو قەبەکردنی تواناکانی داعش لەلایەن بارزانیو لەقەڵەمدانی داعش وەک دەوڵەتێکی پڕچەک بەشێکن لە بێئیرادەکردنی گەلی کوردستانو هێزەکانی پێشمەرگە. هەر کەسێک گوێی لە قسەکانی بارزانیو میدیا نزیکەکان لە پارتی گرتبێت سەدانجار ئەو گوتارەی بەرگوێی دەکەوت کە داعش لە هێزی پێشمەرگە پڕچەکترەو باشتر ڕاهێنراون.

## «ڕابەر دەبێت نوێخوازبێتو لە گۆڕان نەترسێت»

پێنجەم، گۆڕانخوازبێت (lead change)، واتە ڕابەر دەبێت نوێخوازبێتو لە گۆڕان نەترسێت. ڕابەر کەسێکە کە داوای گۆڕان لە خۆیو لە کۆمەڵگەکەی دەکاتو ڕووبەڕووی دیاردەو پرسە کۆنەپارێزو کۆنەپەرستەکانی ناو کۆمەڵگە دەبێتەوە تەنانەت ئەگەر ئەو دیاردەو پرسانە سەرچاوەکەی خورافاتی بە ناو دینو کەلتوری گشتییش بن. ئەوەی لە بارزانی بەرچاودەکەوێت بەدواکەوتنی خەڵکو مەلای سەر بە دەسەلات و کەسایەتییە کۆنەپارێزەکانی ناو کۆمەڵگەیە نەک ڕابەرایەتییکردنو دەربازکردنیانی خەڵک بێت لە دواکەوتویی. گرنگیدانو بەرەڵاکردنی کۆمەڵێک مەلای مشەخۆری کۆنەپارێزو سەلەفی بۆ چەقبەستوییکردنی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان نیشانەی ئەوەن کە بارزانی کەسێکی گۆڕانخواز نییە بەڵکو کۆنەپارێزە.

## «کەسێک ڕەخنە قەبوڵنەکات سەرکردە بێت دەیکات بە سەرۆکێکی دکتاتۆر»

شەشەم، ڕەخنە قەبوڵبکات، واتە دڵیفراوان بێت بەرابەر بەو سەرنجو تێبینیو ڕەخنانەی لەسەر کاروکردەوەو بیروبیرۆکەکانی دەخرێنەڕوو. کەسێک ڕەخنە قەبوڵنەکات سەرکردە بێت دەیکات بە سەرۆکێکی دکتاتۆر و خۆسەپێن نەک ڕابەر. ڕابەر ڕەخنەی توندیش قەبوڵدەکات. بارزانی ڕەخنەگرانی وەک تێکدەرو گێرەشێوێنو نەیارو، تەنانەت هەندێکجار وەک دوژمن، تەماشادەکاتو ناوزەددەکات. لە دوا چاوپێکەوتنی بارزانی لەگەڵ سایتی ئەلمۆنیتەر کە لە ١٨ای ئازاری ٢٠١٦ دا بلاوکراوەتەوە بەڕوونی دەردەکەوێت کاتێک گۆڕان وەک هێزێکی ڕوخێنەر دەناسێنێت.

حەوتەم، بەئاگابێت (well-informed)، کەسێک یان سەرۆکێک بۆئەوەی ببێت بە ڕابەر دەبێت ئاگاییەکی مێژوویو جوگرافییو کەلتوریی بۆ پرسە گرنگەکانی جڤاتەکەی خۆیو دەوروبەرییو جیهانی هەبێت. بۆ کەسێک کە ببێت بە ڕابەرێکی سیاسی بە ئیزافەی ئەم ئاگاییانە دەبێت شارەزاییو تێگەیشتنی بۆ پرسە ئابورییو داراییەکانیش هەبێت. بۆنمونە، دەبێت بزانێت کە بازاڕی نەوت چ خەبەرەو تا چ ڕادەیەک دەکرێت پشت بە نەوت وەک سەرچاوەیەکی داهاتی نیشتیمانی ببەسترێت. دەبێت ئاگای لە وردەکارییە کارگێڕییەکانی وڵات بێت. بەداخەوە بارزانی پرسی سیاسەتی دەرەوەی لێدەرچێت ئاگاداری لە زۆربەی پرسە گشتییەکانی کۆمەڵگەکەی نییە.

هەشتەم، ئەزموندداربێت، واتە ئەزموونی لە هەموو ئەو تواناو خسڵەتانەی کە لە سەرەوە باسکران هەبێت. بارزانی بەحوکمی تێکەڵنەبوونی لەگەڵ دامەزراوە کارگێڕییو داراییەکانی حکومەتی هەرێمی ئەزمونی لە دەوڵەتداری زۆر لاوازە. لەخوارەوە زیاتر قسە لەسەر ئەم خاڵە کراوە.

لەپەیوەند بەو خاڵانەی کە تا ئێستا قسەیان لەسەرکرا مانای ئەوە نییە کە بارزانی هیچ کام لەو تواناو خسڵەتانەی تێدانییە چونکە ئەگەر وا بڵێین ئەوە دەبێتە سادەگۆیی بەلام مەبەست لێرە ئەوەیە کە ئەو تواناو خسڵەتانە بەڕادەیەک گەشەیان نەکردوە کە ئەو لە سەرۆکێک بکەن بە ڕابەرێک. مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتییە هەروەها بەفەرمیش سەرۆکی هەرێم بوو تا ١٩ای ئابی ٢٠١٥

بەلام ئێستا ئەگەر وەک سەرۆکیش ناویببرێت ئەوە سەرۆکێکی ناشەرعییە. وەک ڕونکرایەوە، هەڵبژاردن یان سەپاندنی کەسێک وەک سەرۆک ئۆتۆماتیکیەن نایکات بە ڕابەر. لەسەرەوە هەوڵماندا بە کورتی تیشک بخەینە سەر تواناو خسڵەتە ڕابەرییەکانو بەستنەوەی بە تواناو خسڵەتو شارەزاییەکانی مەسعود بارزانی. بۆ زیاتر شرۆڤەکردنو قوڵبوونەوە لە تواناکانی بارزانی وتارێکی بارزانی کە لە ٩ ی ئابی ٢٠١٥ دا پێشکەشیکرد وەک نمونە وەردەگرینو لەمیانی چاوخشاندن بە دەقو پەیامەکانی زیاتر تواناکانی بارزانی دەخەینە ژێر زەرەبینەوە. تەنیا ئەو خسڵەتو توانایانەش دەکەین بە پێوەر کە لە دەقو پەیامەکانی وتارەکەدا هاتون. پەیامەکەی بارزانی لەم لینکە دەستدەکەوێت http://www.presidency.krd/ kurdish/articledisplay.aspx?id=vCj٠TWSWHdA=.

واچاکە هاوڕای ئەم بابەتە وتارەکەش بخوێنرێتەوە تاوەکو کارئاسانی بۆ خوێنەر بکات لە تێگەیشتن لە ڕەخنەو هەڵسەنگاندنەکانی نێو ئەم بابەتە.

## «بارزانی لە پەیامەکەیدا دەیەوێت بڵێت کە من لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوەختم»

**تواناکانی پەیوەندیکردن و بڕیاردان**

یەکەم خسڵەت یان توانا لە هەر ڕابەرێکدا هەبێت توانای پەیوەندیکردنە. بارزانی لە پەیامەکەیدا لە زۆر شوێن کورتیهێناوە کە وەک ڕابەرێکی سیاسیی پەیامەکانی خۆی بگەیەنێت، وەک لەم خاڵانە دەردەکەوێت. یەکەم، بارزانی لە پەیامەکەیدا دەیەوێت بڵێت کە من لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوەختمو دەمەوێت پرسی شێوازی حوکمڕانی لە هەرێمدا بخرێتە ڕاپرسییەوە. ئەو پێچوپەناکردنەی بارزانی نیشاندەدات کە ئەو توانای بڕیاردانی زۆر لاوازە. ئەو دەبوایە لەسەرەتا ڕاست ئەوە بە خەڵک بڵێت نەک دوای ئەو هەموو حیکایەتگێڕانەوەیە. ڕابەر دەبێت پەیامەکانی کورتو ڕاستەوخۆ بن. ئەو شێوازە تەقلیدییەی بارزانی بەکاریهێناوە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی شێوازی دیوەخانە. دووەم، بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم هەر لەسەرەتاوە دەبوایە خۆی ڕابەرایەتی پرۆسەی نوسینەوەی دەستورو هەموارکردنی یاسای سەرۆکایەتی بکات نەک حەواڵە بە گەواڵەی بکاتو تەسلیمی ئەمو ئەوی بکات. ئەو وەک ڕابەرێک مامەڵەی نەکردوە چونکە تواناکانی بڕیاردانو ڕابەرایەتیکردنی لاوازن. سێیەم، ڕابەری هاوچەرخ، نەک تەقلیدی، لە پەیوەندیکردندا دەبێت ستایلو ئامرازی سەردەمیانە بەکاربێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکانی نەک وەک بارزانی لەپەناوە قسەبکات. بارزانی لە چەند شوێنێکدا کۆتی (ئیقتیباسی) کەسێکی دیکەی کردوە، کەچی نە ناو نە سەرچاوەی قسەکانی باس نەکردوە. ڕابەر لە پەیوەندیکردندا وەک گوتم دەبێت ڕەوانو ڕاستەوخۆو بێت، خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێت نەک حەزورە بۆ خەڵک بڵێت. ئەو شێوازەی بارزانی بەکاریهێناوە لە قسەکردندا زۆر تەقلیدییەو مەبەست لێی تاوانبارکردنی کەسانێکی دیارە بەنادیاری.

## «بارزانی داخ بۆ ئەوە هەڵدەکێشێت کە بارودۆخی کوردستان گەیشتۆتە ئەمڕۆژە»

**قەبوڵکردنی ڕەخنە**

ڕابەر دەبێت توانای قەبوڵکردنی ڕەخنەی هەبێت. بارزانی ڕەخنەو دیدی کەسانی دیکە نەک قەبوڵناکات بەڵکو وەک لە پەیامەکەی دەردەکەوێت ڕەخنەکانو دیدە جیاکان وەک «سووربوون لەسەر کودەتا» ناوزەددەکات. بارزانی داخ بۆ ئەوە هەڵدەکێشێت کە بارودۆخی کوردستان گەیشتۆتە ئەمڕۆژە، بەڵام ئەم ڕەخنەیە قەبوڵناکات کە ئەو بەشێکە لەو قەیرانەو هۆکاری سەرەکییە لەپشت تەنگژەکان. هاوکات هەوڵدەدات کە خەڵک بەهەڵەدابباتو، ئەویش بە تاوانبارکردنی کەسانی دیکە.

**ئەزمون**

هیچ کەسێک ناتوانێتو نابێت بە ڕابەر ئەگەر ئەزمون لەکارەکانی وەرنەگرێت یان ئەزمونەکانی نەخاتە خزمەت کارو کردوەو بەرنامەکانی. پێوەری ئەزمون لێرە ساڵ نییە چونکە ئەگەر بە ساڵ بێت ئەوە بارزانی نزیک بە ٦٠ ساڵە سیاسەت ئەزمونندەکات. بارزانی لە پەیامەکەیدا چەندجارێک باس لەوە دەکات کە ئەو ڕاستگۆیە، یان ڕاستگۆبووە لەگەڵ خەڵک. ڕابەر بەبنەما لەسەر نمونەو بەڵگە ڕاستگۆیی خۆی دەسەلمێنێت نەک ئیدیعای ڕاستگۆیی بکات. بارزانی هەر خۆی لەپەیامەکەی دەیسەلمێنێت کە ڕاستگۆنییە لەگەڵ خەڵک کاتێک دەڵێت «هەموو ڕاستییەکان ناگوترێن». ئەم قسەیەی بارزانی چەند مانایەک هەڵدەگرێت:

یەکەم، ڕاستگۆیی نەبوون. دووەم، شاردنەوەی ڕاستییەکان. خۆ ئەگەر هۆکاری شاردنەوەی ڕاستییەکان ئەوە بێت کە نەکا دەرخستنی «ڕاستییەکان» ببێتە مایەی تێکدانی یەکریزیی گەل، ئەوە ئەوکات دەبێت پرسیاری ئەوە لە بارزانی بکرێت داخۆ بە کودەتاچی دانانی چوار حزبی گەورەی کوردستان یەکڕیزی گەل تێکدەدات یان ئەو «ڕاستیانەی» ئەو دەیەوێت بیانشارێتەوە. ڕابەر دەبێت لەژیانی سیاسیدا ئەزمون وەرگرێتو کەڵک لە ئەزمونەکانی وەربگرێت بۆ گەیاندنی پەیامەکانی. بارزانی پەیامەکەی بە تەخوینکردنی ئەوانی دیکە دەستپێکردوە.

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بارزانی نەک هەر ئەزمونی لە مێژووی ٦٠ ساڵەی خۆی وەرنەگرتوە بەڵکو لە گەیاندنی پەیامی سازانیش شکستیهێناوە.

**ڕاستگۆیی**

ڕاستگۆیی خسڵەتێکی دیکەی ڕابەرەکانە. بارزانی لە

پەیامەکەیدا نەک ڕاستگۆ نییە بەڵکو لە زۆر شوێن خەڵک بەهەڵەدادەبات. ئەو دەڵێت شانازی «بەوەوە دەکەم کە خەباتم لەپێناو دیموکراسیدا کردووە». بارزانی دیموکراسییبوونی خۆی لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ دا دەبینێتەوەو شانازی پێوەدەکات. ڕاستە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ هەنگاوی یەکەم بوون بۆ بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان، بەڵام کەس لە کوردستان نییە نەزانێت ئەوەی لە یەکەم هەڵبژاردنی کوردستان ڕوویدا ئەوەندەی بوو بە سەرەتایەک بۆ بەدامەزراوەییکردنی تەزویر ئەوەندە نەبوو بە کۆڵەگەیەک بۆ چەسپاندنی دیموکراسی. ئەو تەزویرو دەنگو زیمە کڕینەی ئێستاش لە هەڵبژاردنەکان دەکرێن هەموو ڕەگیان لەو ڕۆژەدایە. ئەمانە نیشانەی بێ بەرنامەییو کورتدیدەیی بارزانین نەک ئەوەی کە لە هەموو ڕابەرێکدا دەبێت هەبێت کە دووربینییو بەبەرنامەییە. ئەگەر بارزانی بڵێت ئەو کارانە بێئاگاداری ئەو کراون ئەوە ئەوکات خسڵەتێکی دیکە لەدەستدەدات کە بەئاگاییبوونی ڕابەرە لەوەی لە کۆمەڵگەکەی دەگوزەرێت، کە لە بڕگەی داهاتو هەڵوەستەی لەسەر دەکەین.

## «لەوەدەچێت نەک هەر بێئاگابێت لە پرسو گرفتی تەزویر بەڵکو بێئاگایە لە پرسە سیاسییەکان»

**بەئاگایی**

ڕابەر کەسێکە کە لانیکەم بەئاگایە لە پرسو کێشە گەورەکانی کۆمەڵگەکەی. بارزانی لەوەدەچێت نەک هەر بێئاگابێت لە پرسو گرفتی تەزویر بەڵکو بێئاگایە لە پرسە سیاسییەکانو پرۆسە سیاسییەکانیش ئەگەرنا چۆن دەکرێت کارێکی یاسایی-پەرلەمانیی بە کودەتا لەقەڵەمبدات. لە هەموو جیهاندا کودەتا هەمیشە بەسەر پەرلەماندا دەکرێت نەک لەناو لە پەرلەمان بکرێت. ئەگەر گریمانی ئەوەش بکرێت کە چوار حزبەکە (یەکێتییو گۆڕانو یەکگرتوو کۆمەڵ) سازان نەکەن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە مانای کودەتاکردن نییە بەڵکو ئەوە مانای نەسازانە. بارزانی یان بۆ بەهەڵدابردنی خەڵک ئەو قسەیە دەکات یان ئەوەیە کە لە گەیاندنی پەیامەکەی کورتیهێناوە یان بێئاگایە لەوەی دەگوزەرێ. لە هەموو ئەم حاڵەتانەشدا، ئەوە کەمتوانایی یان بێتوانایی بارزانی وەک ڕابەر نیشاندەدەن. واپێدەچێت بارزانی ئاگادارنەبێت کە هەرێم هێشتا دەستوری نییە ئەگەرنا ناڵێت «هەندێ لایەن دەیانەوێت شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانو دەسەڵاتەکانی بگۆڕن». لە غیابی دەستوردا ناکرێت قسەلەوەبکرێت کە هەندێک دەیانەوێت شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمو دەسەڵاتەکانی بگۆڕن چونکە لە کوردستان دەستورێک نییە کە ئەو پرسانەی چەسپاندبێت. ئەوەی هەیە بەڕیاربووە یان پێکهاتن. ئەوەی ئێستا لەگۆڕێدایە پرۆژە یاسایەکە بۆ گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستان بە مەبەستی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکو جێگیرکردنی سیستەمی پەرلەمانی، کە سەرەتایەکە بۆ چەسپاندنی ئەو پرسانە.

## «ئێستا کە ئەو دەیەوێت وەک سەرۆک بمێنێتەوە نیشانەی پێشێلکردنی یاساو خۆشەپاندنە»

بارزانی کاتێک دەڵێت کە من «شانازی دەکەم کە گوتوومە نابێ کەس لە کوردستاندا لە یاسا بەرزتربێت و، بەدرێژایی کاری فەرمیی خۆم پابەندی بووم»، جارێکی دیکە بێئاگایی خۆی نەک هەر لەوەی لە کوردستان دەگوزەرێت نیشاندەدات بەڵکو لەوەی کە خۆی تێیدابەشداربووە. بارزانی هەر لە وتارەکەدا ئەو یاسایە پێشێلدەکات کە لە ٣١ ی حوزەیرانی ٢٠١٣ دا ماوەی سەرۆکایەتییەکەی ئەوی درێژکردۆتەوە. بەگوێرەی ئەو یاسایە ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی لە ٢٠ ی ئابی ٢٠١٥ دا کۆتاییدێت. ئێستا کە ئەو دەیەوێت وەک سەرۆک بمێنێتەوە نیشانەی پێشێلکردنی یاساو خۆشەپاندنو خۆبەگەورەتر دانان نەبێت لەسەر یاسا نیشانەی چییە. لەشوێنێکی دیکەی وتارەکەدا مەسعود بارزانی دەڵێت لەکاتی «کێشە و تووندوتیژییە ناوخۆییەکانیشدا هەمیشە هەوڵمداوە کوردستان لە شەڕ دووربخەمەوە» ئەمە هێندەی دیکە بێئاگایی خۆی لەوەی لە هەرێم دەگوزەرێت نیشاندەدات. بارزانی لەکاتێکدا ئەم قسانەدەکات کە بەبڕیاری ئەو و لەژێر چاودێری ئەودا بوو کە لە ٣١ ئابدا دەبابەکانی عێراق هاتن بۆ شەڕی خەڵکی کوردستان. خۆئەگەر بڵێین ئەوان هاتن پشتیوانی لەلایەنێکی شەڕی ناوخۆیی بکەن خۆ ئەم کارە لانیکەم هەوڵێک نەبوو بۆ دوورخستنەوەی شەڕو کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان بەڵکو نەوتکردن بوو بە ئاگر، کە پێچەوانەی ئەو بانگەشەیەیە کە بارزانی دەیکات.

بارزانی دەڵێت خەڵکی کوردستان «شایەتی ئەوەم بۆ دەدات کە بەدرێژایی ماوەی سەرۆکایەتی

هەرێمی کوردستان، هەوڵمداوە ئارامییەکی سیاسی ناوخۆیی لە کوردستاندا هەبێت. حیزبەکان نەکەونە وێزەی یەکتر» بارزانی دیسان بێئاگایی خۆی لەوە نیشاندەدات کە لەبەرچاوی ئەو پارتییەکان بارەگاکانی گۆڕانو یەککرتویان لە هەولێرو دهۆکو شارو شارۆچکەکانی دیکە سوتاند. خۆ ئەگەر بگوترێت ئەوە بەبێئاگایی ئەو کراوە، ئێ خۆ ناردنی هێز لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی بۆ هەڵکوتانە سەر بارەگاکانی گۆڕان دەبێت بەفەرمانی ئەو بووبێت. خۆ ئەگەر ئەو گریمانەیش قەبوڵبکەین کە دەڵێ هێزەکان نێردران بۆ پاراستنی لقی چواری پارتی لە سلێمانی. لەوەڵامدا دەکرێت بگوترێت، ئێ خۆ لە سلێمانی هێز هەبوو. مەگەر بارزانی فەرماندەی هەموو هێزە چەکدارەکانی هەرێم نییە. بەوانەی سلێمانیشەوە. خۆ ئەگەر بگوترێت بارزانی دەسەڵاتی بەسەریاندا نییە ئەوە بەتەواوی تواناکانی بارزانی لە ڕابەرایەتیکردنو بریاردان دەخاتەژێر پرسیارەوە. چۆن دەبێت کەسێک ١٠ ساڵ سەرۆک بێتو بەڵێن بە خەڵک بدات کە هێزەکانی پێشمەرگە یەکدەخاتەوە کەچی دوای ١٠ ساڵ یەک هەنگاو لەو ڕووەوە نەنرابێت.

## «ئەوە هێزی پێشمەرگە نەبوو کە شکستی هێنا»

بارزانی دەڵێت «سەرباری ئەو قەیرانە داسەپاوانەیش توانیمان ڕووبەڕووی داعش ببینەوە.» ئەم قسانە بێئگاییەکی دیکەی بارزانی دەسەلمێنێت. سەرۆکی هەرێم ئەگەر پێیوایە کە بەرگری کراوە، ئەی شەنگال، ڕەبیعە، کەسک، ئەڵقوش، ناوچەکانی دەشتی موسڵ، گوێرو مەخمور بۆ هەر هەمووی بێبەرگری کەوتنە دەست داعش. لێرە دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەوە هێزی پێشمەرگە نەبوو کە شکستی هێناو بەرگەی نەگرتو هەڵهات بەڵکو، وەک لەسەرەوە ئاماژەیەکی پێکرا، ئەوە بارزانی بوو وەک فەرماندەی هێزی پێشمەرگە شکستی هێنا لە دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو، شکستی هێنا لە پەروەردەکردنی پێشمەرگە لەسەر گیانی بەرگریو بەرزکردنەوەی ورەیانو ڕاهێنانیان. فەرماندە هەڵاتوە پۆستپەرستو پولپەرستەکان لەسەر دەستی بارزانیو بەفەرمانی ئەو ئەو پۆستانەیان پێدرابوو. ئەو بەرگرییەی کە لە کوردستان دەکرێت شانازی بارزانی نییە،

چونکە ئەوە، یەکەم، هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی بارزانی بوون کە بەرگریان لەخۆنیشاندا. دووەم، ئەو بەرگرییەی کە هێزەکانی ژێردەسەڵاتی بارزانی دەیکەن شانازییەکەی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییەی کە لێیان دەکرێت، ئەگەرنا ئێستاش ئەگەری هەڵاتنیان هەیە چونکە بارزانی وەک فەرماندەیەک هیچ ڕێوشوێنێکی تا ئێستا نەگرتۆتەبەر بۆ لێپێچینەوەو سزادانی کەمتەرخەمو هەڵاتووەکان. بارزانی وەک فەرماندەی گشتی بەرپرسی یەکەمە لە شکستەکان، نەک پێشمەرگەکان.

هەموو ئەمانە بۆمان دەردەخەن کە بارزانی ڕاستە سەرۆکی هەرێم بوو تا ١٩ی ئابی ٢٠١٥ بەلام ڕابەرێک نەبووەو نییە کە توانای ڕابەرایەتیکردنی گەلەکەی هەبێت لە قەیرانەکاندا، توانای گردکردنەوەی گروپە جیاجیاکانی کۆمەڵگەکەی نییە؛ ئاگادارنییە لەوەی کە دەگوزەرێ لەنێو کۆمەڵگەکەی. ڕابەرایەتیکردن بە



لۆمەکردنی ئەمو ئەو نابێت بەڵکو بەکۆکردنەوەی دەنگە جیاجیاکان دەبێت لەژێر باڵی خۆیدا. بۆیە دەکرێت بڵێین مەسعود بارزانی لەم لەحزەیەدا نە سەرۆکە نە ڕابەر.

# کورسی بۆ فرۆشتن، نا عەدالەتی لە هەڵبژاردن لە کوردستان



عەلی مەحمود محەمەد

لـە سـەدەی هەژدەهـەم ئـادەم سـمیس وتویەتـی ( ئەوانـەی کـە خـاوەن کۆمەڵـگان و سیاسـەتەکانی دروسـتکەن، بـازرگان و پیشەسـازکارانن)، بیرمەنـدی سیاسـی ئەمەریکـی رۆبـەرت دالیـش گومانـی هەیـە لـە چوارچێـوەی ئابـووری بـازاڕی ئـازاددا یەکسـانی ئابـووری لـە نێـوان تاکـەکان بـەدی بێـت، کە زۆرێـک پێیان وایـە تاکـە ڕێگایـە بـۆ گەیشـتن بـە دیموکراسـیەت، بۆیـە ناوبـراو پێـی وایـە سـەرمایەداری چۆن ناتوانێـت یەکسـانی ئابـووری دابیـن بـکات، بەهەمـان شـێوە ناتوانێـت یەکسـانی سیاسـی لـە نێـوان تاکەکانـی کۆمەڵـگا دابیـن بـکات.

هەمیشـە سـەرمایەداری و پارێزەرانـی ئـەو سسـتەمە ئابـوری سیاسـییە لایەنگیـری لـەو چینـە دەکـەن کـە نوێنەرایەتـی دەکـەن ئەویـش چینـی سـەرمایەدارە، لەبـەر ئـەوەی هاوولاتیـان یەکسـان نیـن لـە رووی ئابوورییـەوە لـە کۆمەڵـگای چینایەتـی سـەرمایەداریدا، بۆیـە لـە رووی سیاسیشـەوە تاکەکانـی کۆمەڵـگا یەکسـان نابـن، ئـەم نـا یەکسـانیەش لـە هەڵبژاردنەکانـدا بـە زەقـی چڕ دەبێتـەوە لـە بەرژەوەنـدی کەمایەتییـەک کـە ئێسـتا بـە ١٪ی کۆمەڵـگا لـە چەمکـە سیاسـییەکان ئاماژەیـان پێدەدرێـت، چینـە بـاڵاکان بـۆ ئـەوەی رەوایەتـی بـە دەسـەڵاتی خۆیـان بـدەن کـە نوێنـەری زۆربـەن، لـە ڕێـگای هەڵبژاردنـەوە دەسـەڵاتی خۆیـان دەسـەپێنن بەنـاوی دیموکراسـیەت و حوکمـی گەلـەوە، لـە ڕێـگای سـندوقەکانی دەنگدانـەوە ٩٩٪ی کۆمەڵـگا دەکەنـە خزمەتـکاری ١٪ی کۆمەڵـگا. لـە سـاڵی ٢٠١٢ ی وڵاتـە یەکگرتوەکانـی ئەمەریـکا بـۆ هەڵبژاردنـی سـەرۆک کۆمـاری، ئەنجومەنـی پیـران و سـەنات کـۆی گشـتی ٦ ملیـار دۆلار خەرجیـان هەبـووە، ئـەم پارەیـەش لای کرێکارێـک دەسـت ناکەوێـت کـە کاتژمێرێـک بـە ٧.٥٠ دۆلار کار دەکات، بـۆ گـەڕان بـە دوای ئـەو ژمارەیـە دەبێـت بـە دوای گەڕانیـان لـە لیسـتی فۆربێسـدا بگەڕێیـن، بـۆ ئـەوەی ئـەوان لەسـەر کاندیدەکانـی خۆیـان ڕێککـەون تـا بـۆ ٤ سـاڵ بەرژەوەندییەکانیـان بپارێزێـت. بۆیـە زۆرجـار دەبینیـن هەڵبژاردنـەکان بـە تایبەتـی لـە وڵاتانـی دواکەوتـوو ململانێـی هەڵبـژاردن دەبێتـە ململانێـی نێـوان جەمسـەرە ئابورییـەکان و جەمسـەرە جیهانییـەکان.

بـۆ ئـەوەی هەڵبژاردنـەکان زیاتـر دیموکراتـی لـە بەرژەوەنـدی زۆربـە بێـت، پێویسـتە دەسـتی وڵاتـان و کۆمپانیـاکان و دەوڵەمەنـدان لـە ڕێـگای یاسـاو بڕیـارەوە کـورت بکرێتـەوە، ناڵێیـن کۆتایـی پـێ بێـت، چونکـە لـە چوارچێـوەی سسـتەمی سیاسـی ئابـووری سـەرمایەداری ئەمـە محاڵـە.

لـە زۆر وڵات بـڕی پـارەی دیاریکـراو بـۆ پرۆسـەی هەڵبـژاردن و سەرچاوەکانیشـی بـە یاسـا ڕێکخـراوەو لەلایـەن دەزگا دیاریکـراوەوە کۆنتـرۆڵ دەکرێـت، لێرەدا چەنـد نموونەیـەک دەهێنمـەوە: لـە بەنگەلادیـش حکومـەت بەخششـی حیزبـەکان نـاکات، بـەڵام حیزبـی سیاسـی مافـی ئـەوەی هەیـە کۆمپانیـای هەبێـت و کاندیـد بـۆی هەیـە لانـی زۆر ٥٠٠ هـەزار تـاک خـەرج بـکات، کـە هـەر ٧٧.٥تـاک دۆلارێکـە، لـە باشـوری ئەفریقیـا قەدەغەیـە حیزبێـک لـە تـی ڤـی کات بکرێـت بـۆ ریکلامکـردن، تەنهـا بـەو بەشـەی بـۆی دیاریکـراوە لـە تەلەفزیۆنـی فەرمـی وڵات کـە هەلـی یەکسـان دەدات بـە هەمـوان، پێویسـتە رازی بێـت.

## «بەڵام ئەم پارەیەش لای هەژارێکی میسری دەست ناکەوێت»

لـە مـاوەی رابـردوودا، حکومەتـی میسـری لانـی زۆری خەرجیەکانـی بانگەشـەی هەڵبژاردنـی کاندیدانـی سـەرۆک کۆمـاری لـە خولـی یەکەمـی هەڵبژاردنـدا لـە ١٠ ملیـۆن جونەیـەوە زیـاد کـرد بـۆ ٢٠ ملیـۆن جونەیـە، لـە خولـی دووەمـی هەڵبژاردنەکانیـش لـە ٢ ملیـۆن جونەیـەوە زیادکـرا بـۆ ٥ ملیـۆن جونەیـە کـە هـەر ٦.٩٩ جونەیـە دۆلارێکـە، ئـەم بڕیـارەش لـە بەرژەوەنـدی دەوڵەمەنـدان دەرکـرا، وەلـێ سـنوورەکەی دیاریکـراوە، لـە جەزائیـرش ٦٠٠ هـەزار دۆلار لانـی زۆری خەرجـی کاندیـدی سـەرەک کۆمـارە، بـە خولـی دووەمـەوە ٨٠٠ هـەزار دۆلار،کـە جەزائیر ١٣ جار دانیشـتوانی زیاتـرە لـە کوردسـتان و خاکەکەشـی زیاتـرە ٥٠ جـار زیاتـرە لـە روپێـوی کوردسـتان بـۆ ئەمسـەرو ئەوسـەری کاندیـد بـۆ کۆکردنـەوەی دەنـگ و هەڵمەتـی هەڵبـژاردن.
ئـەم بـڕە پارەیـە بـۆ وڵاتێکـی ٩٠ ملیۆنـی وەک میسـر لـە چـاو خەرجیەکانـی هەڵبژاردنەکانـی کوردسـتان زۆر کەمـە، بـەڵام ئـەم پارەیـەش لای هەژارێکـی

میسری دەست ناکەوێت، قازانجی ئەو لە ٤ ساڵدا تەنها ئەوەندەیە دەنگەکەی دەفرۆشێت و نانێکی گەرمی ئەو رۆژە پێ دەخوات وەک باوە. لە کۆماری ئیکوادۆریش بۆ هەڵبژاردنی ٥٦٥١ سەرۆکی شارەوانی و ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی و پارێزگار و ...بۆ بەدەستهێنانی ئەو پۆستانە کە ٢٧٨٩٥ کەس ململانێیان لە ٢٣ی شوباتی ئەمساڵ لەسەری کرد و ١١،٦ ملیۆن هاووڵاتی دەنگیان بۆی دا، تەنها ١٩ ملیۆن دۆلار لە لایەن حکومەتەوە بۆ هەڵبژاردنەکان تەرخانکرا، لەو بڕە پارەیە زیاتر نابێت پارەی دیکە هەرچییەک بێت سەرچاوەکەی، بچێتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە. لە وڵاتی بۆتسوانای ئەفریقیا کاندید بۆی هەیە تا سنوری ٧٠٠٠ دۆلار خەرج بکات، لە وڵاتی بەنینیش هەر لە کیشوەری هەژاران کاندیدی پەرلەمان بۆی هەیە تا ٣ ملیۆن فرەنکی ئەفریقی و کاندیدی سەرۆک کۆماری تا ١٥٠ ملیۆن فرەنکی ئەفریقی دوا سنوری خەرجکردنییەتی لە هەڵمەتی هەڵبژاردن، کە هەر یەک فرەنک ٢،٤٥٠ دیناری عێراقییە.

لە هەرێمی کوردستان، هیچ سنورێک بۆ بەخششی سەرمایەداران و خەرجی هەڵبژاردن و هاتنی پارە لە وڵاتانی بیانی بە تایبەتی وڵاتە هەرێمیەکان دیاری نەکراوە، ئەمانە هیچیان بە یاسا رێک نەخراون (پشتیوانی حکومەت بۆ کاندید کراوان، مافی حیزب لە بوونی کۆمپانیای تایبەت و تۆمارکردنی بەناویانەوە، هاتنی پارە لە وڵاتانی دەرەوە، بەخششی سەرمایەداران و دیاریکردنی بڕەکەی و بڵاوکردنەوەی، کۆنترۆڵکردنی حیسابات لە کۆتایی هەڵمەتەکان .....) هاوکات لە پاڵ هەموو ئەمانە پێشەکیەکی زۆریش بۆ خۆ کاندید کردن دیاریکراوە کە لە توانای هەژاراندا نییە دابینیان بکات، بەم هۆیانەوە سەرمایەداران و سیاسییە گەندەڵەکان بە ئارەزووی خۆیان بە پارە رەشەکانیان دەست دەخەنە ناو کاروباری دەنگدانەوەو لە بەرژەوەندی خۆیان دەیشکێننەوە، وڵاتانی دەورو بەریش بەخششەکانیان رۆڵ لە هەڵبژاردنەکان دەبینێت بە قازانجی کاندیدە لایەنگرەکانیان، هەموو ئەمانە وا دەکات دادپەروەری لە هەڵبژاردن لە کوردستاندا نەبێت و هەموو دەنگدانێک بە قازانج دەوڵەمەندان و سەرمایەداران و نۆکەرانی وڵاتانی ئیقلیمی ..... کۆتایی پێ بێت، زیان و مەترسی ئەمانە زۆر زیاترە لە زیان و مەترسی ئەو فرت و فێڵانەی دەکرێت، لەبەر ئەوەی پارتە گەورەکان هەموو پێشێلکارییان هەیە و هیچی سیڤییەکەی پاک نییەو پارەی رەش لە هەڵمەتەکانیان بەکار دەهێنن، بۆیە لە ئاست ئەم مەترسییە بێدەنگن.


بۆ رێگرتن لەمەو هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانەتر لە هەرێمی کوردستان، پێویستە چەند هەنگاوێکی خێرا بنرێت کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەیە: نەختینەی پێشەکی بۆ خۆکاندیدکردن نەمێنێت. لانی زۆری خەرجکردن بۆ کاندیدانی سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگا بۆ کاندیدانی تاک و لیستەکان دیاریبکرێت، کە لە ئێستادا ٢٥٠ دینار بۆ هەر دەنگدەرێک بۆ هەر فراکسیۆنێک دیاریکراوە. بەخششەکان لەلایەن سەرمایەداران و سیاسیەکانەوە قەدەغە بکرێن، یاخود سنوریان بۆ دیاریبکرێت و بڵاو بکرێنەوە، بە مەرجێک لە ١ ملیۆن زیاتر نەبێت. بەخششی وڵاتانی دەرەوە بە یاسا قەدەغە بکرێت و پێشێلکاران مافی کاری سیاسیان لێ بسەنرێتەوە.

## «کۆنترۆڵی خەرجییەکان لە لایەن دەزگای تایبەتمەندەوە بکرێت»

یاسای تایبەت بە مافی خاوەندارییەتی کۆمپانیا بۆ پارتە سیاسییەکان دەرچێت، داهاتی ئەو کۆمپانیانە بچێتە ناو حیساباتی دارایی حیزبەکانەوە، ئەو پارتانەی داهاتیان زۆرە مافی وەرگرتنی بودجەیان نەمێنێت. کۆنترۆڵی خەرجییەکان لە لایەن دەزگای تایبەتمەندەوە بکرێت و سزای قورس بۆ پێشێلکارانی دیاری بکرێت بە بێبەشکردنی لە خولەکانی داهاتووی هەڵبژاردن.

حکومەت لە رێگای دیاریکردنی بەخششی بڕە پارەیەکی دیاریکراوەوە هەلی یەکسان لە رووی ئابورییەوە بۆ سەرجەم لیست و تاکەکانی بەشداربوو لە هەڵبژاردنەکان بڕەخسێنێت. سەرجەم تاک و قەوارەکان پێویستە بڕی پارەی دیاریکراوی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان پێش دەستپێکی هەڵمەتی هەڵبژاردن بڵاو بکەنەوەو لە سەر ژمارەیەکی دیاریکراو لە بانک دابندرێت، لەو بڕەیە زیاتر نەبێت کە دیاریدەکرێت و بە یاسا رێکخراوە. هەر خەرج کردنێک بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن لەلایەن تاکی ناو لیستەکانەوە یاساغ بکرێت، هەموو خەرجیەک پێویستە لە رێگای یەک سەرچاوەوە بێت ئەویش لە ژێر کۆنترۆڵی کۆمسیۆنی هەڵبژاردندا بێت و ژمارەی بانکییەوە بێت.
ئەو بڕە پارەیەی دیاریکراوە بۆ سەرتاسەری کوردستان بۆ هەر لیستێک لە سەرتاسەری کوردستان ٥٤٠ ملیۆن دینارە، خەرجییەکانی کەناڵەکانی راگەیاندن و کرێی چاودێری سندوقەکانی هەڵبژاردنیش بگرێتەوە.

# هێز و حەقیقەت
# لێکۆڵینەوە لە دەسەڵات و هزری نۆمادیک وەک بەشێک لە فەلسەفەی ڕزگاری



مایکڵ پانسەر
لەئینگلیزییەوە/ حەیدەر غەفور

لە بەدواداچوون و خوێندنەوەمدا بۆ خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو سیستەمی فەلسەفی میشێل فۆکۆ و عەبدوڵڵا ئۆجالان، بەشێوەیەکی سەرەکی بایەخ بە سێ بیرۆکە یان سێ تێرم و زاراوەی جەوهەری دەدەم و تیشک دەخەمە سەریان. ئەو تێرم و بیرۆکانەی یارمەتی فراوان کردنی تێگەشتنی ئێمە دەدەن لە بارودۆخە کۆمەڵایەتیە هەنوکەییەکان و بزووتنەوە فیکریەکان، هەروەها لە ئەگەر و گونجانی کردەکانمان. من باوەڕم وایە هەندێک میکانیزمی بیرکردنەوە لە نێو کارەکانی فۆکۆدا بۆ تێگەیشتن لە بیرکردنەوەو پارادایمی نوێی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی، خاڵی ژیاری و یەکلاکەرەوەن.

- ئەو سێ تێرمەش ئەمانەن:

١- سیستەمی بیرکردنەوە: ئەوەی ئۆجالان ناوی ناوە بیرکردنەوەی ڕێکخراو یان ڕژێمی حەقیقەت.

٢-لێکۆڵینەوە لە هێز و دەسەڵات: تێگەیشتنێک لە سیستەم و کۆمەڵگەکان.

٣-پرەنسیپەکانی ڕێبەرایەتی یان ڕاستینەی سەرۆکایەتی بەو جۆرەی بزووتنەوەی کوردی کاری پێ دەکەن: فۆکۆ ئەم پرەنسیپانە ناو دەنێت عەقڵی حکومڕانی، کە لەڕێیەوە دەتوانین تێگەیشتنێکی سەرەتایی لەمەڕ پایە بنەڕەتیەکانی بزووتنەوەی کوردی بونیاد بنێین کە خۆیان لە کایەی پەروەردە و ڕێکخستن و پیادەکردنی دیموکراتی خۆسەریدا دەبیننەوە.

هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەک لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیاریکراودایە کە سیستەمی بیرکردنەوەیە. لێرەدا هەر بیرکردنەویەکی عەقلانی شێوازی ئیدراک و تێگەیشتنی ئێمە بۆ دنیا و چۆنیەتی ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەمان دیاری دەکات. هەر ئەم سیستەمەیە ماناکان دەئافرێنێت و دەبێتە ئیلهام بەخشی بڕیارەکانمان و دیاری کردنی پێوانەیەک بۆ یاریە بەردەوامەکەی ئەزمون و هەڵسەنگاندن و ئینجاش گۆڕان. بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستی تاک و کۆمەڵ و تەنانەت کۆمەڵگاکانیشدا هەموو سۆبژەیەک ئەزمونی خۆی هەڵدەگرێت و لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی لەسەر شێوازی ژیان توانای گۆڕانی کاریگەری هەیە. بەو مانایەی هەر کردەیەکی ئێمە بەندە بە فۆرمێکی دیاریکراوی ئاگایی و وشیاریەوە، لەهەمبەر توانای تێگەیشتن لەخۆمان لەسەر بنەمای حەقیقەت. ئۆجالان ئەم پرۆسەیە ناودەنێت (ڕژێمی حەقیقەت).

## «ناکرێت بیرکردنەوەمان دابراوبێت لە هێزی کردە و توانستمان»

ئەوەی ئێمە لەپێناو بونیادنانی پایەی کردەوەکانماندا هەستی پێدەکەین و شرۆڤەی دەکەین نزیکبونەوەیە لە ڕاستی. پاڵوتن، لێکدانەوە، مەزەندەی ڕاست ئەو پارچە جیاوازانەی حەقیقەتن کە بەشێوەیەکی ئەزمونکاری لەگەڵیاندا کارلێکمان کردوە. هاوتەریب لەگەڵ جیابوونەوەی کۆمەڵگەکاندا بەدرێژایی سەدەکانی ڕابردوو، فرەڕەنگی ڕێبازە مرۆییەکان بۆ پێوەر و میکانیزمەکانی بیرکردنەوە کە پایەی کردارەکانی مرۆڤی لەسەر بونیادنراوە بووە بە گەمەیەکی ئاڵۆز. (مامەڵەی هەمیشەیی نێوان ڕژێمە جیاوازەکانی حەقیقەت) ئەمەش مانای وایە جۆرەکانی نزیکبونەوە لە ڕاستی و شێوازەکانی بونیادنان و گۆڕانی فۆرمی ڕاستەقینەی سۆبژەکان دەبێتە بناغەی فرەڕەنگی کۆمەڵایەتی و داهنان.

هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەک بە تیۆری سیاسیشەوە کە خۆی بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی تەرخان دەکات، بیرکردنەوەیەکی ستراتیژیە. ناکرێت بیرکردنەوەمان دابراوبێت لە هێزی کردە و توانستمان بۆ گۆڕینی واقیع لەڕێی کرداری مانادارەوە. بۆیە پەیوەندیەک یان سێگۆشەیەک یاخود بوارێک بۆ گرژی لە نێوان مەعریفە و دەسەڵات و ڕاستیدا هەیە. ئەمە یەکێکە لەو ئارگومێنتە جەوهەریانەی فۆکۆ کاری لەسەر کردوە. لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە

بارودۆخێکی دیاری کراو ئێمە دەتوانین زنجیرەیەک کردار ئەنجام بدەین. دەتوانین هێزی خۆمان بۆ کردار بەکار بهێنین و پەیوەندیمان لەگەڵ واقیع بگۆڕین و کاریگەری دروست بکەی.

جوڵە و گۆڕان. هەموو سۆبژەیەک توانای کردەی ماناداری هەیە، لە چوارچێوەی ئیدراکی خۆیدا. دەتوانێت لە ناو سیستەمی خۆیدا بارودۆخ بگۆڕێت، دەتوانێت چوارچێوەی تێگەشتنی خۆی بگۆڕێت و لەو ڕێگەیەشەوە بەرەو گۆڕینی ئەگەرەکانی کردار لە ڕەنگدانەوەی تیۆریدا. هزری دەربازبوون و تێپەڕاندن وەک هزری نۆمادیک و هزری ڕێکخراو دەتوانێت پێگەی خود بگۆڕێت، لەم یەکەم خاڵەدا ئۆجالان و فۆکۆ یەکتر تەواو دەکەن و خۆیان بۆ یەکتر ڕوون دەکەنەوە.

## «تێڕوانینی ئۆجالان کە لەسەر بناغەی شێکاریەکی ئاوا بۆ هێز داڕێژراوە»

مانای وایە لێرەدا کە دەپەڕینەوە بۆ بیرۆکەی دووەم دەبێ دەستبەرداری ئەو ئەندێشە کۆنە بین کە سەنگی لە ئاسۆی رۆژئاواییدایە. هێز وەک شتێکی نەرێنی، داپڵۆسێنەرەو لەبەرەو جەمسەری شەیتانە، وەک حوکمی باڵا لەسەرووی ئێمەوەیە. من لێرەدا دەگەڕێمەوە بۆ ئەو بیرۆکە جەوهەریەی کە فۆکۆ داڕشتوە. لەبری ئەوەی بەوردەکاریەوە لەسەری بنوسن هەمیشە بەشێوەیەکی ژێرەوانکێ هزری ئۆجالانیان بچوک نرخاندوە. بەڵام ئەو دەرەنجامانەی ئەو لە پارادایمە نوێیەکەی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیکدا دەیخاتە ڕوو، لە ناو هەمان سیستەمی تیۆرگەرایی فۆکۆدا کار دەکەن. لە هەندێک خاڵی جیاوازدا ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەمکانەی کە فۆکۆ لە مەڕ مەفهومەکانی هێز بونیادی ناون. بۆ نمونە زانستی هێزناسی کە یەکێکە لە گرنگترین کۆڵەکەکانی حوکمی سەرمایەداری. جگە لە تێڕوانینی ئۆجالان کە لەسەر بناغەی شێکاریەکی ئاوا بۆ هێز داڕێژراوە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە هاوکات بناغەیەکیشە بۆ شێوەی زۆرە لێکچو لە سەرتاسەری دنیادا. با لە دنیابینی ڕەسەنی ئەمریکای لاتینەوە دەست پێبکەین، بۆ نمونە بزووتنەوەی زاپاتاییەکان، بیری زەردەشتی و جیهانبینی ڕۆژهەڵاتی دوور، بیرۆکەی ناتەبایی یان نەگونجان، گۆڕان، پێکەوەیی و خودگەرایی.

کەواتە هێز چیە؟ هێز ئەوێکی مەزنتر نیە کە ڕوبەڕومان دبێتەوە وەک پاشا، پۆلیس یان خودا. هەموو ئەمانە بەرهەم یان ئەسەواری چڕ بوونەوەی هێزن.

کەم تا زۆر لەگەڵ خوێندنەوە جیاوازەکاندا بۆ واقیع ئەمانە سیمبوڵین. خودی هێز خۆی نە چاکە و نە شەیتانیشە. لە جەوهەردا هێز ئەگەرەکانی جوڵانەوەی سۆبژە پێناسە دەکات لە ناو سیستەمدا. بەبارێکدا بۆ دروست کردنی چوارچێوەی ماناکان و کارلێک لەسەر نوێنەرەکانی، بەبارێکی تردا کۆمەڵگەکانی ئەمرۆ بەشێوەیەکی ڕیشەیی لەلایەن هێزەوە دیاری کراون. لەگەڵ هێڵە گشتیەکانیدا خۆیان ڕێکخستوە. خواستی هەژموونگەرایی و کەڵەکە کردنی دەسەڵات دەبن بە مایەی بونیادنان و دیاری کردنی پایەی هێزی پێناسەکان. هەموو سۆبژەیەک توانای کارکردنی هەیە. هێز لە هەموو بەشێکی کۆمەڵگەوە گەشە دەکات و بەنێو کۆمەڵگەدا تەشەنە دەکات و کۆمەڵگە بونیاد دەنێت. وەک فۆکۆ دەڵێت دەسەڵات کایە یان کێڵگەیەکە لە هێڵی ئەو هێزانەی کە هەیمەنەیان هەیە و ناوچەیەک ڕێک دەخەن. دەسەڵات یان هێز شتێک نیە بەدەستی بێنیت، وەلای بنێیت یان بەشیکەیت. شتێک نیە بتوانیت هەڵی بگیریت یان بیدۆڕێنیت، دەسەڵات شتێکە لە ئەنجامی کردەی بێ ئەژماری نایەکسانی و نەرمە پەیوەندی یان پەیوەندی گونجاوەوە دروست دەبێت. ئامادەیی دەسەڵات هەمیشە و لە هەموو جێیەک. دەسەڵات لە سەروو هەموو ئەو ناوانەوەیە کە خراوەتە پاڵ بارودۆخی ستراتیژی تێکەڵ و هاوبەشی کۆمەڵگە. ئەوەی فۆکۆ پێشکەشی دەکات تێگەیشتنی باڵایە لە میکانیزمی پەیوەندیەکانی دەسەڵات. ئەم تێگەیشتنە باڵایە توانست دەبەخشێتە قودرەتی شیکارکردنی کۆمەڵگە تا ئەگەرەکانی کردار کەشف بکات.

## «دەکرێن بەقوربانی بڕیارەکانی خۆیان بەبێ هێشتنەوەی هیچ بوارێک بۆ لێکتێگەشتن»

بەم شێوەیە دەتوانین لە هەیمەنە تێبگەین وەک پرۆسەی چڕ کردنەوەی هێز لە خاڵێکی دیاریکراوی ناو سیستەمدا. ئەو خاڵەی ناو سیستەم کە مرۆڤ، حیزب، دەوڵەت، پیاو یان هەر دامودەزگایەک تێیدا چوارچێوەیەک بۆ مانایەک دەخولقێنن کە ئەگەر قبوڵ نەکرێت ڕەنگە بە پەلاماردان و بێبەش کردن وەڵام بدرێتەوە. هەیمەنە مانای نکوڵی کردن لە هێزەکانی تری کۆمەڵگە و توانای کارکردنیان. بەش بەش یان بەیەکەوە تواناکانیان لە ڕێگەی هێزەوە زەوت دەکرێت و لەو ڕێگەیەشەوە دەکرێن بە ئۆبژە یان ئامانج. دەکرێن بەقوربانی بڕیارەکانی خۆیان بەبێ هێشتنەوەی هیچ بوارێک بۆ لێکتێگەشتن و

گفتوگۆ. بۆ کامڵ کردنی هەیمەنە مانا و تاکتیک گرنگن، بۆ داماڵینی سۆبژە لە زیندویەتی و حەقیقەتی خۆی، ئینجا کۆنترۆڵ کردنی. هەیمەنە بە ڕێگایەک بونیاد دەنرێت کە تێیدا توانای دەربڕین و وێناکردنی ئەوانی تر سەرباری هەر بڕیار و فۆرمێکی تایبەتیی خۆیان بۆ ژیان، چالاکانە دەبێنرێن. هەیمەنە مانای داماڵینی هێز لەبەر ئەوانەی هەیمەنەیان بەسەردا سەپێنراوە. بەڵام لەبەر ئەوەی هەرگیز دەسەڵات لەوانە جیا ناکرێتەوە کە خاوەن زانیارین. توانستی کردار ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دەرەنجامەکانی جیهانەوە. بەدەست هێنانی حەقیقەت. پرۆژەی هەژموونگەرایی پێویستی بەتێکۆشانە بۆ چەسپاندنی خۆی وەک ڕژێمی حەقیقەتی ڕەها، وەک تاکە مەحەک و تاکە ستانداردی قبوڵکراوی حەقیقەت. لێرەوە پرۆژەی دەوڵەت و نیشانەکانی باوکسالاری چەکەرە دەکەن. ئەو چوارچێوەیەی ئۆجالان بۆ خوێندنەوە و ڕاڤە کردنی مێژوو پێشنیاری دەکات، هەوڵ دەدات ئەم پرۆژەیە وەک پرۆژەی پەکخستنی کۆمەڵگەکان بناسێنێت. ئۆجالان هەوڵ دەدات ڕێگەیەک بۆ دەستخستنی حەقیقەت بخوڵقێنێت، بەجۆرێک کە توانای مانەوە و بەرگری بەشێوەیەکی ستراتیژی ڕێکخراوبێت. فۆکۆ گوتەی پێویستە کۆمەڵگە بپارێزرێت.

### «دەوڵەت وەک هەژموون بەندە بە کۆنترۆڵ کردن و سازدانی پەیوەندیەکانی دەسەڵاتەوە»

لەهەرکوێ دەسەڵات هەبێت بەرگریش هەیە. بەرخودان هەمیشە دەبێتە چوارچێوەی بەشێک لە پەیوەندیەکانی هێز. لەبەر ئەوەی هیچ جۆرە هەژموون و دەسەڵاتێک ناتوانێت ڕەها بێت. ئەگەرچی بانگەشەکانی ڕاستیش بن. پەیوەندیەکانی دەسەڵات بەشێوەیەکی بنەڕەتی وابەستە و پێکەوە گرێدراون. ئەوەش مانای وایە ئەم پەیوەندیانە تەنیا لەنێوان سۆبژەکاندا بوونیان هەیە. گەمەی دەسەڵات، بەرگری، مفاوەزات و جەنگ هەموو پێکەوە پرۆسەیەکی چەسپاوو ڕەوتێکی نەگۆڕن لە هەڵکشان و داکشانی پێگەکاندا. ئەم گەمەیە کۆتایی نایە، تەنیا لە یەک حاڵەتدا نەبێت ئەویش کۆتایی هاتنە بە ئەویتر. ئەوەش بەمانای دارمانی سیستەم دێت. دەوڵەت وەک هەژموون بەندە بە کۆنترۆڵ کردن و سازدانی پەیوەندیەکانی دەسەڵاتەوە. یاسابەندیەکی ستراتیژی خاڵەکانی بەرگری دەتوانێت ببێت بە شۆڕش.

ئێمە ناکەوینە دەرەوەی جوڵەی دەسەڵاتەوە.

فۆرم و وشیارەکانی ژیانمان نمایندەی هەوڵێکە بۆ پێداگریمان تا ئەو کاتەی دەبین بە بەشێکی پێزانراوی کۆمەڵگە. بەمانایەکی تر تا ئەو کاتەی دەبین بە خاوەنی شوناسێکی کۆمەڵایەتی. ئێمە لەڕێی هێز و لەنێو قاڵبی هێزە کۆمەڵایەتیەکاندا دەبین بە سۆبژە. کۆمەڵگە بەبێ دەسەڵات سالاری پێویستی بە پیادە کردنی جەنگی سەربەستی نیە لە بەرامبەر دوژمنێکدا کە دژبەری سەربەستی کۆمەڵگەیە. بەڵام بۆ بەهێز کردنی خۆی ڕەنگە بەرگری خۆیی یان خودپارێزی پێویستیەکی حەتمی بێت. ئالێرەدا ئارگومێنتی جەوهەری نێو پارادایمە نوێکەی ئۆجالاندا دەدۆزینەوە.

ئایە چی دژبەر یان نەیاری ئەم ئارگومێنتەیە؟

پێویستە ئێمە بەرەنگاری مەسەلەی فەرمانڕەوایی ببینەوە. ئەمە ئەو خاڵی سێیەمەیە کە ئاماژەم پێکردوە.

دەوڵەت چیە؟ دەوڵەت تەنیا لە پراکتیکدا بوونی هەیە. بەمانایەکی تر لەڕێی ئەو خەڵکانەوە کە بەپێی پرەنسیپەکانی دەوڵەت کار دەکەن. ئەمەیە ئەنجامگیریی ئۆجالان لەمەڕ پرۆسەی شارستانیەت وە تێگەیشتنی فۆکۆ لە خودگەرایی وەک خۆ قایل کردن لە فۆرمە وردیلە و زەبەلاحەکانی تێڕوانین. دەوڵەت دامەزراوەیەکی تاقانە نیە. مەکینەیەکی زەبەلاح نیە لە حکومەت و پۆلیس و دادگا و سەرباز پێکهاتبێت. دەوڵەت کۆمەڵێک فۆرمی جیاواز دەگرێتە خۆی، وەک کاریگەریەکانی حەقیقەت و پێوانە ستراتیژیەکان. لەسەرروو هەموو ئەمانەوە دەوڵەت بیرۆکەیە بەگوێرەی کردەی هەر ئینسانێک کە خۆیان دەخزێننە نێو پەیوەندی واقعیەوە. دەوڵەت ئایدۆلۆژیایە (جیهان بینی) ئەم تێڕوانینە بۆ دەوڵەت بنەمای پێشنیاری ئۆجالانە بۆ سۆسیالیزمی دیموکراتیک. ئەمە ڕامانی ئۆجالانە لە هەمبەر ئەو کۆمەڵگەیانەی دەوڵەت ڕەد دەکەنەوە و لەجەنگی بەرگری و خۆپارێزیدان بەرامبەر چەپۆکی دەوڵەت. ڕەوت یان شێوازی کارکردنی دەوڵەت و گەیشتنی بە حەقیقەت چیە؟

### «فۆکۆ چەمکەکانی عەقڵیەتی حوکمرانی و هونەری فەرمانڕەوایی جێبەجێ دەکات»

ستراتیژی دیاریکراوی فۆکۆ کە چوارچێوەی کاری دەسەڵات و کۆنترۆڵی دەوڵەت بونیاد دەنێت. هاوکات ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە چۆن ئەم پێوانانە هەر لە سەرەتاوە لەلایەن دەوڵەتەوە بونیاد دەنرێن.

ئالێرەدا فۆکۆ چەمکەکانی عەقڵیەتی حوکمڕانی و هونەری فەرمانڕەوایی جێبەجێ دەکات. من پێشتر باسی ئاوێتەی هێز، مەعریفە، حەقیقەتم کرد. لەڕێی ئەم ئاوێتە ئاڵۆزەوە ئێمە دەبێت یان دەتوانین بیر لەو پرەنسیپەی رێبەرایەتی بکەینەوە کە دەوڵەت نوێنەرایەتی دەکات و بونیادی دەنێت.

یەکەم وەک سیستەمی بیرکردنەوە، رژێمی حەقیقەتی دەوڵەت و پەیوەندیەکەی بە واقیعەوە دەبێت بە پرۆسەی پەل هاویشتن و بەرجەستەکاری، لەشکرکێشی و کۆنترۆڵ. لەوێشەوە بەرەو پلەبەندی یان هەرەمگەرایی، جڵەوگیری، جیاکاری، قات و قڕی و ئینجاش کۆنترۆڵ کردنی عەقڵانیەت و توانا گشتیەکان. هاوکات دەبێتە سیستەمێکی مەزنی پەرتکاری، یەکڕەنگ کردنی فەزای گشتی، وەلانان و مەحروم کردنی خەڵک، سادەبونەوەو دواجاریش بە ئاشکرا و بەنهێنی دەبێتە دەوڵەتی حاڵەتی لەناکاو (ستەیت ئۆف ئمێرجینسی). دەوڵەت هەموو ئەمانە لەڕێی هێز و ڕابەرایەتیەکی دابڕاوەوە پیادە دەکات. واتە سەرکردایەتیەکی نامۆ.

**«سیستەمێک کە بەتەواوی جێی خودا دەگرێتەوە»**

دووەم: ناوەندگەرایی هێز یان مەرکەزیەتی هێز. دەوڵەت پشت بەو بیرۆکەیە دەبەستێت کە تەواوی هێزەکان لە سەنتەرێکدا کۆبکاتەوە. بەجۆرێک هەموو شتێک لەدەوری ئەو سەنتەرە رێکبخرێت و بونیاد بنرێت. لە ڕابردودا و بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم سەنتەرە خودا بوو. پاشان بوو بە پاشا، دواجاریش لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداریدا وەرچەرخا بۆ پرەنسیپەکانی پراکتیکی زۆرەملێ. کە کۆی کۆمەڵگە لە دەوری سەنتەر کۆدەکاتەوە و بەجەماوەریی دەکات. سیستەمێک کە بەتەواوی جێی خودا دەگرێتەوە. کۆمەڵێک میکانیزمی مەرکەزی کە هەموو جوڵەیەک شوێن پێی ئەو هەڵدەگرێت و دەبێت بەپێی خواست و ویستی دەوڵەت کار بکەن.

سێیەم: دەوڵەت بە پێی ئەو کاریگەریانەی حەقیقەت حوکم دەکات کە هەموو شتێکیان لەسەر بونیادنراوە. وەک تەلارسازیی دەوڵەتی، ستراتیژی کۆنترۆڵ کردنی یەکلاکەرەوە وەک سیستەمی زیندان، ئاڵۆزیی سیستەمی تەندروستی، بەڕیوەبەرایەتی بیرۆکراتی، سیستەمی کۆنترۆڵی پۆلیس، جەماوەر. لە ئایدیۆلۆژیای پەکەکەدا ئەم تەکنەلۆژیایەی دروستکردنی دەوڵەت کە خەریکی لاواز کردن و دارزاندنی کۆمەڵگەیە پێی دەوترێت جەنگی تایبەت. ئەمانە ئەو تەکتیکانەی جەنگن کە رژێمی حەقیقەتی دەوڵەت دەچەسپێین و خەریکی وێرانکردنی هەموو رێگەکانی دیکەی بیرکردنەوەن. دیارە هەموو ئەم کردانەش لەڕێی پەخشکردنەوەی کۆمەڵێک پارادایمی کاریگەرەوە ئەنجامگیردەبن. کۆمەڵێک پارادایمی وەک مەسرەف گەرایی یان بەرخۆری، ناسیۆنالیزم، عەسکەرتاریەت، توندوتیژیی، کۆمەڵێک ڕێوشوێنی لیبراڵی و دەرەبەگایەتی خێڵەکی، هەروەها هەندێک فۆرمی پیادەکراوی بەجەماوەری کردنی کۆمەڵگە. هەموو ئەم میکانیزمانە لەناو ئەو سیستەمی هزرەدا کە پێی دەوترێت دەوڵەتگەرایی، لە کۆمەڵگەدا کاردەکەن. لێرەوە دەتوانین بگەین بەو دەرەنجامەی کە دەوڵەت رێگەیەکی تایبەت و دیاریکراوە بۆ ڕەنگڕێژ کردنی دنیا لەڕێی حەقیقەتی ڕەهاوە.

بیرکردنەوە، دۆگماتیزم، یاسا و رژێمە چەسپاوەکانی حەقیقەت لە فۆرمی هەژمونگەراییدا. دەوڵەت خۆی ناوەند یان رێکخراوێکە لە ناوەرۆکدا یەکسانە بە کۆنترۆڵ کردنی ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتیەکان لەڕێی بەسۆبژەکردنی ئەوانیترەوە. دەوڵەت حاکمیەتێکە لەڕێی لاوازکردن و کەنارخستنی ڕابەرایەتیەوە. لێرەدا سەرمایەداری و دەوڵەت دژبەری یەکترنین. سەرمایەداری کۆپیەکی تری دەوڵەتی حوکمگەرای سەردەستە. درێژکراوەی هەیمەنەی دەوڵەتە لەڕێی بەکالا کردنی سەرەتاییترین پنتەکانی کۆمەڵگەوە. ئەمرۆ هێڵەکانی دەسەڵات بونیادە ناوەکیەکان تێدەپەڕێنن و پرەنسیپەکانی فەرمانڕەوایی دەوڵەت لە دونیابینی و کردەوەکانماندا ڕەنگ دەدەنەوە. مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەڕۆژئاواوە لەڕێی پەلهاویشتنی ئیمپریالیانەی دنیابینی دەوڵەتیەوە، توانیویەتی باڵادەستی ڕابەرایەتی خۆی بەسەر کۆمەڵگە و تاکەکاندا بسەپێنێت. بەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و شێوازی ڕەفتار و ئارەزوویاندا، هەروەها بەسەر فۆرمەکانی بەسۆبژە بونیاندا.

**«فەلسەفەکەی ئۆجالان ناوی ناوە ڕاستینەی سەرۆکایەتی»**

لە پەیوەند بە کردە کۆمەڵایەتیەکانەوە مانای هەموو ئەمانە بۆ (پرۆژەی ئازادی)ەکەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری چیە؟ ئەو کۆمەڵگەیەی دەیەوێ خۆی لە چنگی دەوڵەت قوتار بکات پێویستە بەڕێوەبەرایەتیەکی سۆسیالیستی وەک ئەلتەرناتیڤ لەبەرامبەر دەوڵەتی سەردەستدا

بخوڵقێنێت. ئەوەی فەلسەفەکەی ئۆجالان ناوی ناوە ڕاستینەی سەرۆکایەتی. واتە پرەنسیپەکانی ڕابەرایەتی دروست. دەتوانین لە وشیاری و تێگەشتنی فۆکۆشدا لەهەموو ئاستەکاندا پەی بەم فەلسەفە و پرەنسیپانە ببەین و بیانخوێنینەوە. وەک پرۆسەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کە تێیدا میکانیزمە دیموکراتیەکانی بڕیاردان و ئامرازەکانی میانگیری، لەسەر بناخەی فرەڕەنگی، پشکداری و ناساندنی مافی هەمووان بونیادنراون. هەروەها ئەم پرەنسیپانەی ڕابەرایەتی لەنێو ئاکارە کۆمەڵایەتیەکاندا وەک شێوە ژیانێک بۆ خۆ بەهێز کردن یان خۆسەر بوون ڕەنگ دەداتەوە. ئەم فەلسەفەیە دەبێتە بناخەی بونیادنان و نەشونما کردنی مرۆڤی خاوەن ئیدراک و خاوەن توانستی کارکردن.

## «سۆسیالیزم لە پیادەکردنی ئەم پرۆژەیەدا کورتی هێنا»

من لێرەوە دەمەوێت بانگەشەی ئەوە بکەم ئەم پارادایمە نوێیە، ئەم یۆتۆپیای کۆنفیدراڵی دیموکراتیە، پرۆژەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە سۆسیالیستیەیە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا. ئەگەرێکی ڕاستەقینەی گێڕانەوە و بەدەست هێنانەوەی فۆرمە جیاوازەکانی ژیانە لەژێر چنگی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری. هاوشێوەی پرەنسیپەکانی بزووتنەوەی زاپاتیستی مەکسیکی پرۆژەیەکە دەربارەی (حکومڕانیەکی باش) کە لەڕابردودا سۆسیالیزم لە پیادەکردنی ئەم پرۆژەیەدا کورتی هێنا. بەکورتی حوکمی خۆیی و خۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دوور لە دەوڵەت. ئەم بەڕێوەبەرایەتیە سۆسیالیستیە وەک فۆکۆ دەڵێت لە نێو تێکست و نوسراوە سۆسیالیستیەکانی سەدەکانی ١٩ و ٢٠دا بوونی نیە و هێشتا لە چاوەڕوانی دروستبوون دایە. ڕاستینەی سەرۆکایەتی و پراتیزە کردنی خۆسەری دیموکراتی بەو جۆرەی ئۆجالان دایڕشتوە، فۆرمێکە هەوڵی پیادەکردنی ئەو ئەزمونە دەدات.

## «ئەوانەی خواری بە فەلسەفە کردنی دۆزەکەیانن، پێویستە لەگەڵ حەقیقەتدا مامەڵە بکەن»

ئەوانەی دەیانەوێ سەرکردایەتی خۆیان بکەن، دەبێ دۆزەکەیان بە فەلسەفە بکەن. ئەوانەی خواری بە فەلسەفە کردنی دۆزەکەیانن، پێویستە لەگەڵ حەقیقەتدا مامەڵە بکەن. ئالێرەدا من باوەڕم وایە دەکرێ کرۆکی وزە و توانای بزووتنەوەکەو فەلسەفەکەی ئۆجالان بەم شێوەیە پوخت و کورت بکرێتەوە و بڵێین: فۆرمێکە لە هزری گەڕیدە یان هزری ئازاد و بێسنور. وەک فۆکۆ ناوی دەنێت خود خوێندنەوە و ڕێبازی لەخۆ ڕامان بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، لەسەر بنەمای فرەڕەنگی و هاوسۆزی و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی.

لەهەمووی گرنگتر ئەو پارادایمە نوێیەیە کە هەنگاو بەرەو کۆمەڵگەبوون و گشتاندنی فەلسەفەو ئامرازەکانی وشیاری خۆیی دەنێت. ئەوەی سەرنجراکێشانە لە ڕۆژاڤا پیشانی ئێمە دەدرێت سیستەمێکی کارای ئەکادیمیە کە بەشێوەیەکی زۆر باش کاردەکات.


هەریەک لە گروپە کۆمەڵایەتیەکان بەپێی خواستەکانیان خۆیان ڕێکخراو دەکەن. کردەو شوناسە جیاوازەکان لە گەڵ تیۆری مەعریفی ئۆجالاندا وەک بەشێکی بایەخدار، ئەکادیمیای خۆیان هەیە. بەم شێوەیە کۆمەڵگە چوارچێوەی کاری خۆی بەهادارانە و دوور لە کاریگەریەکانی دەوڵەت بونیاد دەنێت.

## «ئەم وشیاریە بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی ئەوروپا گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیە»

تێکۆشان لە پێناوی ئازادیدا لە میانی تێگەیشتن لە ڕەوشی خۆیی و لە مێژوو، لە ویست و ئەگەری توانا زاتیەکان، هەروەها بوونی خواست و ئیرادەیەک وەک پێکهاتە بنەڕەتیەکانی پرۆژەی سۆسیالیزم. ئەم وشیاریە بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی ئەوروپا گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیە، کە تیایاندا هەژمونی دەوڵەت قوڵ خزاوەتە نێو تێڕوانینی گشتیەوە بۆ چەمکی هاوڵاتی بوون. لەکاتێکدا پرۆسەی بەرگری و خۆپاراستن لەڕووی ڕێکخستنەوە لاوازن.

پێویستە هەموو پنتەکانی هزری ناوەندگەرای دەوڵەت دەستنیشان بکرێن و بەشێوەیەکی ڕێکخراو یاخود بە ڕێکخراوی خاوەن هزر بەرهەڵستیان بکرێت. ئەوەش بەو مانایەی میانڕەویی میتۆدەکان، خود ئاگایی و ئایدیۆلۆژیا ببن بە وشیاری خۆ بەهێز کردن و توانای خوڵقاندن و هێزی کار، هەروەها ببن بە مایەی خۆسەری و ڕێبەرایەتی خۆیی کە ئەوەش لەڕێی بەگشتی کردنی ڕێکخستن و ناوەندەکانی بڕیارەوە ئەنجامگیر دەبێت.

# ئاکەپە: هاوسەرگیریەک لە نێوان ناسیۆنالیزمی تورکی و ئیسلامی پاوانخوازدا



**جیهاد هامی**

**لە ئینگلیزییەوە: دارا سوبحان**

لە ماوەی حەوت مانگی ڕابردوودا ستراتیژی ئاکەپە بەرامبەر بە کوردان بریتی بووە لە ترس و تۆقاندن. ئەم ستراتیژە خۆی لە کوشتنی پیر و لاوی خەڵکی کورددا بەیان

کردوە؛ بە تایبەتی بە ئامانج گرتنی زارۆک و ژنانی کورد. خوێندگەکان بوونەتە شوێنی تۆقاندنی منالان لە لایەن هێزە تایبەتەکانی تورکیاوە لە کاتێکدا خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هێرشکردنە سەر شار و گوندەکان. تۆپ و تانکەکان ماڵی هاوولاتیان بە ئامانج دەگرن و شوێنەوار و پاشماوەی جەنگێک بەجێدێڵن. پۆلیس و سەربازەکان ژنانی کورد ڕووت دەکەنەوە لەدوای کوشتنیان. تەواوی ئەمانە دەرهاویشتەی عەقڵیەتێکی باوکسالاری نەژادپەرەستی پاوانخوازە کە بە قووڵی ئاوێزانی دەزگای دەوڵەت-نەتەوە بووە.

بۆ تێگەشتن لەوەی کە لە کوردستان ڕوودەدات پێویستە لە عەقڵیەتی پارتی فەرمانڕەوای تورکیا بگەین، چون ئەو عەقڵیەتە ئەو بنەما ئایدیۆلۆژیەیە کە بەردەوام لە هەوڵدایە بۆ یەکڕەنگکردنی کولتوور و ئایین و نەتەوە جیاوازەکان. هەر ئەم عەقڵیەتە ئەو ئایدۆلۆژیایە کە یەک بە یەکی ئەو فیشەکانەی لێوە دەتەقێنرێت کە ڕوحی هەموو چالاکوانێکی ئازادی دەکاتە ئامانج. ئاکەپە نوێنەرایەتی تێکهەڵکێشی دوو ئاراستەی فیکری دەکات: ناسیۆنالیزمی تورکی و ئیسلامی پاوانخواز.

## «مێژوویی ناسیۆنالیزمی تورکی و ئیسلامی پاوانخواز کە بونیادی ئاکەپە پێکدەهێنێت»

عەقڵیەتی ئاکەپە دوانەیەکە لە پاوانخوازی و ناسیۆنالیزمی نەژادپەرستی توندڕەو و دواجار ئەوە ئەم تێفکرینەیە کە ئاگری ڕەشەکوژی زارۆک و ژن و پیر و لاوی کورد لە باکووری کوردستان خۆشدەکات. کورتەیەکی مێژوویی ناسیۆنالیزمی تورکی و ئیسلامی پاوانخواز کە بونیادی ئاکەپە پێکدەهێنێت و کاریگەری ئەمانە لەسەر ئەو جەنگەی لە باکوری کوردستان ڕوودەدات زیاتر یارمەتیمان دەدات لە ململێکان تێبگەین.

**مێژووی ناسیۆنالیزمی تورکی:**

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە ئان و ساتی لەبەریەکهەڵوەشانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی تورکی و دەوڵەت-نەتەوە دەرکەوتن و لە لایەن بزاڤی لاوانی تورکەوە پەرەی پێدرا. کەسانی پێشڕەوی لاوانی تورک و دامەزرێنەرانی کۆمار کۆمەڵێک بیریار و ئەفسەری سەربازی بوون کە پشتیوانییان لە چەمکگەلی سەرمایەداریی مۆدێرنی چون پۆزێتیڤیزم و ناسیۆنالیزم و داروینیزمی کۆمەلایەتی دەکرد و پەرەیاندا بە مۆدێرنەی سەرمایەداری لە خۆرهەلاتی ناوین.

## «زانست ئایینی بژاردەیە و ئایین زانستی عەوامە»

لاوانی تورک پشتگیرییان لە زانستە پۆزێتیڤیستەکان دەکرد: شێوازێک لە مامەڵەکردن کە بە توندی خۆی کورتدەکاتەوە لە بونیادنانی گریمانە و بەرهەمهێنانی یاسای زانستیدا بە پشتبەستن بە تاقیکردنەوەی پراکتیکیانە بە بێ لەبەرچاو گرتنی بەرپرسیارێتی میتافیزیکی و ئەخلاقی. باوترین قسەی نێو گەنجانی تورک ئەوە بوو کە " زانست ئایینی بژاردەیە و ئایین زانستی عەوامە" هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەوان باوەڕیان بە لێکدانەوەیەکی سەختی زانست هەبوو بۆ چارەسەرکردنی(پیاوە نەخۆشەکەی ئەوروپا) و دامەزراندنی دەوڵەتێکی مۆدێرن و پشتئەستوور بە زانست.

دوای خۆڕێکخستنیان لەگەڵ لاوانی تورکدا لە ساڵی ١٩٠٦ دا کۆمەڵەی ئیتتیحاد و تەرەقی لە کودێتایەکدا ساڵی ١٩١٣ دەسەلاتیان گرتە دەست. کۆمەڵەی ئیتتیحاد و تەرەقی فۆرمێک لە ناسیۆنالیزمی تورکی بونیادنا کە جوداخواز و دژە بیانی بوو لە تێفکریندا. ئەمجۆرە دیدگا و تێفکرینە دواجار جینۆسایدی ئەرمەنییەکانی لێکەوتەوە و ڕۆڵێکی نێگەتیڤانەی گێڕا لە بەکاربردنی ستراتیژی کۆلۆنیانەی (پەرتکە- و -زاڵبە) دا.

لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا شۆڕشی فەرەنسی یەکەمین جار لە ژێر فەرمانڕەوایی ڕۆبسپێر و دواتر بۆناپارت دا یەکەمین دەوڵەت- نەتەوەی مەرکەزییان دامەزراند؛ سەدەیەک دواتریش موستەفا کەمال ئەتاتورک لە خۆرهەڵاتی ناوین بۆ یەکەمین جار دەوڵەت-نەتەوەیەکی یەکڕەنگی دامەزراند.

## «ئەم ئامانجانە بەگشتی یان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە جێبەجێدەکرێن»

سیکۆلاریزمی بنبڕ، پۆزێتیڤیزم، زانستگەرایی و داروینیزمی کۆمەڵایەتی ناسیۆنالیزمی کەمالییان پتەوتر کرد. ئەم ئایدیۆلۆژیایانە بە شێوەیەکی تێکهەڵکێشانە بە دامەزراوەیی کران و دەوڵەت-نەتەوەیەکیان پێکهێنا کە هەوڵی بێوچانی دەدا بۆ دامەزراندن و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی ساختە و یەکڕەنگ لەسەر بنەماگەلی داروینی چون(مانەوەی باشترین) و(هەڵبژاردنی سروشتی)؛ ئەم چەمکانە لە لایەن چینی فەرمانڕەواوە بەکاردەبران بە ئومێدی هەبوونی یەک نەتەوە و یەک کولتوور و یەک زمان. سیستمی پەروەردە ڕۆڵی سەرەکی بینی لە چاندنی تۆوی ناسیۆنالیزمی تورکیدا لە ناخی کۆمەڵگەدا؛ کە خۆی دەبینییەوە لە ئاڵا و سیمبۆل و سروودی نیشتیمانی و سەرۆکی وڵات و سنوورە جیۆگرافییەکان و ئەدەبیات و موزیک و هونەر و ... تاد. تەنها بەم شێوەیە دەکرا ناسیۆنالیزمی تورکی ئاسایی بکرێتەوە و ببێتە بەشێک لە کۆمەڵگە.

لەبەرئەوەی ئەم فۆرمە لە دەوڵەت-نەتەوە لەو ئایدیۆلۆژیایەوە سەرچاوەی دەگرت کە خوازیار بوو نەتەوەیەکی یەک ناسنامە و کولتوورێکی یەک ناسنامە و ئاینێکی یەکتا بخوڵقێنێت دەبوا فرەڕەنگی و هەمەچەشنی لەناو ببرێت. ئەم شێوازە لە مامەڵەکردن دواجار توانەوە و جینۆسایدی تەواوی نەریتە ڕۆحی و کولتووری فیکرییەکانی لێکەوتەوە.

ئۆجالان ڕێبەری ئایدیۆلۆژی بزاڤی ئازادیخوازی کورد ڕوونتر لەمبارەوە دەدوێت و دەبێژێت " ئەم ئامانجانە بەگشتی یان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە جێبەجێدەکرێن وە یانەخۆ لە ڕێی پێدانی هاریکاری ماددییەوە، دەرەنجامی ئەمەش زۆر جار نابودی کەمینەکان و کولتوور و زمانەکان یان توانەوەیان بووە. مێژووی دوو سەدەی ڕابردوو سیخناخە لە نموونەی ئەو هەوڵە توند و تیژانەی کە دراون بۆ خوڵقاندنی نەتەوەیەک کە نوێنەرایەتی حەقیقەتی خەیاڵیی دەوڵەت-نەتەوە بکات".

ناسیۆنالیزمی کەمالی، ئیسلامی کردە ئامانج لەبەرئەوەی بە کۆنەپەرست و دواکەوتووی دەزانی؛ هەروەها چەپەکانیش بە هەمانشێوە کرانە ئامانج و بە تێکدەر ناوزەد کران. جگە لەم دوانە کوردەکان بە تایبەتی بە ئامانج گیران بە بیانووی جوداخوازی.

ئامانجی

پشتەوەی ئەم هەوڵانە بۆ قۆرخکردنی کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و بونیادنانی دەوڵەتێکی مەرکەزی بیرۆکرات و یەکڕەنگ بوو.

لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی تورکیاوە ناسیۆنالیزمی تورکی خزێنرایە نێو دەستوور و دەزگاکانییەوە. سەرەڕای بوونی پارتی جیاواز وەک جەهەپە و مەهەپە و لە ئێستاشدا ئاکەپە لە نێو پەرلەماندا بەڵام هێشتاکە ناسیۆنالیزمی تورکی بە شێوەیەکی کاریگەر و بەهێز لە سیاسەتی دەوڵەتی تورکیادا ماوەتەوە. هەربۆیە ئەو ڕەشەکوژییەی ئەمڕۆکە لە دژی کوردان لە لایەن ئاکەپەوە ئەنجامدەدرێت مایەی سەرسوڕمان نیە؛ چونکە بزاڤی ئازادیخوازی کوردی هەڕەشە لە ناسیۆنالیزمی تورکی و بەردەوامبوونی دەوڵەت-نەتەوەی مەرکەزی دەکات لەو فۆرمەدا کە ئێستا هەیە.

## «داود ئۆغڵو ئەیەوێت بڵێت ئەوەی لە ساڵی ١٩١٥ دا بە ئەرمەنییەکانمان کرد بە ئێوەشی دەکەین»

ئەحمەد داود ئۆغڵوی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بەم دواییانە کوردەکانی تاوانبار دەکرد بەوەی «لە چەتە ئەرمەنییەکان ئەچن و هاریکاری ڕووسیا دەکەن» . دەشێ ئەم قسەیە مانای ڕەوایدانێکی بێڕەحمانە بێت بە جینۆسایدی ئەرمەنیەکان لە لایەن هەمان ئەو عەقڵیەتە ناسیۆنالیزمە تورکییەوە کە ئێستاکەش بەردەوامە لە ڕەشەکوژی لە هەمان ناوچەدا؛ بەڵام ئەمجارەیان لە سەدەی بیست و یەکدا و لە دژی کوردان.

لە وەڵامی ئەم قسەیەی سەرۆک وەزیرانی تورکیادا هاوسەرۆکی هەدەپە سەلاحەدین دەمیرتاش وتی « داود ئۆغڵو ئەیەوێت بڵێت ئەوەی لە ساڵی ١٩١٥ دا بە ئەرمەنییەکانمان کرد بە ئێوەشی دەکەین». ئەمە ئەو عەقڵیەتەیە کە ئێمە مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، سەرۆک وەزیران هەڕەشەی کۆمەڵکوژیمان لێدەکات"

ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەو عەقڵیەتەی کە تورکیا بەڕێوە دەبات لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی نوێی تورکیاوە نەگۆڕاوە.

**ئیسلامی پاوانخواز:**

بە پشتبەستن بە خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و مێژوویی بۆ سەرەتاکانی ئیسلام؛ دەردەکەوێت ئیسلامی پاوانخواز نوێنەرایەتی جۆرێک لە یاخیبوون دەکات لە بەرامبەر بەهاکانی ئیسلامی موحەمەددا، کە لە دەستووری مەدینەدا چەسپێنرابوون. ئەم دەستوورە فرە ڕەنگی و دیموکراسی بۆ تەواوی لایەنە جیاوازەکان لە مەدینە لەخۆدەگرت. ئیسلامی پاوانخواز دەیەوێت ئیسلام بەکارببات بۆ ئەجێندای سیاسی و وەک ڕێگەیەک بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت. ئەمەش مانای لەنێوبردنی هەموو فۆرمێکی فرە ڕەنگ و قۆرخکردنی گشت لایەنەکانی ژیانە.

## «ئیسلامی سیاسی دژە ئیمپریالیزم نییە ئەگەرچی چەکدارەکانیشیان پێیان وا نەبێت»

بە پێی ئەم شیکردنەوەیە، کۆکردنەوەی سعودیەی عەرەبی و قەتەر و ئێران و تورکیا و داعش لە ژێر ئاڵای ئیسلامی پاوانخوازدا کارێکی هێند زەحمەت نییە. هەر لێرەوە لەوە دەگەین کە هۆکاری هاریکاریکردنی داعش لە لایەن ئەم وڵاتانەوە بە تایبەت وڵاتانی ئیسلامی سوننە مەزهەب، بوونی هەمان ڕەگ و ڕیشەی هاوبەشی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی پاوانخوازە. کاری ئەم وڵاتانە ئاودێرانی ئەو ڕەگ و ڕیشانە و گەشەپێدانیانە. هەروەها دەبێت ئەوە ڕوون بێت کە ئەم فۆرمانەی ئیسلامی سیاسی، بە تایبەت وڵاتانی ئیسلامی سوننی دژ بە ئیمپریالیزم نین و بگرە لەوەش زیاتر خزمەت بە ئەجێندای ئیمپریالیزم دەکەن.

سەمیر ئەمین ئابووریناسی فەرەنسی بە ڕەگەز میسری لە وتارێکدا بە ناونیشانی(ئیسلامی سیاسی لە خزمەتی ئیمپریالیزمدا) زیاتر تیشک دەخاتە سەر ئەم بابەتەو دەنوسێت "ئیسلامی سیاسی دژە ئیمپریالیزم نییە ئەگەرچی چەکدارەکانیشیان پێیان وا نەبێت، لایەنی دووەمیش ئەم ڕاستییە باش دەزانێت. هەر بۆیە ئاسانە لەوە تێبگەین کە بۆچی هەمیشە چینی فەرمانڕەوای سعودیە و پاکستان لە ڕیزەکانی ئیسلامی سیاسی دا بوون و زۆر جارانیش ئەم چینانە چالاکترین پەرەپێدەرانی ئیسلامی سیاسی بوون لە سەرەتای دروست بوونیەوە. کرێارە بۆرژوا لۆکاڵییەکان، دەوڵەمەندە نوێیەکان، سوودمەندەکانی جیهانگەرایی ئیمپریالیزمی هەنووکە سەرجەم میهرەبانانە پشتگیری لە ئیسلامی سیاسی دەکەن".

ئیسلامی سیاسی بەوەی لە لایەک سیستمی ئابووری نیۆ لیبراڵی پەسەند کردووە لە سیاسەتەکانیدا و لە لایەکی دیش زۆرترین هەوڵی وەگەڕ خستوە بۆ دژایەتی کردنی بیری چەپ؛ لە خزمەتی سەرمایەداریدایە.

**ئاکەپە و تورکبوونی سەوز:**

بە پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کودەتای ساڵی ١٩٨٠ لە تورکیا دژی هەڵکشانی دەسەڵاتی چەپەکان سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لاواز بوونی چەپەکان دوای سالانی ١٩٨٠ یەکێک بوو لە گرنگترین فاکتەرەکان کە ڕێگەی خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی ئیسلامی پاوانخواز کە ئۆجالان نێوی نا ( تورکبوونی سەوز).

تورکبوونی سەوز هاوسەرگیرییەکە لە نێوان ناسیۆنالیزمی تورکی و ئیسلامی پاوانخوازدا. دروستکردنی ئەم مۆدێلە نوێیە لە ساڵانی هەشتاکاندا لە لایەن ویلایەتە یەکگرتوەکان و ناتۆوە پشتیوانی لێکرا بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجگەلی تایبەتی چون کۆسپ دروستکردن لەبەردەم فروانبوونی دەسەڵاتی بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕێگەگرتن لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوین لە بەدەستهێنانی سۆسیالیزم و ئازادی.

## «گەشەکردنی هەدەپە هەڕەشەیەکی جیدییە بۆ سەروەری ئاکەپە»

**بزووتنەوەی کوردی : پۆست ناسیۆنالیزم :**

بۆ یەکەمجار لە مێژووی تورکیای نوێدا پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) ی سەر بە کوردان لە ڕۆژی ٧/٦/٢٠١٥ دا بەربەستی ١٠٪ ی پەرلەمانی تورکیای تێپەڕاند و ١٣.١٪ ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. ئەم ئەنجامە نەک هەر ڕێگریکرد لە ئاکەپە کە زۆرینەی ڕەها بەدەست بهێنێت بەڵکە بووە کۆسپ لەبەردەم ئاکەپەدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجی گۆڕینی سیستمی وڵات بۆ کۆماری و خولقاندنی دەوڵەتێکی زێتر یەکڕەنگ و پاوانخواز.

گەشــەکردنی هەدەپــە هەڕەشــەیەکی جیدییــە بــۆ ســەروەری ئاکەپــە؛ بــەوەی هەدەپــە لــە سیاســەتەکانیدا پشــتیوانی دەکات لــە چەمکگەلــی چــون فیکــری چــەپ، ســیکۆلاریزم، یەکســانی ڕەگــەزەکان، فرەڕەنگــی سیاســی،مافی کەمینــەکان، یەکســانی، دژە نیــۆ-لیبرالیــزم و دژە ســەرمایەداری.

لەبــەر ئــەم هۆکارانــە ئیــدی مایــەی سەرســوڕمان نییــە کاتێــک دەبینیــن دەوڵەتــی تــورک لــە ژێــر فەرمانڕەوایــی دواییــن مۆدێلــی تورکبوونــی ســەوزدا (ئاکەپــە) و بــە پشــتیوانی ئەمریــکا و ناتــۆ شــەڕێکی سیســتیماتیکیانە دەکات لــە دژی کوردانــی باکــووری کوردســتان. هــۆکاری یەکەمــی ئــەم جەنگــە بــۆ تێکشــکاندنی فیکــری چەپە لە تورکیــا و خۆرهەڵاتــی ناویــن و هــۆکاری دووەمیــش خــۆی لــە ئــارەزووی مۆدێرنــەی ســەرمایەداریدا حەشــاردراوە بــۆ لــە ڕیشەکێشــانی بیــری ئــازادی تاکــی کــورد و دواجــار ڕێگەخۆشــکردن بــۆ دروســتکردنی مۆدێلێکــی نوێــی ســەرمایەداری و چەوســێنەر لــە ناوچەکــەدا.

ناســیۆنالیزمێک کــە لــە دەزگای دەوڵەت-نەتــەوە و ئیســلامی پاوانخــوازدا بــە دامــەزراوە کــراوە لــە ژێــر چاودێــری ســەرمایەداریدا خۆرهەڵاتــی ناوینــی لەبەریەکهەڵوەشــاندووە. بــە دامەزراوەییکردنــی شــێوازێکی نوێــی بیرکردنــەوەی نامەرکــەزی کــە دەکارێــت فرەڕەنگــی کولتــووری لــە ئامێــز بگرێــت و دژ بــە ســەرمایەداری و دەخالەتــی دەوڵەتــە لــە ژیانــی کۆمەڵایەتیــدا وەک مۆدێلــی کۆنفیدراڵیزمــی دیموکراســی (کــە لەلایــەن ئۆجالانــەوە پێشــنیازکراوە و لــە ڕۆژاڤــا پەیــڕەی لێدەکرێــت) زەرووڕەتێکــە بــۆ زاڵبــوون بــە ســەر ئــەو ئایدیۆلۆژیــا پاوانخوازانــەدا کــە خەڵکانــی خۆرهەڵاتــی ناوینــی بــە ئاقــاری ڕەشــەکوژی و جینۆســاید و خنکانیــان لــە دەریاکانــدا بــرد و دواجــار کردنــی بــە ســواڵکەری دەرکــەی وڵاتانــی ســەرمایەداری.



دواین سەردانی ئەردۆغان بۆ ئەمەریکا!!!

# دیموكراسی راسته‌قینه‌ چییه‌؟



جۆن مالینۆ
له‌ ئینگلیزییه‌وه‌: ئازاد ئارمان

جۆن مالینۆ لێكۆلینه‌وه‌یه‌ك پێشكه‌ش ده‌كات له‌ سه‌ر بنه‌چه‌ی ئه‌م دیموكراسی یه‌ دیاریكراوه‌ی ئه‌مرۆ هه‌مانه‌. له‌ هه‌مان كاتیشدا پێشبینی كۆمه‌ڵگایه‌كی جیاوازی و رادیكاڵ ده‌كات، كه‌ له‌وێدا ئێمه‌ هه‌مووماندا ده‌سه‌ڵاتمان دیموكراسی یه‌كێكه‌ له‌ وشه‌ هه‌ره‌ دیارو به‌دگۆیانه‌ی نێو فه‌رهه‌نگ. نزیكه‌ی ته‌واوی كۆنه‌پارێزان و سیاسته‌مه‌دارانی ساخته‌چی وه‌كو ئه‌مانه‌ی بیریان لێ ده‌كه‌یته‌وه‌ – جۆرج بوش، دیك جینی، تۆنی بلیر، گۆردن براون، ریچارد نیكسون، رۆنالد ریگان، مارگرێت تاتچه‌ر، سیلفیۆ برلسكۆنی – ئه‌وانه‌ چه‌ندانی تر هه‌ر هه‌موویان سوێند به‌ سه‌ری دیموكراسی ده‌خۆن. بلاتانگلی (Blatantly) رژێمێك و پارتێكی نادیموكراتین، به‌ خۆی یان ده‌ڵێن دیموكراتخواز – پارته‌ دیكتاتۆریه‌كه‌ی حوسنی موباره‌كی میسر ناویان له‌ خۆ ناوه‌ پارتی دیموكراتی نیشتیمانی، ده‌وڵه‌تی ستالینی یه‌ك حیزبی ئه‌وروپای رۆژهه‌ڵات به‌ خۆیان ده‌ڵێن دیموكراتی گه‌لی. له‌ سه‌رووی هه‌مووی ئه‌مانه‌شه‌وه‌، نیك گریفن (Nick Griffin) لیده‌ری فاشیستی پارتی نیشتیمانی به‌ریتانیا له‌ هه‌فته‌ی رابردوودا له‌ زانكۆی ئۆكسفۆرد گوتی «ئازادی راده‌ربرین و دیموكراسی به‌های بنچینه‌یی ره‌های ئێمه‌یه‌».

## «ئه‌و ئاماده‌یه‌ مه‌رگی پێشكه‌ش بكات له‌ پێناوی دیموكراسی دا»

له‌ هه‌مان كات دا و به‌ هه‌مان شێوه‌، دیموكراسی له‌ لایه‌ن خه‌ڵكانێكی خۆنه‌ویسته‌وه‌ تێكۆشانی بۆ ده‌كرێ، ناتوانین تێكه‌لاویان بكه‌ین له‌ گه‌ڵ كه‌سانی ساخته‌چی و ئۆپۆرتۆنیست. نیلسۆن مه‌ندیلا به‌ر له‌ زیندانی كردنی له‌ لایه‌ن رژێمی ره‌گه‌زپه‌رستی ئه‌فریقای باشوور په‌یام و بانگه‌وازی ئه‌وه‌بوو، ئه‌و ئاماده‌یه‌ مه‌رگی پێشكه‌ش بكات له‌ پێناوی دیموكراسی دا. به‌ هه‌مان شێوه‌ مارتن لوسه‌ر كینگ له‌ ئه‌مه‌ریكا له‌ كه‌مپینێكدا گیانی له‌ ده‌ست دا، به‌ پله‌ی یه‌كه‌م له‌ پێناوی به‌ ده‌ستهێنانی مافه‌ دیموكراتیكه‌كان بوو.

كارل ماركس ، پێش ئه‌وه‌ی و دوای ئه‌وه‌یش كه‌ بوو به‌ كۆمۆنیست به‌ خۆی ده‌گوت دیموكرات. به‌ هه‌مان شێوه‌ شۆڕشگێره‌كانی روسیا وه‌كو فلادمیر لینین و لیۆن ترۆتسكی هه‌ر وابوون. له‌مه‌ش گرنگتر، ملیۆنه‌ها مرۆڤ له‌ خه‌ڵكی ئاسایی تێكۆشاون و گیانیان به‌خت كردووه‌ له‌ پێناوی دیموكراسی دا. ئه‌م نه‌ریته‌ درێژه‌ی كێشا له‌ جه‌نگی ناوخۆیی به‌ریتانیا، بۆ شۆڕشی فه‌ره‌نسا، به‌رده‌وامی پێدا له‌ كاتی چارتیسته‌كان (Chartists) بۆ داواكاری مافی ده‌نگدانی ژنان، و خه‌باتی جه‌نگاوه‌رانی ئه‌نتی فاشیزم له‌ شه‌ری ناوخۆی ئیسپانیا، خه‌باتگێرانی به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ له‌ دژی داگیركردنی ئه‌وروپا له‌ سه‌رده‌مانی جه‌نگی جیهانی دووه‌م تاوه‌كو چالاكوانانی بزووتنه‌وه‌ی كیفایه‌ی میسر، مافناسانی پاكستانی ئه‌مرۆ.

## «له‌ پێناوی چاره‌سه‌ركردنی پێویسته‌ سه‌یرێكی «دیموكراسی» بكه‌ین»

- ئاڵوگۆڕكردن:

له‌ گه‌ل ئه‌وه‌شدا هه‌ر ئێستا ئه‌مه‌ راسته‌ كه‌ ملیۆنه‌ها خه‌ڵك ئه‌وانه‌ی له‌ چینی خواره‌وه‌ی كۆمه‌ڵن به‌ گشتی وا هه‌ست ده‌كه‌ن له‌ دیموكراسی دا ژیان به‌ سه‌ر ده‌به‌ن. بۆ نموونه‌ له‌ وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا و به‌ریتانیا، ئه‌وان دڵ ساردو بێ هیوان. ئه‌وان له‌ ئاڵوگۆڕكردنی وشه‌ی «سیاسه‌ت» به‌ «دیموكراسی» هه‌روه‌ها له‌ راده‌ربرینی هه‌ڵوێسته‌كانیشیاندا په‌ڵه‌ ده‌كه‌ن، ئه‌وه‌ ده‌ڵێن گرفت نیه‌ كێ ده‌سه‌ڵات به‌ ده‌سته‌وه‌ ده‌گرێت له‌ به‌ر ئه‌وه‌ی «ئه‌وان» هه‌موویان وه‌كو یه‌ك چاو لێده‌كه‌ن. له‌ راستی دا ئه‌م خه‌ڵكانه‌ بێ به‌شن له‌ دیموكراسی له‌گه‌ل ئه‌وه‌شدا ئاماده‌ن گیانی خۆیان ببه‌خشه‌ن له‌ پێناویدا. به‌ڵام هه‌ر كاتێ جارێك بینیان زۆر به‌ په‌له‌ ده‌گه‌ڕێنه‌وه‌ به‌ره‌و بێ ده‌ربه‌ستی بوون.

له‌ پێناوی چاره‌سه‌ركردنی ئه‌م مه‌ته‌ڵه‌ روون و ئاشكرایه‌ پێویسته‌ سه‌یرێكی «دیموكراسی» بكه‌ین له‌ باره‌ی مێژوویه‌وه‌ -بۆ تێگه‌یشتن له‌ هه‌ردوو

لایەنـی هـرزی سیاسـی و سیسـتەمی سیاسـی یـە بـۆ ئـەم پەرەسـەندنە لـە هەلومەرجێکـی مێژوویـی دیاریکـراودا هەروەهـا بـۆ ناسـاندنی بـە پێـی توانـا چ کاتێـک دژایەتـی دەکات و چ کاتێـک لایەنگیـری دەکات. وشـەی دیموکراسـی بـۆ خـۆی دەقـاودەق مانـای «دەسـەڵاتی خەڵـک»ە لـە بنچینەدا لـە یۆنانـی کۆنـەوە هاتـووە، بـەڵام دیموکراسـی مۆدێـرن لەوێـوە نەهاتـووە، بەڵکـو لـە ئەوروپـا لـە خەبـات لـە دژی فیودالیـزم پەیـدا بـووە.

## «ئەوان پێشەنگی سەرمایەدارە گەورەکانی ئەمڕۆ و کۆمپانیا زەبەلاحەکانن»

لـە پێـش قۆناغـی پەیدابوونـی سـەرمایەداری لـە نێـوان نزیکـەی سـەدەی ١٥ بـۆ سـەدەی ١٨، نیزامـی بـاڵا دەسـت لـە ئەوروپـا سیسـتیمی دەرەبەگایەتـی بـوو. ئـەم کاتـە تـەواوی کۆمەڵـگا دابـەش ببـوو بـە سـەر ئەرسـتۆکراتەکان (خـاوەن زەویوزار و وەرەسـە گەورەکان) و جوتیـاران (جوتیارانـی هـەژار). ئـەو کۆمەڵگەیانـە پـۆل پـۆل کرابـوون لـە نێـوان میرنشـینی گچکـەوە بـۆ ئیمپراتۆریەتـی شـلو شـۆقی گـەورە، کـە لەلایـەن پاشـاکانەوە بەڕێوەدەبـران، کـە زۆربەیـان پروپاگەنـدەی ئەوەیـان دەکـرد دەسـەڵاتی خودایـی بەڕێوەدەبـەن. لەوێـدا هیـچ جـۆرە دیموکراسـیەک وجـودی نەبـوو. لـە هەمـان کاتـدا جەمـاوەری خەڵـک بـە گشـتی هیـچ جـۆرە مافێکـی سیاسـی یـان نەبـوو. هاوشـێوەی ئـەم سیسـتەمە نادیموکراتـی یـە لـە سەرانسـەری دونیـا وجـودی هەبـوو. بۆنموونـەش چیـن و هیندسـتان.
لـە گـەڵ ئەوەشـدا، بـەرە بـەرە چینێکـی تـازە لـە خەڵـک دروسـت بـوون و لـە پەرەسـەندن دابـوون لـە نـاو سیسـتەمی دەرەبەگایەتیـدا. ئـەوان بـە شـێوەیەکی سـەرەکی پیشـەگەرانی شـارەکان بـوون کـە بوونـە بـازرگان، وردەفـرۆش، خـاوەن کارگـەی بچـووک و بازرگانانـی جـۆراو جـۆر. بـە زۆری بانگیـان دەکـردن بـە «هاوڵاتـی». دانیشـتوانی شـاری، دوای ئـەوە مارکـس وشـەیەکی نوێـی بۆیـان دۆزیـەوە پێـان دەگوتـن «بـۆرژوازی». ئـەوان پێشـەنگی سـەرمایەدارە گەورەکانـی ئەمـڕۆ و کۆمپانیـا زەبەلاحەکانـن.

لـە ژێـر سیسـتەمی ئەرسـتۆکراتیەتی دەرەبەگایەتـی دا، دەسـەڵاتی سیاسـی بـۆرژوازی دروسـت بـوو. هەرچەنـدە، لـە گـەڵ ئەوەشـدا زۆربـەی زۆریـان دەوڵەمەنـد بـوون- ئەگـەر چـی هەندێکیـان دەوڵەمەنـد تـرش بـوون لـە دەرەبەگـەکان.

بـۆرژوازی بـەرە بـەرە کەوتـە نارەزایەتـی دەربریـن لـە دەسـەڵاتی زوڵـم و میراتگیـری ئەرسـتۆکراتەکان. ئـەوەی کـە ئـەوان باوەڕیـان پێـی بـوو، نـەک تەنهـا بـۆ گێڕانـەوەی پێشـکەوتنی خۆیـان بەڵکـو بـۆ تـەواوی کۆمەڵـگا بـوو. لـە کۆتاییـدا بـۆرژوازی لـە توانایـدا بـوو بـۆ لابردنـی ئەرستۆکراسـیەکان هەروەهـا خۆنووانـدنـی وەکـو «خـاوەن مـاف»ی ئـەم شـوێنەن کـە لـە نـاو دڵـی کۆمەڵـگان.

- **چینی کارگەران:**

تێگەیشـتن لـە زنجیرەیـەک لـە شۆڕشـەکان، جەنـگ و شۆڕشـی هۆلەندییـەکان لـە سـاڵی ١٥٥٦، شۆڕشـی ئینگلیـزی یاخـود جەنگـی ناوخـۆی لـە سـاڵی ١٦٤٢ دا، جەنـگ و سـەربەخۆیی ئەمریـکا لـە سـاڵی ١٧٧٥ دا. هەروەهـا شۆڕشـی فەرەنسـا لـە سـاڵی ١٧٨٩. بـەڵام لـە گـەڵ ئەوەشـدا ئەبێـت ئەوەمـان لـە لا ڕۆشـن بێـت بازرگانـەکان و خـاوەن کارگـەکان، هەتـا مـرۆڤ ناسـەکان و فەیلەسـوفەکان، تەنهـا خۆیـان ناتوانـن جەنـگ و شـۆڕش بەرپـا بکـەن.

بـۆ بردنـەوەی دەسـەڵات پێویسـتیت بـە ڕێکخسـتنی «جەمـاوەر» هەیـە لـە چینـی کارگـەران کـە پیشـەگەر و هەژارانـی شارنشـین و پێشـەنگی چینـی کرێـکاری مۆدێرنـن و جوتیارانـن. لـە مەسـەلەکانی تریـش چینـی کارگـەران خۆیـان ڕێکدەخـەن. هەروەهـا بۆرژوازیـش لـە شـوێنی خۆیـدا لـە هەوڵـی فێڵ و تەڵەکـە دایـە. بـۆ ئەم کارە ئـەوان پێویسـتی یـان بـە فەلسـەفەی سیاسـی و بەرنامەیـەک هەیـە بـۆ ئـەوەی شـتێک پێشکەشـی جەمـاوەر بکـەن.

## «ئەو خەڵکانەی کە خاوەنداریەتی یان نییە پێویستە دەنگ بدەن»

لـە دایـک بوونـی ئایدیۆلۆژیـا و وتاربێژی لە دیموکراسـی مۆدێـرن دا لـەم تێکۆشـانانەدا دەردەکەوێـت بـۆ نموونـە- لـە دەسـەڵاتی یاسـا، مافـی یەکسـان، ئـازادی ڕادەربریـن و ڕێکخراوبـوون، هەڵبژاردنـی حکومـەت لـە ڕێـگای نوێنەرایەتـی و بەرپرسـیارییەتی بێـت،

نەک لە ڕێگای میراتگیری یەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دیموکراسی لە ئەندازە بەدەر سنووردارە. بۆ نموونە ئایا بۆرژوازی بیر ناکاتەوە. ئەو خەڵکانەی کە خاوەنداریەتی یان نییە پێویستە دەنگ بدەن، لە کاتێکدا ئەوان دەیانەوێ موڵکداریەتی لە ناوبەرن. حکوومەتێکی بەرپرسیار بەڵێ یە. بەڵام بەرپرسیارە بۆ ئەوان، نەک بۆ جەماوەری کرێکاران. بەڵێ هەموو مرۆڤێک کە لە دایک دەبێت یەکسانە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نی یە ئەمانە دەگرێتەوە بۆ نموونە: ژنان، کۆیلە ڕەشپێستەکان، «خۆولاتی»، یاخود کرێکارانی کارگەکان.

بۆرژوازی بە شێوەیەکی ئاشکرا ئامادەیی گفتوگۆیە لە سەر تێروانینی بۆ دیموکراسیەکی سنوودار. وەکو لایەنگیرانی ئۆلیفەر کرۆمولس کردیان لە شۆڕشی ئینگلیزی. هەروەها وەکو ئەوەی تۆریس کردی لە ساڵانی ١٨٣٠ - ١٨٤٠ دا.

## «لە سەرەتادا تەواوی کۆنەپارێزانی سیاسی دەستیان کردووە بە پڕوپاگەندە بۆ خۆیان»

بەڵام کاتێ کە دیموکراسی لە ناو جەنگی چینایەتی دا لە دایک دەبێت ، ئاسان نی یە سنووری بۆ دابنرێ یاخود کۆنترۆڵ بکرێت. بۆ نموونە کاتێ چینی کرێکار لە گەشە کردن دایە، بە دیاریکراویش لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازیدا. لە بەر ئەوەی ئەوان دەستبەسەر ئایدیای دیموکراسی دا دەگرن و بەکاری دەهێنن بۆ خۆیان. چارتستەکان یەکەمین ڕێکخراوەی جیهانی جەماوەری کرێکاران بوون کە داخوازی سەرەکی یان ئەوە بوو «یەک مرۆڤ، یەک دەنگ».

هەروەها، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بۆرژوازی بەریتانی دوای دروست بوونی ژمارەیەک لە خۆبەدەستەوەدان لە بەرامبەر بزووتنەوەی کرێکاران. کە بووە دروست کردنی شت گەلێکی نائاسایی، ئەم کارەش ئیمکانی ئەوە بە کرێکاران دەبەخشێت دەنگ بدەن بەبێ ئەوەی بتوانن رزگاری یان بێت لە بۆرژوازی. لە ڕاستیدا ئیمکانی ئەوەش هەیە هەندێک لە کرێکاران رازی بکەن دەنگ بدەن بە خاوەنکارە سەرمایەدارەکان.

لە سەرەتادا تەواوی کۆنەپارێزانی سیاسی دەستیان کردووە بە پڕوپاگەندە بۆ خۆیان کە باوەڕی تەواوی یان بە دیموکراسی هەیە. ئەم پڕوپاگەندەیان شتێکە تاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە. لە هەمان کاتدا ئەوان چوونە ژێر نهێنییەکان و«هەندێ کات»ش دیموکراسی سەرنگون دەکەن. ئێمە دەبێت چ جۆرە ئەنجامگیریەک لەمەوە بە دەست بهێنین؟ ئەوە مانای ئەوەیە تەواوی بیری دیموکراسی هەڵەیە؟ ئەم ئەنجامگیریی یە لەوانەیە ببێتە کارەسات. گرفتی دیموکراسی ئەمڕۆ، لە گەڵ بۆچوونی زاڵی دیموکراسی لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ئەوە دوورە لەوەی سنووردار بکرێت.

ئەو دیموکراسییەی ئێمە گفتوگۆی لە سەر دەکەین، هەروەها ئەو دیموکراسی یەی سیاسەتمەدارانی ساختەچی و پرۆفیسۆرە سیاسی یەکان گفتووگۆی لە سەر دەکەن، ئەوە دیموکراسی سیاسی یە. بۆ پێکهێنانی دیموکرسی ڕاستەقینە و کاریگەر بۆ زۆربەی زۆری جەماوەری کارگەران چیمان پێویستە دیموکراسی سیاسی، هەروەها ئابووری و دیموکراسی کۆمەڵایەتی.

چینی سەرمایەدار دەتوانێت لە گەڵ دیموکراسی سیاسیدا بژیت، لە گەل هەڵبژاردنی پەرلەمانەکان و حکومەتەکان، لە بەر ئەوەی زەبرخستنەسەر دەسەڵات یەکلاکەرەوەیە و درۆی تیا نییە. بوونی یەکەم لە بەڕێوەبەرایەتی پیشەسازی و بانکەکان، دووهەمیان لە دەزگای بەردەوامی دەوڵەت، لە سەرووی هەمووی ئەمانەشەوە هێزە چەکدارەکان. یەکەم جار خاوەن و چاودێری ڕاستەوخۆیەتی، دواتریش هەزاران پەیوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی بەیەکەوە دەبەستەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەتوانین پەرلەمان بگۆڕین بۆ شوێنی قسەکردن و حکومەت وەلابخەین وەکو ئەوەی ئێمە بە زۆری بینیوومانە لە پارتی کرێکاران و حکومەتە ڕیفۆرمیستەکانی تر لە بەریتانیا و لە سەرانسەری دونیا.

## «یەکەی مانای دیموکراسی «کرێکاران»

لە بەر ئەم هۆکارانەیە مارکسیستەکان بەم شێوە دیموکراسی یە دەڵێن دیموکراسی بۆرژوازی- ئەو

دیموکراسـی یـەی کـە لـە بناغـەدا دروسـت بـووە بـۆ بـە پیرۆزدانانـی یاسـای بـۆرژوازی.

- **دیموکراسی کرێکاران:**

پەرینـەوە لـە دیموکراسـی بـۆرژوازی یـەوە بـۆ ئـەم سیسـتەمەی کـە هاوشـانە لـە گـەل دەسـەڵاتی ڕاسـتەقینەی جەمـاوەری خەڵـک، پێویسـتە درێـژە بدەیـن بـە چەنـد خالێـک لـە مەیدانـی سیاسـی یـەوە بـۆ مەیدانـی بەرهەمهێنـان و کار، هەروەهـا دواتریـش مەیدانـی تـری ژیانـی کۆمەڵاتـی.

## «ئازادی ڕۆژنامەگەری ئەوە قەبوڵ دەکات کێ دەسەڵاتی بە سەر بازاڕی ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە»

ئەمـەش مانـای ئەوەیـە دیموکراسـی لـە هەمـوو کارگەیـەک، سـەنتەری پەیوەنـدی گرتـن، سـوپەرمارکێت، قوتابخانـە، زانکـۆ، نەخۆشـخانە و بەڕێوەبەرایەتـی گەیانـدن. مانـای وایـە دیموکراسـی لـە نـاو هێـزە چەکـدارەکان، پۆلیـس، دادگاکان و کۆمەڵـگای مەدەنـی. بـە کورتـی یەکـەی مانـای دیموکراسـی «کرێـکاران». بـەلام، هیـچ یەکێـک لەمانـەی سـەرەوە ناتوانیـت بـە ئامانـج بـگات بەبـێ لـە ناوبردنـی خاوەنداریەتـی موڵـک و ماڵـی سـەرمایەداران، و یاسـا و دەوڵـەت- بـە تێگەیشـتنێکی تـر یانـی شـۆڕشـی «کرێـکاران» کـە شـێوازێکی نـوێ لـە دەسـەڵات دەخوڵقێنێـت، ئـەو کاتـە چینـی کرێـکار لـە توانایدایـە کۆمەڵـگا بەڕێوەبەرێـت بـەم شـێوەیەی کـە پێویسـتییەتی.

سـەیری ئەزموونـی شـۆڕشـی ڕوسـیا بکـە لـە سـاڵی ١٩١٧- بگەڕێـوە بـۆ ئەزموونـی شـۆڕشـەکانی تـری وەکـو ئەڵمانیـا لـە سـاڵی ١٩١٩، هەنگاریـا لـە سـاڵی ١٩٥٦، هەروەهـا ئێـران لـە سـاڵی ١٩٧٩ – ئێمـە دەزانیـن دەزگای بنچینەیـی نموونـەی وەکـو دەوڵـەت «سـۆڤیەتە» یـان شـورای «کرێکارانـە» ئەوانـە ئـەم دەنگانـەن لـە هەڵبژاردنـی نوێنەرانـی هەڵبژێـردراوی کۆبوونەوەکانـی شـوێنی کارەوە هاتـوون.

بەهەمـان شـێوە، باوەڕهێنـان بـە ڕەسـمیەت ناسـینی ڕەفتـاری ئێجـگار سـنوورداری دیموکراسـی بـۆرژوازی هەروەهـا تێگەیشـتن لـە ئاوارەیـی و نائومێـدی ملیۆنەهـا لـە جەمـاوەری کرێـکار مانـای ئەوەنییـە یاخـود بەهـای نییـە بەرگـری بکەیـن لـە کاتێکـدا لـە ژێـر هێرشـداین. یاخـود خەبـات کـردن لـەم پێنـاوەدا مانـای نییـە.

بـە پێچەوانـەوە، ئەگـەر چـی ئـازادی ڕۆژنامەگـەری ئـەوە قەبـوڵ دەکات کـێ دەسـەلاتی بـە سـەر بـازاڕی ڕۆژنامەگەرییـەوە هەیـە، هەروەهـا ئـەوەش قەبـوڵ دەکات کـە ڕۆژنامـەی سۆسیالیسـتی بلاوبێتـەوە. لـە هەمـان کاتـدا، پەرلەمـان خـۆی دەپارێزێـت لـەو باسانەی بچێـت بـەرەو قسـەو بـاس کـردن لـە سـەر هـرزی سۆسیالیسـتی.

لـە گـەڵ ئەوەشـدا هەڵبژاردنـی پارتـی کرێکارانـی نـوێ زۆر باشـترە لـە دیکتاتـۆری. ئەگـەر چـی دەسـەلاتی قانـوون بەرگـری لـە موڵکداریەتـی دەوڵەمەنـدان دەکات بـەلام هەنـدێ جار بەرگـری دەکات لـە دژی سـەرکوتی توندڕەوانـە.

بـەلام، ئەمـە مانـای ئـەوە نییـە خەبـات لـە پێنـاوی داخوازییـە دیموکراتییـەکان. ئەگـەر لێـرە لـە بەریتانیـا بێـت یاخـود لـە میسـر و بۆرمـان و پاکسـتان، چینـی کرێـکار پێویسـتە رابەرایەتـی بـە دەسـتەوە بگـرن. نـەک تەنهـا بـۆ رازی بـوون بـە مافـە دیموکراتـی یـەکان یـان دیموکراسـی بۆرژوازی. لـە بڕی ئەوە پێویسـتە بەردەوام بیـن لـە گۆڕینـی خەباتـی «دیموکراتیـک» بـۆ شـۆڕشـی کۆمەڵایەتـی. تەنهـا ئەمەیـە دیموکراسـی راسـتەقینە بـە واقیعـی و ڕاسـتییەک لـە پێنـاو زۆرایەتیەکـی مـەزن لـە مرۆڤایەتـی.

___

_______________________________

دەربارەی نووسەر:
جـۆن مالینـۆ مارکسیسـتێکی بەریتانـی یـە و ئەندامـی سـەرکردایەتی پارتـی کرێکارانـی سۆسیالیسـت - بەریتانیایـە، هەروەهـا مامۆسـتایە لە زانکۆی پۆرتسـمس، نووسـەری چەندیـن پەرتـووک و نامیلکەیـە.

------------------------------

# پیرۆزی مۆسیقا لای ئایین و باوەڕی یارسان



سیروان عەلی ڕەزا یارسانی

هیچ شتێک وەک مۆسیقا مرۆڤەکان گرێ نادات و گوزارشت لەجوانی سروشت ناکات و نابێتە زمانحاڵیان و کاریگەری لەسەر ئارام ردنەوەی ڕۆحەکان نابێت و گیانە شەڕەنگێزەکان هێور ناکاتەوە. مۆسیقا ڕێگەیەکی هێندە جوانە کە مرۆڤ بەهۆیەوە ئەتوانێ بگاتە جوانی و بیرکردنەوەو نەمری. مۆسیقا بەشێکە لەسەفەری خوایی بۆ ناو ڕاستی و پاکی و لێبوردن و بەخشندەیی، بەرەو دۆزینەوەی پەروەردگار و هەست کردنە بەتام کردنی جیاوازی شتەکان . مۆسیقا تەنها ئەو شتانەنیە کە ئەدوێن و دەنگیان لێوە دێت هاوار ئەکەن و هەریەکەیان بەجۆرێک ئاوازی خۆیانمان ئەدەنێ. بەڵکو مۆسیقا بیستنی ئەو شتانەشن کەدەنگیان نیە، سەفەرێکە لەودیو دەنگەکانەوە، سەفەرێکە لەدنیای بێ دەنگیشدا. لە ڕێگەی مۆسیقاوە سەفەر بۆ ناو ڕۆح ئەکرێت و قووڵ ئەبێتەوە لەناخی مرۆڤداو قسە لەگەڵ گیانی مرۆڤدا ئەکات و دەرگای جوانیەکانی لێ ئەکاتەوە. بەکورتی نەمری ڕۆح و مۆسیقا دوو شتی ئاوێتە بوونن لەگەڵ یەکتردا و لێک دانابڕێن. جوانی مۆسیقا و تێکەڵاو بوونی بەڕۆح کاریگەرترین هۆکارە بۆ ئەوەی شوێن کەوتوانی ئایین و باوەڕی یارسان جۆرێک لە پیرۆزی و پاک بوونەوەی گیانەکان لە ڕێگەی مۆسیقاوە پەی پێ بەرن و تێکەڵاوی هەموو بۆنە پیرۆز و خۆشی و ناخۆشی و بەرگریەکانی خۆیانی پێ بکەن. بۆ ئەم مەبەستە ئەتوانین لەچەند ڕوداوو بۆنەیەکدا جوانی و پیرۆزی و کاریگەری مۆسیقا لای ئایین و باوەڕی یارسان بخەینە ڕوو.

## «هەوڵیان داوە لەڕێگەی مۆسیقاوە گیانە شەڕەنگێزەکانیان هێور بکەنەوە»

١- ئایین و باوەڕی یارسان ئاینێکی کوردییەو ڕەسەنایەتی و شوێنی بەرگریکردنیان خاکی خۆیان بووە دژ بەداگیرکەران و هەوڵیان نەداوە خاکی هیچ نەتەوەیەکیتر داگیربکەن. بەڵکو شۆڕشیان کردوە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە هەموو ئەو کاریگەریە مادی و مەعنەویانەی کە داگیرکەران ویستویانە بەسەریاندا بسەپێنن. سەرەتای شۆڕشیشیان بە توندوتیژی و زمانی شمشێرو توندو تیژی و کوشتن و برین دەستی پێ نەکردوە، بەڵکو سەرەتا هەوڵیان داوە لەڕێگەی مۆسیقاوە گیانە شەڕەنگێزەکانیان هێور بکەنەوەو مۆسیقا تێکەڵاوی ڕۆحی نەیارەکانیان بکەن تا ئەنجام بە ئاوازی مۆسیقا ئەخەنە ناو ناخیانەوە و هێوریان ئەکەنەوەو تا ڕاستیەکان ببینن دێنەوە ناو لەشکری یارسانەکان. لەم بارەوە لەساڵەکانی (٤٠٥)کۆچیدا بەفەرماندەی شاخۆشێنی لوڕستانی هەوڵی ڕزگارکردنی دەشتی زەهاو ئەدەنەوە کە لەلایەن نەیارانیانەوە داگیرکراوە. بۆ ئەم مەبەستە لەشکرێکی گەورە پێکەوە ئەنێن بەفەرماندەی شاخۆشێن و جێگرەکەی (لیزا خاتون) ئەم لەشکرە لای یارسانیان زۆر بەناوبانگە و بەلەشکری (نۆسەدە) بەناوبانگە و لەم لەشکرەدا نۆسەد تەمبور ژەن -- نۆسەد دەف لێدەر -- نۆسەد شمشاڵ ژەن – لە پێشەوەی لەشکرەکەوە بوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارەکانیان.

## «شاخۆشێن لای تۆ میوانە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست»

لەپەرتووکی پیرۆزی سەرەنجامدا ئاماژە بەم لەشکرە کراوە . بەرامبەر نەیارەکانیان ئەوەستن و دەست بەلێدانی مۆسیقا ئەکەن بۆ هێورکردنەوەی گیانی شەڕەنگێزی نەیارەکانیان --- سەرکردەی نەیارەکانیان بابا فەقێ ئەبێت --- بۆیە شاخۆشێن لەڕێگەی نوێنەری خۆیەوە کە کاکە ڕەدایی ناوە ئەنێرێتە لای بابا فەقێ تا ئەم پەیامەی بداتە دەست (شاخۆشێن ئەفەرموێت: جەئۆلگەی لوڕستانا جەئۆلگەی لوڕستانا، بابا خۆشێن ئەخزش کەرد جەئۆلگەی لوڕستانا، نۆسەد دەف چی، نۆسەد تەمبور دانا، نۆسەد بلور دانا، بابا فەقێ بنیش کاشاهات هات بە میوانا) واتە : بابا فەقێ شاخۆشێن لە لوڕستانەوە هاتووە نۆسەد دەف چی، نۆسەد تەمبور ژەن،

نۆسەد شمشاڵ ژەنی لەگەڵ لە شکرەکەیدایە، شاخۆشێن لای تۆ میوانە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست، بەڵام لەم کاتەدا بابا فەقێ زۆر بەڕەقی وەڵام ئەداتەوە و ڕووبەرووی ئامێرە مۆسیقیەکانی ئەمان پەنا بۆ شمشێر ئەبات و ئەڵێ (چەنی چەند وقتن دەرئین درەی تنگم، شمشێر بە دەست اس بروش بە جنگم ) ئەمە وەڵامی کەسێکی دەرون تاریک و دژە نیشتمان و داردەستی دوژمنانی گەلەکەی خۆیەتی لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا

دژ بەگەلەکەی خۆیان ئەبنە کۆیلەی دوژمنەکانیان و زمانی شمشێر نەبێت هیچ زمانێکی تر نازانن.

لە ئەنجام وەرگرتنی ئەم وەڵامە شاخۆشێن فەرمان ئەدات دەست بکەن بەلێدانی مۆسیقا، بەجارێک ئەو ناوە پڕ ئەبێت لە ناڵەی دەف و سۆزی شمشاڵ و ئاوازی تەمبور، بەردەوام ئەبن تا ئەنجام بابا فەقێ دێتە بەردەم شاخۆشێن و ئەڵێت (ڕەشەداڵم ڕەشەداڵم سیای هندی، هەرکۆیە بەرز بووەن لانە مەبەندی، بەڵێ شاخۆشێن جەنی ئەزیش پەسەندی). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مۆسیقا کاریگەریەکی بەهێزی هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لەگەڵ خودی خۆیان ئاشت ببنەوەو ببنە هەڵگری ناسنامەی خۆیان و خاک و نەتەوە بکەنە سومبلی جوانیەکان.

## «جەم پرۆسەیەکی خێرکردن و بەسەرکردنەوەی یەکترو ئاشتەوایی و بڕیاردانە»

٢- مۆسیقا بۆ کۆچی ئازیزان لای یارسانیەکان: مۆسیقا دەنگێکە لەدوور دێت و هەموو شتە خەوتوەکانی ناخی مرۆڤەکان بەئاگا ئەهێنێتەوە ئەوکات ئیتر ڕۆح تێکەڵاوی جوانیەکان ئەبێت و شتە نهێنیەکانی لائاشکرا ئەبێت، ئەو دەم مەرگ ئەبێتە سەرەتای ژیانێکی نوێ هەموو شتێک فەرامۆش ئەکات و تێکەڵاوی جوانیەکانی پەروەردگار ئەبیت و مەرگ لای ئەبێتە ئەنجامێکی فەرامۆشکراو ئەبێتە بەردەوامی ڕۆح و لەجەستە ئەچێتە دەرەوە و ئەنجامیش ئەچێتە ناو جوانیەکانی مۆسیقا . بۆیە لای یارسانیەکان بەدەم لێدانی دەف و شمشاڵ و تەمبورەوە ئازیزەکانی خۆیان بەرەو کۆچ بەڕێ ئەکەن و ماڵئاوایی لێدەکەن و ئەویش بەرەو دۆزینەوەی جەستەیەکی نوێ و سەرەتایەکیتری ژیانی نوێ لەگەڵ ناڵەی دەف و سۆزی شمشاڵ و ئاوازی تەمبور. ئەم پرۆسەی بەڕێ کردنی کۆچ کردوان لای یارسانیان پێی دەرترێت (چەمەرانە).

٣- مۆسیقا لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی جەمی یارساندا: جەم پرۆسەیەکی خێرکردن و بەسەرکردنەوەی یەکترو ئاشتەوایی و بڕیاردانە. لەجەمدا ڕۆحەکان ئاوێزانی یەکترئەبن و نوری خواش لەوپرۆسەیەدا گەورەیی و تواناو خۆشەویستی خۆی لەڕێگەی شۆڵەی گڕی ئاگرەوە پیشان ئەدات، لای یارسانیا لەپرۆسەی جەمدا مەرجە ئاگر بوونی هەبێت، لەئەنجامدانی ئەو پرۆسەیەداو تا ئێستا بەردەوامی هەیە، چونکە ئاگر ئاگری تایبەتمەندی هێزی خوای لە خۆگرتوە. مۆسیقا لەئەنجامدانی جەمی یارساندا گرنگی خۆی هەیە، ڕۆح و مۆسیقا



دووشتی لێک دانەبڕاون، بۆیە لەجەمی یارساندا بەدەم زکرو خواناسیەوە ئامادەبووان لەڕێگەی مۆسیقاوە زیاتر ڕوونەچنە ناو ڕۆحەکانیانەوە. ئەم پرۆسەی مۆسیقایە لەجەمی یارساندا پێی ئەوترێ (چەپ و دەس) مەرج نیە مۆسیقارەکان تەنها پیاو بن، بەڵکو هەرلەسەرەتاوە ژن پێگەیەکی دیاری هەبووە، لەسەرکردایەتی کردن و لێدانی مۆسیقادا لەپرۆسە جیا جیاکاندا. لەناودارترین ئەو ژنانە: ا- دایە خەزانی سەرگەتی، سەرکردەو تەمبور ژنێکی لێهاتوو بەتوانابووە، لە سەدەی پێنجەمدا ژیاوە هاوکاری (باوە ناوس بووە. ب- لیزا خانم: هاوکاری شاخۆشێن بووە، تەمبور ژنێکی بەتوانابووە، یەکێک بووە لە فەرماندەکان لە لەشکری نۆسەدەدا. ج- دایە تەورێزی هەورامی: تەمبور ژن بووە، هاوکاری باوە سەرهەنگ بووە. د- دایەرەک خاتوون: دایکی سان سەهاک بووە، تەمبور ژن بووە، فەرماندەبووە، هەروەها گوڵی خاتوون، ئاونگ خاتوون، نسێ خاتوون، ڕۆچیار خاتوون، ئەمانە هەموویان فەرماندەو تەمبور ژن بوون.

# سیاسەت بۆ هەمووان



**ڕێبوار ڕەشید**
**هاوسەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

**بەشێک لە ڕیشەی دیموکراسیی**

"زەمانێک هەبوو کە خوداکان هەبوون، بەڵام هێشتا هیچ بوونەوەرێکی مردە پەیدا نەبوو بوو. کاتێک کاتی ئەوە هات کە بوونەوەری مردەش لە سەر زەوی پەیدا ببن، خوداکان ئەو بوونەوەرانەیان لە دامێنی زەوی لە خۆڵ و ئاگر و بە تێکەڵاوکردنی جۆراوجۆری خۆڵ و ئاگر دروست کرد. پاشان کاتێک کاتی ئەوە هات کە بیانخەنە بەر ڕووناکیی، خوداکان ئەو ئەرکەیان خستە سەر شانی پرۆمەتێڤس Prometevs (ئەوی لە پێشدا بیر دەکاتەوە) و ئێپیمێتیڤس Epimetevs (ئەوی لە پاشان بیر دەکاتەوە) کە کەرەستەیان پێ بدەن و هێز و بەهرەی گونجاو کە بشێت بە هەر یەکێک لە بوونەوەرەکان بدەن. ئێپیمێتیڤس لەو کاتەدا داوای مۆڵەت لە پرۆمەتێڤس دەکات کە ئەرکی ئەو دابەشکردنەی پێ بسپێردرێت: "کاتێک کە هەموو شتەکان بەش دەکەم، تۆ دەتوانیت سەرپەرشتیی بکەیت". پرۆمەتێڤس داواکەی پەسەند دەکات و ئێپیمێتیڤس دەست دەکات بە دابەش کردن. ئێپیمێتیڤس بە هەندێکیان هێزی دا، بەڵام خێرابوون نا، خێرابوونی بەوانە دا کە لەوانی پێشوو بێهێزتر بوون. هەندێک لەوانەی کە زۆر بچووک دروست کرا بوون، باڵی پێ دان تا بتوانن بفڕن و خۆدەرباز بکەن، یاخود داڵدەگایەکی لە بنزەوی بۆ ساز کردن. بەڵام ئەوانەی کە زل دروستی کردبوون، گەورەیی لەشی خۆیانی بۆ کردن بە پارێزە. تەنانەت لە هەموو شتەکانی دیکەشدا وای کرد کە ئەم شت لەگەڵ ئەو شت بێتەوە. ئێپیمێتیڤس بەو شێوە بیری خۆی دارشتبوو تا هیچ جۆرە ڕەگەزێک نەتوێنرێتەوە. کاتێک کە ئێپیمێتیڤس بەو شێوەیە پارێزەی دژ بە خواستی خۆیان بۆ یەکتر لەناوبردن، بۆ ساز کردبوون، بیریشی هەروەها لەوە کردەوە کە پارێزەیان دژ بە سەختیی و دژواریی وەرزەکان پێ بدات: بەرگێکی چڕی موو و پێستێکی ڕەقی پێ دان، ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی هەم لە سەرما و هەم لە گەرمایش بیانپارێزێت، کە هەروەها بۆ ئەوەیش بوو کە کاتێک ویستیان پشوو بدەن، وەکو لێفەیەکی سرووشتیی بێت بۆیان. بۆ هەندێکیان سمی دا نا و بۆ هەندێکی دیکەیان تیرەی جیری بێ خوێن. ئەوجا خۆراکی جیاوازی بە هەر یەکێک لەو بوونەوەرانە دا: بەری زەوی بە هەندێکیان بەخشی، و بە هەندێکی دیکە میوەی درەختەکان و بە هی تر سەلک و ڕیشە. هەندێک هەبوون کە ئاژەڵی دیکەی وەکو بژێوی پێ دان: بۆ ئەمانەیان سنوورێکی دیاریکراوی بۆ زاوزێ دیاری کرد و بەوانەی ژێریشەوەیان کە دەبوون بە خۆراکی ئەوان توانای زاووزێی زۆر، بەو جۆرە ئەو بیری لە هەبوونی بەردەوامیی ڕەگەزەکان کردەوە. بەڵام لەبەرئەوەی ئێپیمێتیڤس بەو ڕادەیە زرنگ نەبوو، بێ ئەوەی باش بیر بکاتەوە هەر هەموو ئەو هێز و بەهرانەی لە بەردەستییدا بوون دای بە بوونەوەرە جیاوازەکان. ڕەگەزی مرۆڤ مابوون، و ئەم ئەسڵەن بیری لێ نەکردبوونەوە. ئێستا نەی دەزانی چی و چۆن بکات.

## «بێ ئاگر هیچ کەس نەیدەتوانی بەهرەی هونەر بخاتە کار»

لە ناوەڕاستیی ئەم دەستەوەستانییەدا پرۆمەتێڤس دێت بۆ ئەوەی لە دابەشکردنەکە بڕوانێت. پرۆمەتێڤس بینی کە هەموو بوونەوەرەکان بە شێوەیەکی باش کەرەستەدار بوون، بەڵام مرۆڤ ڕووت بوو، هەر بە پای خۆیەوە وێستابوو و تەواو، بێ پێخەف و بێ هیچ پارێزەیەک بوو. ئێستا وا ڕۆژ ڕۆژی دیاریکراو بوو، کە تیایدا تەنانەت مرۆڤیش لە ناو زەوییەوە بێتە دەر بۆ ناو ڕووناکیی. پرۆمەتێڤس بێ ئەوەی بزانێت بە چ شێوەیەک چارەسەرێک بۆ مرۆڤ بدۆزێتەوە، لە ناچارییدا ڕۆیشت و بەهرەی هونەری هێفایستۆ Hefaisto و ئاتێنا Atena ـــی دزی و هەروەها ئاگریش: چونکە بێ ئاگر هیچ کەس نەیدەتوانی بەهرەی هونەر بخاتە کار. ئەوجا پرۆمەتێڤس هات و بەهرەی هونەری دا بە مرۆڤ. بەو شێوەیە مرۆڤ زانیاری پێویستی بۆ خۆبەڕێوەبردنی ژیان وەرگرت. بەڵام مرۆڤ نەبوو بە خاوەنی هەستی سیاسیی، چونکە هەستی سیاسیی لای زێڤ Zev بوو. پرۆمەتێڤسیش نەیدەتوانی خۆی بخزێنێتە ناو قەڵای زێڤەوە کە لەلایەن پاسەوانە درندەکانی زێڤەوە دەپارێزرا. تەنها بە دزییەوە خۆی خزاندبووە

ئەو ژوورە کە هێفایستۆ و ئاتێنا پێکەوە کاریان تیادا دەکرد. لەوێ هونەری هێفایستۆی دزی، کە کار بە ئاگر دەکات، و هەر بەو شێوەیەش هونەری ئاتێنا دزی و کە پاشان هات و دای بە مرۆڤ. ئا بەو شێوەیە بوو کە مرۆڤ یارمەتی چنگ کەوت کە بتوانێت بژێوی خۆی پەیدا بکات. بەڵام پرۆمەتێئسیش، پاشان، هەروەکو دەگێڕدرێتەوە، سزای خۆی وەرگرت چونکە ئاگری دزی بوو. ئەگەرچی تاوانە ڕاستەقینەکە ئێپیمێتیفس کردبووی.

### «توانای مرۆڤەکان هەر بەشی ئەوەندەی دەکردن کە خۆراک لە بن زەوی پەیدا بکەن»

کەواتە بەو شێوەیە مرۆڤیش بەشی لە بەختی خوداکان بە چنگ کەوت. مرۆڤ هەروەها تەنها یەکێکیش بوو لە بوونەوەرە دروستکراوەکان کە بە هۆی خزمایەتیی لە خوداکانەوە، بڕووای بە خوداوەندەکان هەبوو و هەوڵی دا ئاڵتار و وێنەیان بۆ دابتاشێت. دوای ئەوە هەر زوو بە زوو فێری دەنگی بەئەقڵ و زمانێکی پڕ هونەر بوو، هەروەها خانووبەرە و جلوبەرگ و کەوش و پێخەفی پەیدا کرد و خۆراکی خۆی لە بن زەوی هێنایە دەر. بەو شێوە کەرەستەدار لە سەرەتادا مرۆڤەکان لەملاولا دەژیان، و شارەکان پەیدا نەبووبوون. لەبەرئەوە ئاژەڵەکان دەیانکوشتن، چونکە لە هەموو ڕوویەکەوە مرۆڤەکان لە ئاژەڵەکان بێهێزتر بوون. توانای مرۆڤەکان هەر بەشی ئەوەندەی دەکردن کە خۆراک لە بن زەوی پەیدا بکەن، بەڵام بەشی ئەوەی نەدەکردن کە دەرەقەتی ئاژەڵە دڕندەکان بێن. لەبەرئەوەی هێشتا لە هونەری دەوڵەت – کە هونەری شەڕ یەکێکیانە – نەدەزانی. بەو شێوەیە هەوڵیان دا کۆببنەوە و لەو ڕێگایەوە خۆبپارێزن کە شار دابمەزرێنن، بەڵام کاتێک کۆبوونەوە، نادادیان بەرانبەر بە یەک دەکرد، چونکە هێشتا زانیاری سیاسییان لا دروست نەبووبوو؛ بەو شێوەیە دووبارە لە یەک ترازانەوە و دیسانەوە خۆیان بە فەوتاندن دا. ئەوە بوو کە زێڤ ترسی لێ نیشت، ترسی ئەوەی کە هەموو ڕەگەزی مرۆڤ بفەوتێت. لەبەرئەوە هێرمێس Hermes دەنێرێت تا بەدەربەستهاتن و دادوەریی بە مرۆڤەکان ببەخشێت، بەو هیوایەی ئەو خەسڵەتانە ببن بە دەسەڵاتی ناو شارەکان و ببن بەو ژێیانەی هاوڕێیەتی نێوان مرۆڤەکان ڕادەگرن.

هێرمێس ئەوجا لە زێڤس دەپرسێت، کە ئایا بە چ شێوەیەک بەدەربەستەوەهاتن و دادوەریی بە مرۆڤەکان بدات. ئایا بەدەربەستهاتن و دادوەرییان هەر بە هەمان ئەو شێوەیە بدەمێ کە توانا و هونەریان پێ درا؟ خۆ ئەوان ئەوەیان بەو شێوەیە وەرگرتووە، کە تەنها یەک تاکە مرۆڤ بۆ نموونە، هونەری دەرمانەوانیی، پێ بەخشراوە، ئەمەش دەبێت بەشی کۆمەڵێکی دیکە بکات و خاوەن ڕشتەکانی دیکەیش هەر بە هەمان جۆر. ئایا بەدەربەستەوەهاتن و دادوەرییش هەر بە هەمان شێوە بە سەر مرۆڤەکاندا ببەخشمەوە یاخود بە سەر هەر هەموو یەکێکیاندا دابەشی بکەم وا کە هەر هەموویان بەشی خۆیان بەر بکەوێت؟ ئەرێ، بە سەر هەر هەموو یەکێکیاندا بەشی بکە، زێڤس وەڵامی دەداتەوە؛ دەبێت هەمووان بەشیان بدرێت. ئەگەر بە تەنها هەر چەند کەسێک بەدەربەستەوەهاتن و دادوەریی وەبەریان بکەوێت، کە وەکو سەبارەت بە هونەرەکانی دیکە وا بووە.. ئەوا شاران دانامەزرێنرێن و ناتوانن هەبن. تۆش دەبێت، لە بریتیی من، ئەو یاسایە فەراهەم بکەیت، کە هەر یەکێک کە بەشی خۆی لە بەدەربەستەوەهاتن و دادوەریی نەبێت، دەبێت وەکو تاعونی کۆمەڵگا ببینرێت و مەرگی پێ بشێت.

ئەم گێڕانەوەیەی پرۆتاگۆراس (٤٨١- ٤٢٠ پ.ز) کۆنترین تێکستی فەلسەفەیە سەبارەت بە سیاسەتی دیموکراسیی، کە خوداوەندەکان بەشی بەدەربەستەوەهاتن و دادوەرییان بە هەموو تاکەمرۆڤێک داوە بۆ ئەوەی بتوانن بەشداریی لە سیاسەتدا بکەن و بەو شێوەیە بە یەکەوە بژین و شار و شاران دابمەزرێنن و ڕەگەزی خۆیان لە سەر ژیان بەردەوام پێ بدەن.

پرۆتاگۆراس (٤٨١- ٤١١ پ.ز) ئەو فەیلەسوفەیە کە دەسەڵاتداران کتێبەکانیان سووتاند چون پێیان وابوو زانیاریی دژخودایی بڵاو دەکاتەوە. پرۆتاگۆراس بە یەکێک لە یەکەمین هیومانیستەکان و بناخەی بیری گفتوگۆی ئازاد و دیموکراسیی دادەنرێت.

ئەفلاتون (٤٢٧- ٣٤٧ پ.ز) کە لە زریانی تەمەنی پرۆتاگۆرسدا مرۆڤێکی نەونەمام بوو، بایەخێکی زۆری بە خوێندن و زانست دەدا و پێی وابوو ئەوانە پسپۆڕانن کە دەبێت ئەرکی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان لە ئەستۆ بێت.

### «مەترسی ئەوە دەبێت کە ناخوێندەوارانیش بکەونە ناو سیاسەت و دەستەڵاتەوە»

ئەفلاتون هەر زۆر کەم لە سەر خەڵکی هەژار و جووتیار و کۆیلە و توێژەکانی دیکە قسەی کردووە. ئەوی شایانی باسە ئەوەیە کە هەرچەندە لە ئەکادێمیەکەی ئەودا هەر بە تەنها پیاوان هەبوون، بەڵام هاوکات جەختی لە سەر فەراهەمیی زانست بۆ هەردوو توخمی نێر و مێ کردووە. بەو شێوەیە دەتوانرێت پێ دابگیرێت کە ئەفلاتون بانگەشەی بۆ

حکومڕانیی شێوەیەک لە تاکڕەوی/ توێژڕەوی کردووە. ڕەخنەی سەرەکیی ئەو لە دیموکراتیی ئەتێنای ئەو کاتە ئەوە بوو کە پێی وابوو لەو ڕێگایەوە کە پیاوان هەموو تێکڕا بۆیان هەبێت دەنگ بدەن، مەترسی ئەوە دەبێت کە ناخوێندەوارانیش بکەونە ناو سیاسەت و دەستەڵاتەوە. ئەفلاتون پاشان لە پایزی ژیانیدا ڕای خۆی سەبارەت بە ناچاریی پێداویستیی هەبوونی پادشایەک گۆڕی و پێی وابوو کە هەبوونی پادشایەک [بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا] بەس ناکات، بەڵکو هەروەها یاسا و ڕێساگەلیش هەروەها دەبێت هەبن.

بەڵام تازە درەنگ بوو. مرۆڤ چەندە بە دەربەستهاتن و دادوەریشیی لە خوداکانەوە پێ بەخشرابێت، لە شوێنێکدا هەر تەسک بیر دەکاتەوە و لە شوێنێکدا مەرگ هەر پێی دەگاتەوە.

## «ئەریستۆ پێی وابوو کە حەتمەن دەستەڵات دەبێت گشتگیر هەبێت»

وا پێدەچێت ئەریستۆ (٣٨٤ – ٣٢٢ پ.ز) لە بێدەنگییەکی ڕانەگەیاندراودا زۆر زیاتر بیری لە تێزەکانی پرۆتاگۆراس و ئەفلاتون کردبێتەوە وەک لەوەی بە گشتیی بینراوە. ئەریستۆ هەرچەندە ئارەزووی جۆری دیکەی لە زانست دەکرد، بۆ نموونە ماتماتیک و بایۆلۆژیی، بەڵام خاوەنی یەکێک لە پراکتیکترین ساختارەکانی سیستەمی دیموکراسییە، ئەویش داهێنانی پارلەمان وەک سەرکانیەک بۆ یاسادەرکردن، و هەبوونی دەستگایەکی جێبەجێکردن، واتە حکومەت و ئەنستیوتەکان و دامودەستگاکان، و هەبوونی دەستگای دادوەریی، واتە دادگاکان بوو. ئەریستۆ پێی وابوو کە حەتمەن دەستەڵات دەبێت گشتگیر هەبێت، بەڵام هاوکات بە تەندروستی نە دەزانی کە هەموو چین و توێژ و گرووپێکیش وەکو یەک، یەکسان، بەشداریی لە دەستەڵاتدا بکەن. بە لای ئەمەوە چینی مامناوەندیی لە هەموو ئەوانەی دیکە ژیرتر بوو. ئەریستۆ پێی وابوو چینی مامناوەندیی بێ لەوەی بە گشتیی ژیرە و پێگای سەودای هەیە، هەروەها نە هێندە هەژار و نەدارە کە دەستەڵات تووشی دارمان بکات و نە هێندەیش زەنگینە کە لە بەرژەوەندیی خۆیدا سەرمەست بێت و بیەوێت دەستەڵات بخاتە ژێر خۆی. لەبەرئەوە هەم دژی سیستەمی ئۆلیگارکی، واتە دەستەڵاتی کەمینە/ هێندێک، و هەم دژی سیستەمی ئۆتۆکراتیی یان مۆنارکیی بوو.

بەو شێوەیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت ڕووخسارێکی کەمێک کۆنکرێت بە بیری سەرەتایی چەپی گشتیی بدەین، لانی کەم لە هزری خودنائاگادا، و بمانەوێت لە هەوڵی داهێنانی بیرێک بگەین کە هزرمەندان ویستوویانە بۆ بەکارهێنانی وەکوو سیستەمێک کە مرۆڤ سوودی سیستەماتیکی بۆ خۆبەڕێوەبردنی هاوماف و هاوئەرک لێ ببینێت و کە پاشان ناوی "دیموکراسیی" لێنرا، دەبینین کە ئەریستۆ لە نێوان پرۆتاگۆراس و ئەفلاتوندا تێزێکی نوێ سەبارەت بە دیموکراسیی و شێوەی بەشداریکردن دەخاتە بەردەست، بەڵام لە پرۆتاگۆراس کەمتر چەپ و لە ئەفلاتون زۆر کەمتر ڕاست. یۆنانیەکان خزمەتی گەورەیان بە بیری سیاسیی بە تایبەتیی و بە دیموکراسیی بە گشتیی کرد. بەڵام کەمێک لەولاترەوە، ئیمپراتۆری ڕۆم، پێش ئەوەی هەوای کریستیانبوون و ئایینی سەرزەوی بیانگاتێ، خولیای چۆنیەتی دەسەڵات و پراکتیزەکردنی دەسەڵات لە سەر زەوی لێی دابوون و دەسەڵات و هەژگی دەسەڵات کێشەی ڕۆژانەیان بوو. لەوێدا تاکەکەس و هاووڵاتیی، ئەگەرچی وەکوو چەمکی تایبەتیی دیاریکراوی سیاسییش نا، زیاتر کەوتبووە ژێر جەختی هزر، بەڵام دووبارە لە ژێر دیدێکی خوداییدا.

لە بەری ڕۆما دا مارکوس تولیوس سێسەرۆ Marcus Tullius Cicero (١٠٦ – ٤٣ پ.ز) کەسێکی دیکەیە کە کاریگەریی گەورەی لە سەر بناخەدانانی دیموکراسیی هەیە. مارکوس لە ئیمپراتۆری ڕۆمادا پیشەی پارێزەر بوو، بەڵام هاوکات ڕۆشنبیرێک بوو کە سەبارەت بە یاسا و ماف و ئازادیی گوژمێکی گەورەی بە مافی هاووڵاتیبوون لە ئیمپراتۆری ڕۆما دا کە هەتا سەدەی هەژدەهەمیش برەودار بوو. مارکوس دەیگوت مرۆڤ دەبێت هەموو لە بەردەم یاسادا هاوماف بن و داواکاریی ڕەووشتیی لە سەر دەستەڵاتداران هەبوو. کاتێک دەستەڵات لە خەڵکەوە بدرێت، کەواتە دەبێت وڵات بە پێی یاسای دەوڵەت بەڕێوەببرێت و دەستەڵاتیش تەنها بە پێوانەی ڕەووشت پاڵپشتیی یکردرێت. مارکوسیش هەروەکو فەیلەسوفە یۆنانیەکان پێی وایە یاساخوداییەکانن کە دەبێت برەودار بن و ئەو زانست و ڕەووشتەی کە مرۆڤ هەیەتی، بەشی خوداکانە پێی دراوە.

## «ڕۆشنبیران هەر خاوەنی قسەوباسەکان نەبوون، بەڵکو دایک و بابیشیان بوون»

مێژووی ڕۆشنبیریی مرۆڤ سەبارەت بە دەسەڵات و تاکەکەس و دیموکراتیی و هتاد لەو ناوبەیەندا هەتا خاڵێکی تایبەت لە مێژووی ئوروپادا سەبارەت بە مرۆڤ و مافەکانی لە چوارچێوە و ژێر میچی ڕۆشنبیراندا دەهات و دەچوو. ڕۆشنبیران هەر خاوەنی قسەوباسەکان نەبوون، بەڵکو دایک و بابیشیان بوون. هزر لە دامێنی ئەمانەوە دەکەوتە خوار و بە خوێناوی زاوزێی بیریی و هزریی ئەماندا ڕووەو کۆڵانە تەسک

و تەنگەبەرەکانی جەماوەری ماندوو شۆڕدەبووەوە. ئەوی لە ناو ئەو جەماوەرەدا بیتوانیایە چێژی ژیان لەو سێڵاوە ببینێت، دەیبینی. ئەوی نەیدەتوانی، بە کۆیلەیی دەژیا و بە کۆیلەیی دەمرد.

ئەو خاڵە تایبەتەی لە مێژووی ئەوروپادا بوو بە خاڵی وەرچەرخان و هەموو ئەمانەی تیادا بوون بە بناخەیەک و لە پەیمانێکدا کاریگەریی خۆیان نیشاندا، پەیمانی "ماگنا چارتا" بوو.

## «لە سەردەمی پادشایەتی ئەودا ئینگلستان تووشی کێشەی گەورە هات»

ماگنا چارتا Magna Charta وشەیەکی لاتینیە بە مانای "پەیمانی مەزن" دێت. ساڵی ١٢١٣ پادشا جۆن هێنریک دووا Johan Henrik II ولاتی ئینگلستانی لای پاپاس خستە ڕەهنەوە تا کێشەی خۆی لەگەڵ کڵێسادا چارەسەر بکات. پادشا جۆن، بەختی نەیار، هەر لەو کاتەوە بە "جۆنی بێ خاک/ پادشای بێ خاک" ناوزەند کرا. لە سەردەمی پادشایەتی ئەودا ئینگلستان تووشی کێشەی گەورە هات و تا دەهات بچووکتر و لاوازتر دەبوو. خەڵک ئیتر لەوە زیاتر هەر تەنها بە نارازیبوون نەوێستان و ساڵی ١٢١٥ ناچاریان کرد ئەو پەیمانە ئیمزا بکات کە بە "پەیمانی مەزن" ناوی چووە مێژوو. لەو پەیمانەدا خەڵکی ئینگلستان دەستەڵاتی پادشا جۆن ـیان بەرسنوور کرد و مافی زیاتریان بە خۆیان دا. ئەو پەیمانە لە ڕووی ناوەرۆکەوە هێندە گرینگە کە بوو بە بناخەی سیستەمی پارلەمێنتاریی ئینگلستان. لێرەدا جێی خۆیەتی چەند بڕگەیەک بهێنرێتەوە. لە بڕگەی یەک دا هاتووە:

"لە پێشدا ئێمە (ئێمە = من، واتا پادشا جۆن) لە بەردەم خودا بەڵێنمان داوە، و لە ڕێگای ئەم پەیمانەوە سەلماندوومانە، لە بەردەم خۆمان و نەوەی ئایندەماندا، کڵێسا لە ئینگلستان ئازاد بێت، و هەموو ماف و ئازادیەکانی خۆی هەبێت.

ئێمە هەروەها ئەو ئازادیانەمان پەسەند کردووە کە لە خوارەوە نووسراون و داومانە بە هەموو مرۆڤێکی ئازادی ناو سنووری پادشایەتیمان، خۆمان و هەموو ئەوانەی کە لە پاش خۆمان دێن، هەتاهەتایە، کە [ئەو ماف و ئازادیانە] هەبن و بۆیان بپارێزین، بۆ ئەوان و بۆ ئەوانەی لە پاشیان دێن، لەلایەن ئێمە و ئەوانە کە لە پاشمان دێن، بۆ هەتاهەتایی".

لە ماگنا چارتا لە پەرەگرافی ١٣ سەبارەت بە ئازادیی شارەکان، هاتووە:

"شاری لەندەن دەبێت بە هەموو ئازادیەکانی پێشووی خۆی و بە مافگەلە ئازادەکانی (بازرگانیی) چ لە سەر خاک و چ لە سەر ئاو، شاد بێت. ئێمە بە هەمان شێوە پەسەندی دەکەین و گەرانتیی دەدەین کە هەموو شارەکان، شارۆچکە و دەربەندەکان هەموو ئازادیی و مافگەلی ئازادی خۆیان هەبێت و پێی شاد بن". و هەروەها لە پەرەگرافی ٢٨ سەبارەت بە فەرمانبەرانی پادشا و چۆنیەتی کار و هەڵسوکەوتیان دەڵێت: "هیچ کوێخا و فەرمانبەرێکی پادشا بۆیان نییە دەست بە سەر دانەوێڵە یان جۆری دیکە لە سامانی بگوێزدا بگرن کە هی خەڵکی دیکە بێت، جیا لەوەی کە هەر ڕاستەوخۆ پارەکەی بدەن، مەگەر فرۆشیارەکە بە ئارەزووی خۆی پێشنیار بکات کە پارەدانەکە دوا بخرێت".

ماگنا چارتا یەکێکە لەو دوکۆمێنتانەی تازە بایەخ و نەخشی خۆی لە مێژوودا لە سەر بەرد هەڵکەندووە. چون نە هەر سەبارەت بە ئازادیەکانی تاک، بە خاوەندارێتیی کۆمەڵگای ئینگلستان بۆ زەوی و زار و سامانی ئەو وڵاتە، دەدوێت، بەڵکو هەروەها ورد دەبێتەوە بۆ تەنانەت بەشی وەکو مافی تاکەکەس لە داواکردنی خزمەتگوزاریی و مافی مرۆڤ و ئازادیی دەربڕین.

## «ئینگلستان لە مێژوودا بوو بە کەنداوی سێڵاوەکانی هزر و بیرگەلی یۆنان و ڕۆما»

پەرەگرافی ٣٨ دەڵێت: "ئیتر نابێت هیچ فەرمانبەرێک بە پێی پێداگرتنی خۆی کەسێک دادگایی بکات، کە نەتوانێت ڕاستیەتیی ئەو ڕووداوە بە شاهیدی چەند کەسێکی جێ باوەڕ، بسەلمێنێت". لە پەرەگرافی ٣٩ کە سەبارەت بە مافی مرۆڤە، هاتووە کە "نابێت هیچ پیاوێکی ئازاد بگیرێت یان زیندان بکرێت یاخود لە مافگەل و سامانی دابڕێندرێت یان بێ پارێزە بهێڵرێتەوە یاخود لە وڵات وەدەربنرێت یان لە (کۆمەڵگادا) بە هەر شێوەیەکی دیکە پلەوپایەی خۆی لێ بسەندرێتەوە. هەروەها نامانەوێت بە زەبر دەست بخەینە کاریەوە یاخود خەڵکی دیکە بنێرین دەست بخەنە کارییەوە، بێ لەوەی کە پاش دادگاییکردنی دروست، لە لایەن هاوشانەکانی خۆیەوە یاخود بە پێی یاسا، تاوانبار بکرێت".

ناوەرۆکی ئەم پەرەگرافە هێندە بە نرخە کە لانی کەم هەندێکی لە جارنامەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لە پەرەگرافی ٣، ٧، ٩ و ١٠ دا، و لە دەستووری ئەمەریکا بەشی ٥ و لە دەستووری حوکمڕانیی سوێد ساڵی ١٨٠٩ دا لە پەرەگرافی ١٦ دا، وەرگیراوە.

کەواتە ئینگلستان لە مێژوودا بوو بە کەنداوی سێڵاوەکانی هزر و بیرگەلی یۆنان و ڕۆما. لە ناو ئەو خەڵکەدایە کە بەین دەخرێتە نێوان پادشا و دەسەڵاتی خودایی و کە نیشانەی پرسیار دەخرێتە سەر دەسەڵاتەکانی پادشا و خانەوادە و دارودەستەی و کە بەشێک لەو دەسەڵاتەی لێ دادەماڵن، ڕاستەوڕاست بەرەو کۆشی خەڵک. زۆر پێش شۆڕشی فەرەنسیی ئینگلیزەکان، بە ڕەنجێکی زۆر کەمتر، دیواری قەڵاکان دەشکێنن و کۆشکنشینەکان ناچار دەکەن بەشێکی دەسەڵات لە مانای جیاوازدا ڕووەو شار و گوند و ماڵەقوڕینەکانی ئەو نەتەوەیە بەرەو ئەو شوێنانە ڕەها بکەن کە پرۆتاگۆراس و ئەفلاتون و ئەریستۆ و مارکوس و ئەوانی دیکە شایەد لە بێدەنگیی شەونخونییاندا بیریان لێ کردبێتەوە.

هاوکات و لە ژێر کاریگەریی ماگنا چارتا دا لە سوێدیش بزووتنەوەی مافخوازیی و دیموکراسییخوازیی سەری هەڵداوە و کاریگەریی زۆر گەورەی لە سەر خەباتی ئازادیی و دابەشکردنی دەسەڵات داناوە.
بۆ نموونە "بانگەوازی ئازادیی/ ئازادیینامە" Frihetsbrevet ساڵی ١٣١٩ نووسرا کە بە ماگنا چارتای سوێدیی بە ناوبانگە و لەوێدا یاسازانان و قەشەگەورەکانی سوێد داوای مافگەلی کۆنکریت لە دەستەڵاتی پادشایی سوێد دەکەن.

## «قەشەکان کە خۆیان بە نوێنەرۆکەکانی خودا لە سەر زەوی دادەنا»

لە مێژووی بێکەسیی و بێدەرەتانیی و ترس و دڵخورپە و گومان و پرسیاری هەزارەی بێ وەڵامی خۆیدا مرۆڤ خودای لە ئاوێنەی لێڵی خودی خۆی دروست کرد. ڕەنگە وشەی خود و خودا لە زمانی کوردیدا باشترین بەڵگەی وێناکردنی نێوان خود/ تاکەکەس و خودا/ ئێزدان بێت کە دیارە هێشتا هەر درێژەی هەیە. بەڵام زۆری نەکێشا کە خوداکان بوون بە هێزی دەرزەمینی گەورەوگران و بوون بە پاڵپشتیی دەسەڵاتدارانی سەرزەوی.

لە تێکۆشانی "بانگەوازی ئازادیی/ ئازادیینامە" Frihetsbrevet ساڵی ١٩١٣ی سوێدیەکاندا دەبینین کە قەشەکان کە خۆیان بە نوێنەرۆکەکانی خودا لە سەر زەوی دادەنا، شان بە شانی خەڵک و پشت لە پادشا، دەیانەوێت بەشێک، ئەگەرچی کەمیش بێت، لەو زێدەدەسەڵاتە لە پادشا بسەننەوە کە بە ناوی خودا و بە پاڵپشتیی ئەو بە خۆی بەخشیوە.

بێگومان لە شوێنی دیکەیش خەباتی لەو جۆرە هەیە کە ڕەنگە لەبەر هۆی جیاواز تۆمار نەکرابن، بەڵام دەتوانین بڵێین کە بزووتنەوەی فەلسەفەی مافخواز و بەرابەرخوازیی یۆنانیی و ڕۆمایی، "ماگنا چارتا"ی ئینگلستان و "ئازادیینامە"ی سوێد کۆڵەکەی بنچینەیی گرینگن لە مێژووی ئەم خەباتەدا.
بزووتنەوەی ئازادیخوازانەیش لە سەرانسەری ئوروپادا هەر لە سەردەمی ڕۆشنگەریی و ڕفۆرمیزمەوە کاریگەریی خۆیان بە ئەرێنیی داناوە. پرۆسەی دروستبوونی نەتەوەسازیی و دەوڵەتسازیی، لە ئەڵمان و بەتایبەتیی لە ئیتاڵیا کە وڵاتێکی فرە هەرێم و میرنشینیی بوو، هەروەها کۆمەکیان بە پرۆسەی مافخوازیی و دیموکراتخوازیی کردووە و بەهێزتریان کردووە.
لەو ڕووەوە یەکێک لەوانەی کە بێگومان دەبێت ئاوڕی لێ بدرێتەوە، نیکۆلۆ ماکیاڤێللی یە.

## «لەگەڵ کاتتدا ماکیاڤێللی دەگۆڕێت»

ئەوانەی ماکیاڤێللی تەنها لە ڕێگای "میر" ەوە دەناسن، وێنەیەکی زۆر هەڵەیان لێی هەیە.
نیکۆلۆ ماکیاڤێللی ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرەیە کە زیاتر بە کتێبی "میر" بە ناوبانگە. لە "میر" دا ماکیاڤێللی ماف بە دەستەڵاتدار دەدا کە بۆ وەدەستهێنان و بۆ هێشتنەوەی دەستەڵاتی خۆی گوێ بە بەڵێن و ڕەووشت و سۆز و خۆشەویستیی نەدات و بەڵکو تا ئەوپەڕی دەتوانێت یان دەبێت ڕێگا بە خۆی بدات سوود لە لاوازیی و کێشە و جۆرەکانی نائارامیی و نیگەرانیی یار و نەیاران وەربگرێت.

بەڵام لەگەڵ کاتتدا ماکیاڤێللی دەگۆڕێت.
لە کتێبی "سەرنجدان لە دەیەی یەکەمی تیتوس لیڤیوس Discourses on the First Decade of Titus Livius" جۆرێکی دیکە لە بیرکردنەوە لای ماکیاڤێللی دەبینین. لیڤیوس تیتوس (٥٩ پ.ز - ١٧ د.ز) ئەو مێژووناسە ڕۆماییە بوو کە پێی وابوو یەکێک لە هۆیە گرینگەکانی پشت ڕووخانی ئیمپراتۆری ڕۆما گەندەڵیی ڕەووشتیی بوو. ڕەنگە لە ژێر ڕۆشنایی گێڕانەوەکانی لیڤیوس دا بێت کە ماکیاڤێللی سەبارەت بە باسی ڕەووشت و خەڵک/ گەل گۆڕدرابێت.

ماکیاڤێللی دەنووسێت: "ئەوی سەبارەت بە زرنگیی و تۆکمەییە ئەوا دەڵێم کە گەل زیاتر زرینگ و تۆکمەیە و هەڵسەنگاندنی گەل لە هی میرێک باشترە. لە خۆڕا نییە کە دەگوترێت ‹دەنگی گەل دەنگی خودایە›، چونکە دەبینین قسەی گەل بە شێوەیەکی وا جوان پێشبینیی ڕووداوەکان دەکات، کە نێزیکەی لەوە دەچێت کە گەل توانایەکی لە باسنەهاتووی

بۆ پێشبینیکردنی شتی باشە و خراپە هەبێت. هەرچی سەبارەت بە توانای هەڵسەنگاندنی گەلە، ئەوە هەر زۆر دانسقەیە کە گەل نەتوانێت، کاتێک کە گوێبیستی دوو جۆر لە ئاخێوەری زرینگی جیاواز دەبێت کە پێشنیاریی دوو جۆر لە چارەسەری جیاواز دەکەن، بڕیاری خۆی بۆ پێشنیارە باشترەکە بدات، ئەوەیش بە واتای تواناداریی گەلە کە ڕاستیی لەوەدا هەڵبهێنجێنێت کە دەیبیستێت.

ئێمە هەروەها دەبینین کە لە هەڵبژاردەی رابەریشدا گەل لە میر زرینگترە. هیچ خەڵکێکیش نییە کە هیچ کاتێک بتوانرێت قەناعەتی پێ بکردرێت کە بێن و پیاوێکی بێشەرم و بێئابڕوو و نەریت گەندەڵ، بۆ پۆستێکی بەرز هەڵبژێرێت، ئەمە شتێکە کە میرێک بە هاسانیی و بە هەزاران شێوە دەتوانرێت ئەو کارەی پێ بکردرێت. هەروەها دەیبینین، لەو شارانەدا کە گەل تیایدا سەروەرە، گەورەترین پێشکەوتن بە کورتترین ماوە وەدەست دەهێنرێت و تەنانەت زۆر گەورەتر لەو شارانە کە هەمیشە میر بەڕێوەیان دەبات. لە ڕۆمدا وابوو پاش وەدەرنانی پادشاکان، و لە ئەتێناش پاش ئەوەی لە پایسیتراتۆس Peisistratos ڕزگارییان بوو (پایسیتراتۆس کوڕی هیپۆکراتێس ـــی فەیلەسوفە و ناوەکەی بە شێوەی جودا دەنووسرێت. بە یەکێک لە تاکڕەوە زاڵمەکانی ئەتێنا دادەنرێت). ئەمەیش هیچ پێوەندیەکی بە هیچ شتێکی دیکەوە نییە ئەوە نەبێت کە حوکمڕانیی گەلان لە حوکمڕانیی میرەکان باشترە – لەبەرئەوەی ئەگەر ئێمە کەموکورتیی گەل لەگەڵ کەموکورتیی میراندا بەراوورد بکەین، و لەگەڵ لایەنگەلی باشی جیاوازیان هەڵیان بسەنگێنین، دەبینین کە گەل لە هەموو شتێکی باش و ئابروومەندانەدا سەروەترە. ئەگەر میرەکان باڵادەستیی خۆیان لە یاسادانان و فۆرماندنی دامەزراوەی دەوڵەت و ڕێساگەلی نوێ و ئایینامەدا بنوێنن، خۆ ئەوە گەل لە بەرزراگرتنی ئەم دامەزراوانە و یاسا و ڕێساکاندا باڵادەستە، ئەوەیش ئەوەیە کە لەگەڵ میرەکاندا هاوشانیان دەکات.

## «ئەگەر ئێستا بەراووردی میرێک کە لە ڕێگای یاساوە کۆنترۆڵ دەکرێت و گەلێکیش کە وابەستەی یاساگەلێک نەبێت»

بۆ ئەوەی وەک سەرەئەنجامگیریی کۆتایی بەم باسە بهێنم، دەڵێم کە هەردوو حوکمڕانیی میران و گەلانیش، لە مێژە هەن، بەڵام هەردووکیان پێویستیان بەوە بووە کە لە ڕێگای یاساوە جڵەو بکرێن. ئەوەیش لەبەرئەوەیە کە ئەو میرەی بێ لە ویستی خۆی لە ژێر هیچی دیکەدا کۆنترۆڵ نەکرێت، وەکو شێتێکە، و گەلێکیش کە بۆی بلوێت تەنها بە ئارەزووی خۆی بکات بە زەحمەت زرنگ دەبێت. ئەگەر ئێستا بەراووردی میرێک کە لە ڕێگای یاساوە کۆترۆڵ دەکرێت و گەلێکیش کە وابەستەی یاساگەلێک نەبێت، بکەین، هێشتا هەر کرداری باش/جوان لای گەل زیاتر دەبینین وەکو لای میر. کاتێکیش بەراووردی هەردووکیان لەگەڵ یەک بکەین، کاتێک کە هەردووکیان وابەستەی یاساگەلێک نەبن، ئەوا دەبینین کە گەل بە کەمتر لە دەستدرێژییکردن تاوانبارە وەکو لە میر، و شێوەتاوانی گەل کەمتر بەرفراوانە وەکو لە میر، و لەبەرئەوەیش بە هاسانتر چاک دەکرێتەوە.

بەشێکی دوورودرێژ لە مێژووی ئوروپا مێژووی خەباتە بۆ مافخوازیی و وەدیهێنان و پاراستنی ماف. مارتین لوتەر Martin Luther (١٤٨٣-١٥٤٦) ئەو قەشە ئەڵمانیە بوو کە بە تێزە ٩٥ خاڵەکەی خۆی بزووتنەوەی ڕیفۆرماسیۆنی خستە گەڕ و چەرخی ئایینی کریستیان و دەسەڵاتی کڵێسای وا وەسوڕاند کە ئێستایش هەر بەردەوامە. لوتەر توانی کۆتایی بە ئاوێتەبوونی ئایین و سیاسەت لە ئوروپادا بهێنێت.

## «زمانێکی ستاندارد کە بتوانن کێشە سەرزەمینیەکانی خۆیان و توانای خودای خۆیانی پێ دەرببڕن»

هاوکاتیش لە ڕێگای وەرگێڕانی ئینجیلەوە لە لاتینەوە بۆ ئەڵمانیی توانی فرەدیالێکتی زمانی ئەڵمانیی بکات بە یەک. بە هۆی ئەو کارە گەورەیەی لوتەر ئەڵمانەکان بوون بە خاوەنی زمانێکی ستاندارد. زمانێکی ستاندارد کە بتوانن کێشە سەرزەمینیەکانی خۆیان و توانای خودای خۆیانی پێ دەربڕن. ئەمە پاکەتێکی گەورەبوو لە ماف بۆ تاکەکەسی بێدەسەڵات، و هەروەها داماڵینی چەکی دەسەڵات بوو لەوانەی لە ناو کۆشک و قەڵا و کڵێساکانەوە و بە ناوی خوداوە مافیان لە مرۆڤ دەستاند.

ئەو ساڵانە سەراپای ئوروپا لە کڵپەی ئاگری گۆڕاندا بوو. ئوروپا بە بیری نوێ زا بوو. هاواری دووگیانیی ئوروپا لە سەد عەرشی خوداکانەوە دەبیسترا. بناخەکانی دیموکراسیی و هاومافیی و داوای مرۆڤ بۆ ڕێزی مرۆڤیانە و بۆ بەش لە دەسەڵات لە دامێنی بیری نوێوە بۆ وەزێرپرسیاران چاوی هەڵ دەهێنا. بە دەیان و بگرە سەدان ڕۆشنبیر و نووسەر لەو پرۆسەیەدا بەشدار بوون. لە ئینگلستان دوو کەس، یەکەمیان توماس هۆبس Thoms Hobbes (١٥٨٨-١٦٧٩) و دووهەمیان جۆن لۆک John Locke(١٦٣٢-١٧٠٤) تەوژمێکی زیاتریان بەم باسە دا.

ئەمان زیاتر لە لوتەر چوونە پێش. لوتەر خۆی قەشەیەکی کڵێسا بوو نەیدەتوانی شۆرشێک بەرپا بکات. بەڵام ئەو پەتی درۆ و دەستبڕین و فریودانەی پچڕاند کە خودایانی ئاینیی لە سەر زەوی لەگەڵ خودای ئاسماندا هۆنیبوویانەوە. لوتەر پەردەی لە سەر درۆ، لە سەر کڕینی رەووشت و ویژدان و مافی تاکەکەس بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خودای خۆیدا، هەڵماڵی.

هۆبس و لۆک ڕایانگەیاند کە حاکمان دەستەڵاتیان لە خوداوە پێ نەبەخشراوە و داوای هەبوونی ڕێککەوتننامەیەکیان کرد کە پێویستە لە نێوان حاکم و گەلدا هەبێت. ژان ژاک ڕۆسیو Jean-Jacques Rousseau بوو پاشان ئەم بیرەی زیاتر پەرە پێدا و کۆنتراکتوالیزم / ڕێککەوتننامەپەروەریی، Contractualism خستە بەر دەست. لەگەڵ ئەوەیشدا کە کۆنتراکتوالیزم ڕووبەڕووی رەخنە بووەوە، بوو بە تیئۆریەکی گرینگ. بە هەر حاڵ، بێ لە توماس هۆبس و جۆن لۆک و ڕۆسیو، ساموئێل ڤان پوفێندۆرف Samuel von Pufendorf و جۆن را􏰀ڵس John Rawls و دەیڤد گاوسەر David Gauthier کەسایەتی گرینگی پاڵ ئەم بیرەن.

## «کۆنتراکتوالیزم ئەوەیە کە دەبێت ڕێککەوتنێکی نەنووسراوە لە نێوان خەڵک و حاکماندا هەبێت»

لە ماوەیەکی کەمدا، بەڵام بە ئازارێکی زۆر، مرۆڤ لە ئوروپا بناخەیەکی دارشت کە سەرەرای جیاوازیی لە بۆچوون و لە قووڵبوونەوەدا، لەم ڕۆژشدا هەر بریتیە لە بناخەی دیموکراسیی، سۆسیالیزم، سۆسیالدیموکراسیی، مافی هاووڵاتیبوون، مافی مرۆڤ، مافی تاکەکەس، سیکولاریزم و ئازادی بیرورا و فێمێنیزم و هتاد، دیارە لە شێوەلی ئایدیۆلۆژیی جیاوازدا.

پوختەی کۆنتراکتوالیزم ئەوەیە کە دەبێت ڕێککەوتنێکی نەنووسراوە لە نێوان خەڵک و حاکماندا هەبێت، وا کە خەڵک بتوانێت ئەوە بڵێت و داوا بکات کە پێویستێتی و کە مەبەستێتی، و حاکمانیش لە چوارچێوەی گشتییدا دەبێت ناچار بن ئەوە بسەلمێنن. بە مانایەکی دیکە ئەم بیرە ئەو ڕەوتی سیاسییە مێژوویەی ئوروپای گۆڕی کە تا ئەو کاتە برەودار بوو: دەستەڵات بۆ گەل و میریش بۆ خزمەت.

بەڵام دیارە لەگەڵ ئەوەیش کە ئەم بیرە گوژم و تاوێکی گەورەی بە بزووتنەوەی سیاسیی مافخوازانە و دیموکراسیخوازانە لە ئوروپا دا، بێ کێشە نەبوو. گرفتێکی گەورەی ئەم بیرە ئەوە بوو کە ئەوانەی لایەنگری ئەو بیرە بوون دەکەوتنە خانەی جودای ئایدیۆلۆژییەوە. ئەوەیش بەو مانایە دەهات کە هەر یەکەو لە جێی خۆیەوە شێوەی مافخوازیی و بەرپرسیارێتیەکەی لێک دەدایەوە. بۆ نموونە هاوکات کە جۆن لۆک بە یەکەمین لیبرال دادەنرێت، تۆماس هۆبس بە باوکی کۆنسەرڤاتیزم/ پارێزەرگەریی دەژمێردرێت. لەگەڵ ئەواندا جێرارد وینستانلی Gerrard Winstanley (١٦٠٩-١٦٧٦) کە مەسیحیەکی پرۆتستانی ڕیفۆرمخواز بوو، بە یەکەمین مرۆڤی کۆمۆنیست لە مێژوودا دادەنرێت و ڕابەری بزووتنەوەی The Diggers "پاڵەکان/ ئەوانەی هەر هەڵ دەکەنن/ ڕەنجبەران" بوو.

## «فەرمانبەران یەکەم جار دەچنە ناو خانەی دەستەڵاتەوە دەتوانن ویستی خۆیان بۆ خزمەتکردنی هەمووان بپارێزن»

لەو بزووتنەوەیەدا خەڵکی ئینگلستان، ئەوانەی کە بێزەویوزار بوون، دەستیان بە سەر ئەو پارچە خاکانەدا دەگرت کە خاوەن زەویوزارە گەورەکان بەکاریان نەدەبرد و ئەمان دەهاتن و بۆ خۆیان دەیانکێڵا. بەڵام ئەم بزووتنەوەیە هەروەها جەختی لە سەر ئازادیی دەربڕین سەبارەت بە ئایین و سیاسەت دەکرد و داوای مافی زیاتری بۆ خەڵک لە بەڕێوەبردنی دەستەڵاتدا دەکرد. خاڵێکی دیکەی گرینگی وینستانلی ئەوەبوو کە داوای دەکرد فەرمانبەرانی سەرەوەی دەستەڵات بۆیان نەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراو زیاتر بمێننەوە. وینستانلی پێی وابوو کە لە درێژەوەبوونی مانداتیاندا فەرمانبەران هەستی بە دەربەستەوەهاتن و سۆزیان بەرانبەر بە خەڵک کەم دەبێتەوە و پێی وا بوو کە خەڵک دەبێت بۆی هەبێت سالانە فەرمانبەران هەڵبژێرێتەوە.

لە کتێبی "یاسای ئازادیی" The Law of Freedom دا کە ساڵی ١٦٥١ نووسیویە دەڵێت:

"کاتێک فەرمانبەرانی دەوڵەت لە ناو ماوەیەکی درێژدا فەرمانێکیان پێ بسپێردرێت خەسڵەتگەلی وەکو دڵفراوانیی، سەرراستیی و بەدەربەستەوەهاتیان بەرانبەر بە هاومرۆڤەکانیان لە کیس دەچێت، لەبەرئەوەی دڵی مرۆڤ بە هاسانیی بە ڕەزیلیی و لووتبەرزیی و خۆبەزلزانین دادەگیرێت. کاتێک فەرمانبەران یەکەم جار دەچنە ناو خانەی دەستەڵاتەوە دەتوانن ویستی خۆیان بۆ خزمەتکردنی هەمووان بپارێزن، و ئازادیی ئەوانی دیکە وەکو هی خۆیان بپارێزن، لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەگەر بێت و بتوانن زۆر لە سەر ئەو پلەوپایەیە بمێننەوە کە بە مانای شانازیی و گەورەیی دێت، خۆویست دەبن و [هێدی هێدی] بە بەرژەوەندی خۆیانەوە خەریک دەبن نەک بە بەرژەوەندیی گشتییەوە. ڕاستبوونی ئەمە

ئەزموونگەلی ئەم ڕۆژگارانەی ئێستا دەیسەلمێنن، دروست بە قەولی ئەم پەندە پێشینیانە کە دەڵێت: پلەوپایەی بەرز لە دەوڵەت و لە سپادا ئەقڵ و هۆشی لای گەلێک پیاوی میهرەبان گۆڕیوە. سرووشت پێمان دەڵێت کە ئەگەر ئاو زۆر لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە، لێخن دەبێت، هاوکات کە ئاوی خۆشڕەو بە ڕۆشنیی دەمێنێتەوە و دەتوانرێت ڕاستەوخۆ سوودی لێ ببینرێت".

لە کتێبی "یاسای ئازادیی" The Law of Freedom دا وینستانلی ئاماژە بە شەش خاڵی گرینگ دەکات. لەوێدا دووانیان شایانی باسن، یەکەمیان، وینستانلی دەڵێت لەو ڕێگایەوە کە فەرمانبەرانی پایەبەرز هەموو ساڵێک بگۆڕدرێن، بە وەفاداریی دەمێننەوە، چونکە خۆیان دەزانن کە کەسانی دیکە دێنە شوێنیان و لەو کارانەیان ورد دەبنەوە کە کردوویانن. دووهەمیان، بەو ئاڵوگۆڕە خودی حوکمڕانییەکە بە بەردەوامیی لە مرۆڤی بە توانا و خاوەن ئەزموون بەهرەمەند دەبێت. لە مێژوودا هەمیشە مرۆڤ هەبوون کە بیر لە هاومافیی و یەکسانیی بکەنەوە. سیان لەوانەی کە دەتوانرێت بە سەرەتای سۆسیالیزمی ئیتوپیی دابنرێن بریتین کلاود هێنری دی ڕیڤۆرۆی دی سەینت – سیمۆن Claude Henri de Rouvroy de Saint-Simon (١٧٦٠-١٨٢٥) و چارلس فۆریەر (١٧٧٢-١٨٣٧) Charles Fourier، هاوکات ڕۆبەرت ئۆون (١٧٧١-١٨٥٨) Robert Owen ی بەریتانیی یەکەمین لەو کەسانەن کە بیری سۆسیالیستیان هەبووە و کاریگەریی زۆریان لە سەر بیری سۆسیالیزم هەبووە. دیارە سۆسیالیزم لە دیدێکی سەرەتاییەوە بۆ هاومافیی و یەکسانی، بێ کۆنسێپتی شۆڕشگێڕیی.

## «لە سەر بزووتنەوەی هاومافیی و یەکسانیی دانا و تەنانەت بوون بە بنخەیەک بۆ دەستووری ئەمەریکا»

پێش جێرارد وینستانلی، دامەزرێنەرانی گرووپی The Levellers "بزووتنەوەی یەکسانیخواز" لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٥ دا پەیدا بوون کە بیروبۆچوونیان کاریگەریی زۆر گەورەیان لە سەر بزووتنەوەی هاومافیی و یەکسانیی دانا و تەنانەت بوون بە بنخەیەک بۆ دەستووری ئەمەریکا بە تایبەتی The Bill of Rights "مافنامە". لەوانە جۆن لیبورن John Lilburne (١٦١٤-١٦٥٧)، جۆن وایڵدمان John Wildman (١٦٢١-١٦٩٣)، ڕیکارد ئۆڤەرتون Rickard Overton (١٦٣١-١٦٦٤)، و ویلیام والوین William Walwyn (١٦٠٠-١٦٨١) کە پێکەوە لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا خاوەنی ١٣ نامیلکەی جۆراوجۆرن سەبارەت بە ماف و ئازادییەکان و دەسەڵات و لەژێرپرسیارخستنی دەسەڵاتی ئایین و قەشە و توندوتیژییەکانی مەزهەب، بەتایبەتی ئەو جۆرە بەرخوردە نارەوایەی کە لەگەڵ بزووتنەوەی مەزهەبی پوریتان Puritan دا دەکرا. داواکاریی ئەوان بە گشتیی لەم خاڵانەدا خۆی دەبینییەوە:

- مافی دەنگدان بۆ مرۆڤی گەورەساڵ
- هەڵبژاردنی ساڵانە
- ئازادیی ئایین
- نەبوونی سەنسۆر لە سەر کتێب و ڕۆژنامە و چاپەمەنیی
- لابردنی سەڵتەنەت و بەگ و دەسەڵاتیان
- دانانی گرووپی چاوەدێرjury لە دادگاکاندا

شایانی باسە ئێستایش گرووپێکی ڕاکینگ ڕۆڵ لە ئینگلستان بەو ناوەوە هەیە کە زۆرینەی گۆرانیەکانیان سیاسیین و بە گرووپێکی ڕاکی ئەنارشیستیی دەناسرێن. یەکێک لە گۆرانیەکانیان ناوی "چەکێک ناوی وشەیە" A Weapon Called the Word .

ئەوانەی بە بەردەوامیی ژیلەمۆی خەباتی مافخوازیی و دیموکراسییخوازییان هەوا دەدا و گەرمتریان دەکرد بێ ئەژمار بوون. یەکێکی دیکە لەوانەی ئەو پرۆسەیەی زیاتر گەیاندە سەرئەنجام چارلس لویس دی مۆنتیسکیو (١٦٨٩ – ١٧٥٥) Charles Louis De Montesquieu بوو کە لە ژێر کاریگەریی جۆن لۆک دا بزووتنەوەی مافپارێزیی و دیموکراسیی لە فەڕەنسا پێش خست.
مۆنتیسکیو بوو بە داهێنەری تیئۆریەک بە ناوی تیئۆریی"دەستەڵات دەبێت دابەش بکرێت". مۆنتیسکیو تیئۆریی "دەستەلات دەبێت دابەش بکرێت" ی خستەبەردەست و هەروەها پێشیشی خست کە بە ڕای من تا ماوەیەکی درێژ لە خەباتی مرۆڤدا، تا ئەو کاتەی مافە ڕەواکان فەراهەم دەبن، دەمێنێتەوە، چ لە خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەگەلی بندەست و چ لە خەباتی دیکەدا وەکو بۆ نموونە خەباتی فێمێنیستیی و چ لە ڕەواندنەوەی دیموکراسیی لە ئاستەکانی خوارەوەدا.

## «یاسا بە گشتیی ئەو ئەقڵی مرۆڤایەتییەیە بەو پێ و ئاستەی بە سەر گەلانی هەموو دونیادا باڵ دەکێشێت»

لەگەڵ ئەوەشدا کە مۆنتیسکیو وەکو هەر بیرمەندێکی لیبرال لە یاسا و یاساپەروەریی و یاساگەرییەوە پێ هەڵدەگرێت و بە شێوەی جیاوازیش کاریگەریی کۆنسەرڤاتیزمی لە سەرە، ڕووانگەکانی خزمەتی گەورەی بە پرۆسەی مافخوازیی و دیموکراسیی کردووە.
"یاسا بە گشتیی ئەو ئەقڵی مرۆڤایەتییەیە بەو

پێ و ئاستەی بە سەر گەلانی هەموو دونیادا باڵ دەکێشێت. یاسای بنەڕەتیی و یاسای ئاسایی جێی خۆیەتی لە ناو هەموو نەتەوەیەکدا تەنها گونجاندنێک بێت لەو ئەقڵە مرۆڤایەتیە. یاساکان دەبێت بە ڕادە و ئاستی ئەو نەتەوەیەی بۆی ساز کراوە گونجێندراو بێت. ئەوە هەر زۆر ڕێککەوتێکی گەورەیە کە یاساگەلی نەتەوەیەک لەگەڵ یاساگەلی نەتەوەیەکی دیکەدا بێتەوە".

## «ئازادییەک هەبوونی نییە ئەگەر دەستەڵاتی دادوەریی لە دەستەڵاتی یاسادانەر و جێبەجێکردن جودا نەبێت»

هەروەها بەردەوام دەبێت: "ئەوە ڕاستە کە گەلان لە ناو سیستەمە دیموکراسیەکاندا ئەوە دەچێت ئەوە بکەن کە دەیانەوێت. بەڵام ئازادیی سیاسیی ئەوە نییە کە بە ئارەزووی خۆ بکردرێت. لە دەوڵەتێکدا، واتە لە کۆمەڵگایەکدا کە یاساگەل هەبن، ئازادیی تەنها دەتوانێت ئەوە بگرێتەوە کە مرۆڤ بتوانێت ئەوە بکات کە جێی خۆیەتی بیەوێت بیکات و ناچار نەکرێت ئەوە بکات کە جێی خۆی نییە بیکات.
دەبێت لامان ڕوون بێت مەبەست لە ئازادیی چییە. ئازادیی هەبوونی مافە بۆ کردنی هەموو ئەوەی کە یاساکان ڕێگایان پێ دەدەن. ئەگەر هاوڵاتییەک بتوانێت ئەوە بکات کە بە پێی یاساکان قەدەخەیە، ناتوانێت ئیدی ئازادیی هەبێت، چونکە دەنا ئەوانەی دیکەش دەبێت خاوەنی ئەو دەستەڵاتە بن".

مۆنتیسکیو لە داوای دابەشکردنی دەستەڵاتدا جەخت لە سەر تاکەکەس دەکات: "ئازادیی سیاسیی هاووڵاتییەک بریتییە لەو ئارامیە ڕەوانییە کە لەو تێگەیشتنەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر تاکەکەسێک سەبارەت بە هەبوونی دڵنیایی خۆی هەیەتی. بۆ ئەوەی ئەو تاکەکەسە بتوانێت بەو ئازادییە بەهرەمەند بێت دەبێت حوکمڕانییەکە وا بێت کە هاووڵاتیان پێویست نەکات لەیەکتر بترسێن.
کاتێک کە دەستەڵاتی یاسادانەر لە کەسێکدا یان لە هەمان کۆمەڵی فەرمانبەراندا ئاوێتەی دەستەڵاتی جێبەجێکردن بێت، ئەوا هیچ ئازادییەک هەبوونی نییە، لەبەرئەوەی کە مرۆڤ دەتوانێت بترسێت لەوەی کە پادشا یان مەجلیس بێن و یاسای ستەمگەریی دەربکەن تاکو ستەمگەرانە[یش] جێبەجێی بکەن.

هەروەها هیچ ئازادییەک هەبوونی نییە ئەگەر دەستەڵاتی دادوەریی لە دەستەڵاتی یاسادانەر و جێبەجێکردن جودا نەبێت. ئەگەر دەستەڵاتی دادوەریی ئاوێتەی دەستەڵاتی یاسادانەر بێت، ئەوا دەستەڵات لە سەر ژیان و ئازادیی هاووڵاتیان بە هەوەس (بە گۆترە) دەبێت، لەبەرئەوەی ئەو کاتە دادوەر دەبێت بە یاسادانەر. خۆ ئەگەر لەگەڵ دەستەڵاتی جێبەجێکردندا ئاوێتە بێت، ئەوا دادوەر دەستەڵاتی چەوسێنەرێکی دەبێت.
... بە هەمان شێوەی ناو دەوڵەتێکی ئازاد، هەموو تاکەکەسێک، کە وا دەدانرێت بە پێی پێویست خاوەن سەربەخۆیی بێت، جێی خۆی دەبێت بۆی هەبێت خۆی بەڕێوە ببات، ئەوا گەل وەکو یەکەیەک دەبێت خێوی دەستەڵاتی یاسادانەر بێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم کارە لە دەوڵەتانی گەورەدا کارێکی نەشیاوە و لە دەوڵەتانی بچووکیشدا بە مانای دژواریی گەورە دێت، ئەوا خەڵک دەبێت لە ڕێگای نوێنەرەکانیەوە هەموو ئەو کارە بکەن کە خۆیان ناتوانن بیکەن".

یەکێکی دیکە کە نزیکەی هەمان شتی بە شێوەی جیاواز دەربڕی و سادە و ساکار ئاماژەی بە دەردێکی کوشندەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی کرد، ڤۆلتێر بوو.
ڤۆلتێر دەیزانی خانەوادەگەریی و خزم و خزمچیەتیی چەند زەرەری گەورەیان لە پێشکەوتنی مرۆڤ و لە مافی مرۆڤ گەیاندووە.

فرانسیۆس – ماری ئارۆت دی ڤۆلتێر (١٦٩٤- ١٧٧٨) Francois-marie Arouet de Voltaire ئەو کەسە بوو کە وەک ساتیرنوس و ڕەخنەگر لە دەستەڵات دەستی بە کاری سیاسیی و بیریی کرد. بە هۆی کارەکانیەوە کەوتە زیندانی باسیل و پاش ٣ ساڵ لە زیندانیی دوورخرایەوە بۆ ئینگلستان. دوورخستنەوەکە نەک هەر کۆڵی بە ڤۆلتێر نەدا، بەڵکو لە بیری نوێی ئەو دەمەی زیاتریش نێزیک کردەوە کە ئینگلستان ناوەندی بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا کە ڤۆلتێر فەیلەسوف یان تیئۆریسیەن نەبوو، بەڵام کارەکانی لە فەلسەفە و سیاسەت و کولتور و مێژوودا کاریگەریی گەورەیان هەبووە و یەکێکە لەو کەسایەتیە چالاکانەی کە لانی کەم ١٨ هەزار نامەی بۆ کەسایەتی جیاوازی وڵاتانی ئۆروپا ناردووە.

## «یاسای نەبوونی تۆلەرانس شتێکی شێتانە و بەربەریانەیە، ئەوە یاسای پڵنگە»

ڤۆلتێر خۆی بە جیاوازی چینایەتیی و جۆرەکانی نادادوەریی و نابەرابەریی ئابووریی خەریک نەکردووە، بەڵکو جەختی لە سەر ئەوە دەکرد کە مرۆڤ هەموو دەبێت هاوبەها بن، و کە پادشاکان و خزم و کەسوکار و فەرمانبەرەکانیان دەستەڵاتیان لە خوداوەند وەرنەگرتووە و نابێت لە دەستەڵاتدا خاوەن

ئیمتیاز بن.
"... یاسای نەبوونی تۆلەرانس شتێکی شێتانە و بەربەریانەیە، ئەوە یاسای پڵنگە، و زۆر زیاتر لە هی پڵنگ قێزەونترە، چونکە پڵنگ تەنها بۆ وەدەستکەوتنی خۆراک شتێک کوت کوت دەکات، بەڵام ئێمە لە سەر چەند پەرەگرافێک یەکترمان قڕ کردووە."
"... پێویست بە هەبوونی هونەرێکی مەزن و توانایەکی گەورەی ئاخافتن ناکات تاکو بسەلمێندرێت کە کریستیانەکان دەبێت بەرانبەر بە یەک دڵفراوان بن. من زیاتر لەوەیش دەڕۆم و دەڵێم جێی خۆیەتی ئێمە هەموو مرۆڤێک بە برای خۆمان بزانین. چی؟ تورک – برا، من؟ چینیی، برای من؟ جوو، برای من؟ سیامێس، برای من؟ ئەرێ، بێگومان! ئایا ئێمە هەموومان رۆڵەی هەمان باوک و دروستکراوی هەمان خوداوەند نیین؟" .

## «ناچارکردنی پادشاکان بۆ بەشکردنی دەستەڵات»

قسەی تێدا نییە کە پەیدابوونی سیستەمێکی کۆمیونیکاسیۆنی باشتر، کەشتی و بەلەمی باشتر و هێڵی ئاسن و پۆست و تەلەگراف و رۆژنامە و شتی لەو جۆرە پرۆسەی مافخوازیی و بەرابەرخوازیی و دیموکراسیان خێراتر کرد. کەواتە دەتوانین بڵێین کە پێشکەوتنی تەکنیک لە بوارە جیاوازەکان و رۆشنگەریی و گلۆبالیزم و هتاد دەتوانن ئامرازگەلێک بن بۆ پێشخستن و خێراترکردنی پرۆسەی دیموکراسیی، ئەگەرچی لە هەندێک حاڵەتدا کەڵکی بەرئاوەژوویان بۆ خزمەتی سەرمایە و سەرمایەداران و بزووتنەوەی نیولیبرالیزم و پان کۆنسەرڤاتیزم و نیوکۆنسەرڤاتیزم لێ وەرگیرێت.
هەروەکو چۆن رۆژێک لە رۆژان نموونەی وەکو شۆڕشی سپارتاکوس، ریفۆرماسیۆنی کرستیانیزم، ناچارکردنی پادشاکان بۆ بەشکردنی دەستەلات، جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەستەلاتی سیاسیی و جۆر لە دەستکەوتی دیکە بە ئیتیوپی دادەنرا، هەروەها هاتنەدی دیموکراسیی بۆ زۆر کەس ئیتیوپیایەک (خەون و خەیاڵ) بوو. قسەکردن لە سەر ناچارکردنی خودانی دەستەلات کە دەستەلات لەگەڵ خەڵکدا بەش بکەن، رێز لە بۆچوون و رای خەڵک بگرن، تێبگەن کە خاک هی میللەتە نەک میر و خزم و کەسوکار و حاڵی ببن کە خەڵک دەبێت بیر لە ئایندە و ژیانی خۆی بکاتەوە، بۆ زۆر کەس خەونێک بوو کە هەرگیز نەیدەتوانی بێتە دی.

مێژووی پاش شەری یەکەمی جیهانیش لەگەڵ ئەوەدا کە پڕە لە سەرکەوتنی بیری مرۆڤدۆست وجۆرەکانی تیئۆریی و پێشکەوتنی زانست و رزگاربوونی نەتەوەکان و هەڵوەشاندنەوەی کۆلۆنیالیزمی کلاسیک و وەدیهێنانی چەندین دەستکەوتی وەکو مافگەلی زیاتر بۆ ژنان، بۆ کرێکاران و بە دیموکراسیکردنی بازاری کار، هێشتا لای هەندێک کەس وەدیهێنانی جۆرێک لە سۆسیالیزم و رزگاربوونی نەتەوەیی لە دەست داگیرکەر بە ئیتیوپیایەک دادەنرێت.
کەواتە بە ئیتیوپیادیتنی دیموکراسیی لەو کاتەدا تاوانێک نەبوو. شێوەکانی چەوساندنەوە فرەبوون، چەوسێنەران و ستەمکاران بە دەستەڵاتی خودایی بەهرەمەندبوون و ستەمدیدە و چەوساوەکانیش بێکەس و بێدەر و بێئامراز و بێزانست بوون. لە نێوان ئەو دوو کۆنتراستەدا، دیموکراسیی خەونێک بوو کە بۆ دیتن لە ناو خەوی پاش ماندووبووندا خۆش بوو، بەڵام بەکەڵکی باوەڕپێکردن نەدەهات.

یەکێک لەوانەی بوو بە پیانۆری بانگەشەی دیموکراسیی نوێنەرایەتیی جۆن ستیوارت میل John Stuart Mill بوو. پەیدابوونی بیری تەسلیمکردنی حوکمرانیی و دەستەلات بە نوێنەرانێک کە گەل هەڵیانبژێرێت، لە جیاتی نمایندەی داسەپێندراوی باو، کۆتایی بە شێوەدەستەلاتی سوننەتی هێنا و دوا بزمار لە تابووتی شاردەوڵەت درا و بناخەی دەوڵەتی نەتەوەیی داڕێژرا.
لەو بێنەوبەرەیەدا پیشەسازییگەریی و پەیدابوونی چینی کرێکار و داواگەلی مافی زێدەتر بوون بە باسی رۆژ. شێوەیەک لە بەرێوەبردنی دەوڵەت دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بوو کە لێنین رابەرایەتیی کرد و شێوەیەکیش ئەو جۆرە بوو لە دیموکراسیی نوێنەرایەتیی کە لە سەر بناخەی جۆن ستیوارت میل هەڵبەسترا و کە ئێدوارد بێرنشتاین بە پلەی یەک پێشی خست.

## «دوو شۆڕش لە دونیادا رێچکەی مێژوویان گۆڕی»

سەدەی بیستەهەم، سەدەی پێشخستنی شێوەکان و ناوەرۆکی دیموکراسیی بوو کە دیارە ئێستایش، لە ئوروپای پێشکەوتوو بە وردەکارییەوە و لە دونیای گەشەنەکردوودا بە درشتیی، هەر بەردەوامە. بەڵام هەروەها سەدەیەکیش بوو بۆ تاقیکردنەوەی جۆرەکانی دیکتاتۆریی. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و دیکتاتۆریی سۆسیالیزمی نەتەوەیی و دیکتاتۆریی پارێزەیی نەتەوەیی هەندێک بوون لەو جۆرانە.

سەرەرای هەوراز و نشێوی گەورەوگران و سەرهەڵدانی فاشیزم و جۆری دیکە لە کۆسپ و تەگەرە، دیموکراسیی چ وەکو چەمک و چ وەکو پراکتیک هێدی هێدی رەهەندی فرەتری لێ کەوتەوە و ئێستا بە مانایەکی زۆر قووڵتر و بەرفراوانتر دێت و بە هەزران

و بگرە زیاتر دام و دەزگای جیاواز لە سەرتاپای جیهاندا بۆ پێشخستن و فەراهەمکردنی خراونەتە کار. لە مافی دەنگدانەوە کە ژن و پیاو بگرێتەوە، تا نرخی هەموو تاکە دەنگێک وەک یەک و هتاد، هەتا مافی هاوولاتیبوون و مرۆڤایەتیی و یەکسانیی و بەرابەریی.

دوو شۆڕش لە دونیادا ڕێچکەی مێژوویان گۆڕی، یەکەمیان شۆڕشی ئەمەریکا و دووهەمیان شۆڕشی فەرەنسا بوو. بۆ ئەوەی لە جیاوازیەکانی نێوان شۆڕشی ئەمەریکا و فەرەنسیی تێبگەین دەبێت جەیمس مادیسۆن James Madison و توماس پاین Thomas Paineبخوێنینەوە.

## «هەموو ئەوانەی لە ئوروپا رایان دەکرد بە دوای ئازادییدا وێڵ بوون»

دوو شۆڕشی مەزن، بناخەی دیموکراسیی نو ێنە را یە تیی

لە ڕۆژی ٤ /٧/ ١٧٧٦ ڕووداوێکی گرینگ لە ئەمەریکا ڕووی دا. لەو ڕۆژەدا ١٣ ویلایەتی باکووریی پێکەوە ئەو بانگەوازەیان راگەیاند کە ناوی "بانگەوازیی سەرجەمیی ١٣ ویلایەتی یەکگرتووی ئەمەریکا ( The unanimous Declaration of the thirteen united States of America)" بوو. لەوێدا ئەو ١٣ لایەنە رایان گەیاند کە سەربەخۆیی خۆیان لە "بەریتانیای مەزن" را دەگەیەنن. ساڵی ١٧٧٦ هێشتا ١٣ ساڵی مابوو بۆ ڕوودانی شۆڕشی فەرەنسیی کە لە ساڵی ١٧٨٩ ڕووی دا.

ڤاکتەر هەن، ئەگەرچی زۆر سوێر و تاڵیش بن، کە پرۆسەی مۆدێرنبوون هاسان دەکەن. ئەو خەڵکە ئوروپیانەی لە قوڕوچڵپاو و لە شەڕی ناوخۆ و شەڕەدراوسێ و دەسەڵاتی کڵێسا و میر و پادشاکان، لە برسیەتیی و بێکاریی و نەخۆشیی و نەریتی سونەتیی ماندوو بووبوون، ڕوویان کردبووە کیشوەری تازە دیتراوەی ئەمەریکا. نزیکەی هەر هەموو ئەوانەی لە ئوروپا رایان دەکرد بە دوای ئازادییدا وێڵ بوون. هەندێک بۆ ئازادیی لە دەست ئایین و دەسەڵاتی کڵێسا، و هەندێک بۆ ئازادیی ئایین بۆ شێوەمەزهەبی خۆی. هەندێک بۆ ئازادیی سەرمایە، بۆ کەرەستەی زیاتر فەراهەم و هەندێک بۆ ئاسۆیەکی ڕوونتر و نزیکتر. بەڵام هەموویان ڕووەو ئازادیی و بە هیوای ئازادیی و بە ئومێدی وەدەستکەوتنی بەشێک لە دەسەڵاتی سیاسیی. هەمووان، شایەد بێ ئەوای خودئاگا ئاگایان لێ بێت، لە خەباتێکدا بوون کە سیاسەت بۆ هەمووان و دەسەڵات بۆ هەمووان و ئازادیی بۆ هەمووان و یاسا و ڕێسا بۆ هەمووان و حکومەت و دەوڵەت بۆ هەمووان بێت.

بەردی بناخەی ئەو خەباتە بریتییە لە سیاسەت بۆ هەمووان!

بەڵام ئەو کیشوەرە وا یەکجار "دیتراوە"یش نەبوو. ئەمەریکا خاوەنی خەڵکی ڕەسەنی خۆی هەبوو کە خۆشیان دەویست و شەڕیان لە سەر دەکرد. ئوروپایی کۆچکردوو و تێکەڵ بە سەربازگەلی دەستەڵاتە ئوروپیە کۆلۆنیالەکان لەگەڵ نەتەوەگەلی ڕەسەنی ناوچەکەدا کەوتنە شەڕی مان و نەمانەوە. هەر یەکە و لەلایەک و بە پێی تێگەیشتنی خۆی لە "حەقیقەت" دەجەنگا. سەرئەنجامی شەڕەکە بە زەرەری نەتەوە ڕەسەنەکانی ناوچەکە بوو. ئەوان کە ڕەگیان لە خاکەدا بوو، لەوێدا دایکوداپیریان لەدایکبووبوون و گەورە بووبوون و مردبوون و نێژرابوون. لەوێدا گوێیان بە دەنگی خۆیان و موزیکیان وەبیستن هاتبوو، و لەوێدا چاویان بە گوڵ و گوڵزار و بەرف و باران و جۆگە و جۆباریان پشکتوبوو، هەموو مەحکوم بوون بە دۆڕانێک کە لە مێژوودا یەکێکە لە ئازارە گەورەگرانەکانی مرۆڤ. بەڵام سەرئەنجامی شەڕەکان هەروەها دۆڕانی کۆلۆنیالیەکانیشی لێکەوتەوە.

لەو پێکهاتە نوێیەدا جۆرێک لە نەتەوەسازیی کرا کە تا ئەو کاتە مێژووی مرۆڤایەتیی بەخۆیەوە نەیدیتبوو. خەڵکانێک کە هەر یەکەی لە شوێنێکی ئوروپاوە ڕۆیشتوون، ناچاربوون بیر لە سەقامگیریی سیاسیی و ئاییندەبینیی و پلاندانان بۆ دوارۆژ بکەنەوە. مەزهەب و ئایین و جۆرگەلی باوەڕی سیاسیی و بۆچوون سەبارەت بەم شت و ئەو شت، دەبا لە شوێنێکدا بە سەرئەنجامێکی بۆ هەمووان بە کەڵک کۆتایی پێ بهاتبا. سەرئەنجام ئەوە بوو کە زۆرینەی خەڵک پێکەوە بناخەی ئەو شتەیان دارشت کە بوو بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و گەلێک بە ناوی "ئەمەریکایی" دروست بوو.

## «ئەمەریکا و فەرەنسا کردیان بە بانگەوازیی گێتیی ئامێز»

ئوروپاییەکان، بۆ نموونە، فەرەنسیەکان، لە بۆنی ناخاوێنیی و شیر و پەنیری ترشاو و خانووبەرەی کەڕووگرتوو و کێڵگەی هەمیشە تەڕ و خووساوە و بێکاریی و نەخۆشیی و شەڕ و پەژارەدا، دووچاری جۆرێک لە ڕقی تر و لە شێوەبیرکردنەوەی دیکە و لە ئەجێندایەکی سیاسیی جیاواز بوون. فەرەنسا خەڵتانی خوێن کرا. هەندێک دەستکەوت وەدەستهێنران کە ئەو کاتە لە گەرمەوتینی بەسەرهاتەکاندا خەڵکی فەرەنسا سوودیان لێ بینی، بەڵام وا شایان باس نا.

ئەو دەستکەوتانەی شۆڕشی فەرەنسیی، بەتایبەتی لە رووی ڕۆشنگەرییەوە، شانبەشان و

لەگەڵ دەستکەوتەکانی شۆڕشی ئەمەریکادا بوو بە گەورەترین و بەنرخترین بناخە بۆ پرۆسەی دیموکراسیی، و بۆ دابەشکردنی دەستەڵات و بۆ بانگەوازی مافخوازیی لە مانایەکی گێتیانەدا. تا ئەو دەم هاوار و بانگی لەو جۆرە تەنها لە ناوچە و سنووری تایبەتیدا دەمانەوە. ئەمەریکا و فەرەنسا کردیان بە بانگەوازیی گێتیی ئامێز.

ژان ژاک ڕۆسیو Jean-Jacques Rousseau یەکێکە لەوانەی کە هەنگاوێکی دیکەیش پرسی دیموکراسیی و دابەشکردنی دەستەڵاتی پێش خست. ڕۆسیو لە باسی دیموکراسیی و مافخوازییدا باس لە "ویژدان" دەکات. لەو ڕووەوە کە ئەو هات و بەو شێوەیە "ویژدان" و سیاسەتی لە یەک دا دروست مرۆڤی وەئاگا هێنایەوە کە سیاسەت بەو پێیەی بۆ مرۆڤە حەتمەن دەبێت لە پێوەندیی نزیکدا بێت لەگەڵ ویژدان. لەوێدا "ویژدان" و "ڕەووشت" هەمان شتن و لەگەڵ یەکدا هاوواتا دەبن.

## «پینۆکیۆ وردە وردە ژیانی بە بەردا دێت و لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ویستی بۆ ژیان بەهێز دەبێت»

ڕەنگە نووسەری ئیتاڵی، کارلۆ کۆلۆدی Carlo Collodi لە ژێر کاریگەریی ئەو بیرەدا چیرۆکی بەناوبانگی "پینۆکیۆ" Pinocchio ی نووسیبێت. لە چیرۆکی "پینۆکیۆ" دا گەپیتۆ Geppetto بووکەشووشەسازێکی هەژار و تەنیایە. ئەو وەستایە یەکێک لەو بووکەشووشانە لە دارێکی تایبەتیی دروست و ناوی دەنێت پینۆکیۆ. پینۆکیۆ وردە وردە ژیانی بە بەردا دێت و لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ویستی بۆ ژیان بەهێز دەبێت. بەڵام لە کرداری ڕۆژانەیدا پینۆکیۆ ئەو گرفتە فرە گەورەیەی هەیە کە پێی وایە بە درۆ نەبێت ژیان ناڕوواتە پێش.

پینۆکیۆ دەژی و بەو شێوەیە دێت و دەچێت و دەدوێت و دەبزووێت، بەڵام پێی وایە ئەوی لە مرۆڤەکاندا مۆتۆری سەرەکییە درۆ و قسەهەڵبەستنە و وا دەزانێت ئەگەر درۆ نەکات و قسەهەڵنەبەستێت ناتوانێت بەشێک لە مرۆڤەکان بێت.

لە خۆشبەختیی پینۆکیۆ، کە دیارە لەوەپێش لە ژێر چاودێرییدا بووە، فریشتەی بەخت دێت بۆ لای و وەکوو دیارییەک ویژدانی پێشکەش دەکات تا پینۆکیۆ بتوانێت دوور لە درۆ و خۆپەڕاندنەوە و قسەهەڵبەستن بە سەربەرزیی و شانازییەوە بژی. چیرۆکەکە بەوە کۆتایی دێت کە پینۆکیۆ بە ویژدان/ ڕەووشت بەهرەمەند دەبێت و بەو شێوەیە دەتوانێت ببێت بە یەکێک لە مرۆڤەکان، مرۆڤێک وەکوو هەموو ئەوانەی کە ڕاستگۆ و ڕاشکاون و کە زۆینەی کۆمەڵگان. بەو شێوەیە پینۆکیۆ دەست دەکات بە ژیانێکی نوێ و بە دڵی ڕەحەتەوە ژیان بە سەر دەبات.

کارلۆ کۆلۆدی پێمان دەڵێت ئەوی مرۆڤ دەکات بە مرۆڤ بریتیی نییە لە ڕاوەستان لە سەر دوو لاق، یاخود بزوواندن و هاتن و چوون و قسەوباسی سەرپێی، بەڵکو ئەوە ویژدانە کە مرۆڤ دەکات بە خاوەن خەسڵەتیی مرۆڤایەتیی. بێ ویژادان و ڕەووشت ئەوا مرۆڤ بووکەڵەیەکی دارێنەیە و لە باشترین حاڵەتدا پێی وا دەبێت کە ژیان بە درۆ دەچێتە سەر.

ڕۆسیۆ مرد بێ ئەوەی بزانێت کە ٥٠ ساڵ دوای مەرگی خۆی، کارلۆ کۆلۆدی ئیتاڵیایی دێت و لە چیرۆکێکدا ویژدان دەکات بە ناخودای مرۆڤ. بێ ئەو ناخودایە مرۆڤ کەشتییەکە پێش ئەوەی بکەوێتە ڕێ مەحکومە بە نقووم بوون.

ڕۆسیۆ دەنووسێت "[ئەگەر] ئەوە بسەپێندرێت کە منداڵی کۆیلەیەک وەکو کۆیلەیەک لە دایک دەبێت، سەپاندنی ئەوەیە کە ئەو کەسە وەکو مرۆڤ لە دایک نەبووە"... "کاتێک کە زنجیرەیەک لە بەدکاریی و دەستدرێژیی، کە بە بەردەوامیی بە هەمان مەبەست ئەنجام دراون، دەیسەلمێنن کە مەبەست ئەوەیە کە خەڵک ناچار بە ملدان بە دیسپۆتیزمێکی ڕەها بکرێت، ئەوا ماف و ئەرکی خەڵکە کە ئەو جۆرە لە حوکم تووڕ بدات و لە پێناوی ئاسایشی ئاییندەی، خۆی بکات بە خاوەنی جۆرگەلێک لە دڵنیایی".

لە قووڵبوونەوە لە دیموکراسیی و پرۆسەی مافخوازییدا تێدەگەین کە ویژدان/ ڕەووشت یەکێکە لە هەرە پێشمەرجە گرینگەکان بۆ هەبوون و بەردەوامبوونی دیموکراسیی و ڕەهەندەکانی. لە پاش ڕۆسیۆوە، خوێندنگای دونیای خۆرئاوا ئەرکی پەروەردەکردنی تاکی منداڵی کەوتووەتە سەر شان کە بەرامبەر بە خۆی و بە چواردەور، هەستی بەرپرسایەتیی و هاوپشتیی و هاوسۆزیی هەبێت و هەمان ماف بە هاومرۆڤانی خۆی ڕەوا ببینێت کە بە خۆی ڕەوا دەبینێت، و هەمان ئەرک بە خۆی بدات کە پێی وایە ئەوانی دیکە دەبێت وەئەستۆی بگرن. لەوێدا توانای خۆرەخنەکردن، ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات، وەژێرپرسیارهێنانی دەسەڵات و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و خاڵگەلی دیکەی لەو چەشنە گرینگ، بەردی بناخەی خوێندنگان.

## «فاکتەرگەلی گرینگ هەن وایان کرد کە بانگەوازیی سەربەخۆیی ئەمەریکا ببێت»

ڕۆسیو پێ لە سەر گرینگیی هەبوونی ڕێککەوتننامەیەکی دڵخوازانە لە نێوان خەڵک و دەستەڵاتدا دادەگرێت و مەبەستی ئەوەیە هەر کاتێک خەڵک پێیان وابێت دەستەڵات دەر لە خواست

و ویستی ئەوان و ڕێککەوتننامەکە کار دەکات، دەبێت واز لە دەسەڵات بهێنێت. ڕۆسیۆ فێردەکات کە بە هیچ شێوەیەک نابێت خەڵک دەستەڵاتی یاسادانان فەرامۆش بکات و لێی دەست بەردار بێت.

فاکتەرگەلی گرینگ هەن وایان کرد کە بانگەوازیی سەربەخۆیی ئەمەریکا ببێت بە بناخەی دەستووری ئەمەریکا. خەڵکی ئەمەریکا کە کەوتبوونە ناو پرۆسەیەک کە ئیتر وەکو نەتەوەیەک خۆیان دەبینی نەیاندەتوانی بە کەم ڕازی ببن. لەبەرئەوە سەیر نەبوو کە بانگەوازیی سەربەخۆیی ببێت بە ئیلهامی بانگەوازی شۆڕشگێڕانی فەڕەنسایش، بە تایبەتی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ. بەو شێوەیە، لە دامێنی گرکانێک لە پەنگخواردنەوە و ئازاردا، نەتەوەی ئەمەریکا لە دایک بوو. بەڵام هاوکات ئوروپا لە ناوخۆیدا و ڕوو بەیەک لە گەرمەی شەڕدا بوون.

## «شۆڕشی فەڕەنسا، خوێنڕشتن و توندوتیژیی و ئانارامییەکی گەورەی لێ کەوتەوە»

تۆماس جێفەرسۆن Thomas Jeferson دامەزرێنەری بیری بانگەوازیی سەربەخۆیی کە لە ١٧٧٦/٧/٤ دا ڕاگەیەندرا، ئەوەی بە گوێی هەموو ئەمەریکاییەکان و جیهاندا دا کە "مرۆڤ هەموو یەکسان خولقیندراون". ئەو قسەیە کە لە سەر بڵندگۆی ڕەسمیی نەتەوەیەکی تازەلەدایکبوو کرا، کەم نەبوو. هەر بەو شێوەیە ئەوانی دیکەیش، وەکو جەیمس مادیسۆنJames Madison ، بیری هەبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە فۆرمێکی دیموکراسییدا لە ژێر کاریگەریی مۆنتیسکیۆ Montesquieu دا سەبارەت بە دابەشکردنی دەستەڵاتی یاسادانەر (پارلەمان)، جێبەجێکار (حکومەت) و دادوەریی (دادگا) بەهێزتر دەکات.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە ساڵی ١٧٨٩، شۆڕشی فەڕەنسا، خوێنڕشتن و توندوتیژیی و ئانارامییەکی گەورەی لێ کەوتەوە وا کە بگاتە کەناری ئانارشیزم، بوو بە یەکێک لە گەورەترین ڕووداوەکانی جیهان و "ئەنجوومەنی نەتەوەیی" فەڕەنسییەکان جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتییان پەسەند کرد. مرۆڤ دەتوانێت پێدابگرێت کە ئەو جاڕنامەیە مێژووی مرۆڤایەتیی بۆ هەتاهەتایە گۆڕیی.

بەو شێوەیە، ماگنا چارتای ئینگلیزیی، بانگەوازی ئەمەریکا بۆ سەربەخۆیی و دەستووری ئەمەریکا، و جاڕنامەی مافی مرۆڤ و مافی هاووڵاتیبوونی فەڕەنسییەکان، بە یارمەتیی و کۆمەکی سەدان لە ڕۆشنبیریی سەردەم، بوون بە بناخەی جاڕنامەی جیهانیی بۆ دیموکراسیی، مافخوازیی و یەکسانیی و بەرابەریی.

لەو خەباتە گەرم و گوڕ و پڕ لە فیداکارییەدا دەستکەوت زۆر بوون، بەڵام کەموکورتییش زۆر بوون. یەکێک لەوانە ئەوەبوو کە باسی مافی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون هێشتا ژنان و ڕەشپێستەکان و هەندێک لە جۆرەکانی کۆیلەی نەدەگرتەوە. بۆ نموونە ڕۆسیۆ، سەرەڕای کۆمەکی بەرچاو و گەورەی خۆی بەو پرۆسەیە، یەکێکە لەوانەی بە پیاوشۆڤێنیست دادەنرێت و خانم ماریا وۆڵستۆنکرافت لێی بە ڕەخنە بووە.

ماریا وۆڵستۆنکرافت (١٧٥٩-١٧٩٧) یەکێک بوو لە ژنە بیرمەندەکانی ئەو سەردەمە کە ڕادیکالانە داوای مافی بۆ ئافرەتان دەکرد. ماریا وۆڵستۆنکرافت لە زۆر ڕووەوە مافە بنچینەییەکانی ژنانی کۆنکرێت خستە بەردەست. بۆ نموونە پێی وابوو ژنان لە جیاتی ئەوەی ناچاری دەستی مێرد و خێویان بن دەبێت مافی خۆبەخێوکردنیان هەبێت. بۆ نموونە کە بۆیان هەبێت کار بکەن، کە نابێت ناچار بکرێن بە جەوانیی مێرد بکەن و نابێت بەو شێوەیە پەروەردە بکرێن کە کاریان بێتە سەر ئەوەی کە هەر مێردیان ڕازی بکەن. لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی فەڕەنسادا ماریا وۆڵستۆنکرافت لە لەندەن دەژیا و پشتگیریی لێ دەکرد بەو هیوایەی کە دیموکراتیی بۆ ژنانیش فەراهەم بکات.

لە نووسراوەیەکیدا بە ناوی "بەرەواکردنی مافەکانی پیاوان" A Vindication of the Rights of Men کە لە شێوەی نامەیەکدا دژ بە ئێدمۆند بورک Edmund Burke نووسیوویەتی، ماریا وۆڵستۆنکرافت وەکو هەندێکی دیکە لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆی کە لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی فەڕەنسەدا بوون لە ڕووانگەیەکی تا ڕادەیەک چینایەتیی و کۆمارخوازییەوە پشتگیریی لە شۆڕشی فەڕەنسا دەکات و هەروەها بە ڕەخنەوە ئاماژە بە ماگنا چارتا دەکات. ئێدمۆند بورک پێی وایە نووسەر و ڕۆشنبیرانی ئینگلستان کەوتوونە هەڵەوە کاتێک کە شۆڕشی فەڕەنسا بە "شۆڕشی پیرۆزی ١٦٨٨"ی ئینگلستان دەچوێنن و دەیگوت کە ڕاستیەکەی ئەوە چوواندنێکی هەڵەیە و شۆڕشی فەڕەنسا زیاتر بە "شەڕی ناوخۆی ئینگلستان ١٦٤٢ - ١٦٥١" دەچێت کە لە نێوان پارلەمانیستەکان و ڕۆیالیستەکاندا ڕوویدا و کە لە مێژوودا بە شەڕێکی بەد ناسراوە. ئێدمۆند بورک لە هەرە سەرەتای شۆڕشی فەڕەنسادا پێشبینی دەکرد کە سەرئەنجامی شۆڕشی فەڕەنسیی خراپ دەبێت.

## «بە هۆی بیری ڕادیکاڵیەوە کە بەتایبەتی داواری ڕیفەراندۆمی دەکرد»

ماریا ولستۆنکرافت نیزیکەی دوو ساڵ دوای "بەرەواکردنی مافەکانی پیاوان"، کتێبی "بەرەواکردنی مافەکانی ژن: لەگەڵ بەندوباوە سیاسیی و ڕەووشتییەکان" (A Vindication of the Rights of Woman: with Strictures on Political and Moral Subjects) نووسی کە لە ڕووانگەیەکی زیاتر بورژوازیی و ژنپارێزییەوە لە پرسی ژنان و کۆمەڵگادا قووڵ دەبێتەوە. ئەو کارەی ماریا ولستۆنکرافت بە یەکێک لە گەورەترین شاکارەکانی فێمێنیستیی و مافخوازیی لە مێژوودا دادەنرێت.

یەکێک لەوانەی بە کردەوە لە ژیانیدا بێمافیی ژنانی دیتبوو، ماری گۆوژ، ناسراو بە ئۆلیمپ دی گۆگ Olympe de Gouges بوو. ئۆلیمپ دی گۆگ زوو کەوتە ژیانی سیاسەتەوە و کتێبی بەناوبانگی The Declaration of the Rights of Woman and the Female Citizen نووسیی و پاشان بە هۆی بیری ڕادیکالیەوە کە بەتایبەتی داواری ڕیفەراندۆمی دەکرد کە خەڵکی فەڕەنسا بتوانن بە ئازادیی سەبارەت شێوە مۆدێلی دەوڵەت بۆ فەرەنسا هەڵبژێرن، و کە لەو سەردەمەدا قبوول نەدەکرا، سەری پەڕێندرا. لە سەرەتادا هیوایەکی زۆری بە شۆڕشی فەڕەنسا هەبوو، پاشان یەکێک بوو لەوانەی کە لە ڕووداوەکانی ڕۆژ و سەرئەنجامەکان نائومێد بوو.

لە وەسیەتنامەکەیدا دەبینین کە ئۆلیمپ دی گۆگ لە دەستەڵاتی خودا و کۆشکەکان و پیاوسالاریی و هەروەها لە هەوڵدان بۆ بە ئەنقەست کەنەفتکردنی ژنان ماندوو بوو. ئەو وەکو زۆر ژنی دیکەی خەباتکار دەیزانی کە پیاوان دەتوانن ببن بە هەر شتێک کە پێیان خۆشە، بەڵام ژنان لە باشترین حاڵەتدا دەتوانن ببن بەوەی کە پیاوان دەیانەوێت. خۆتەسلیم نەکردن بەو واقیعە داسەپێندراوە، سەرئەنجامێکی دیکەی لە مافخوازیی لێ کەوتەوە.

## «توماس پاین نەوەیەک پێش جان ستیوەرت میل پشتگیریی لە هەردوو شۆڕشی فەڕەنسا و ئەمەریکا کرد»

جان ستیوەرت میل John Stuart Mill (١٨٠٦ - ١٨٧٣) لە چاو بۆ نموونە تۆماس پاین (١٧٣٧ - ١٨٠٩) Thomas Paine کە هەر هاوولاتیی خۆی بوو زۆر بەخت یار بوو. توماس پاین نەوەیەک پێش جان ستیوەرت میل پشتگیریی لە هەردوو شۆڕشی فەڕەنسا و ئەمەریکا کرد و خۆی دووچاری ئەو سزایە کرد کە لە دوورولاتییدا بمرێت. جان ستیوارت میل کە نەوەیەک پاش ئەو لەدایک بوو، لە سەر فرەگەلێک لە ماف و لە خەباتی سەختی تێکۆشەرانی پێشوو ڕاوەستابوو، توانی هەنگاوێکی دیکەیش پرسی مافخوازیی پێش بخات. ئۆلیمپ دی گۆگ داوای ڕیفەراندۆمی دەکرد کە تیایدا خەڵک بۆیان هەبێت جۆری بەڕێوەبەریی دەوڵەت هەڵبژێرن، کە ئەوسا قسە لە سەر سێ جۆر بوو، پادشایەتیی و کۆماریی و فیدراڵیی. جان ستیوەرت میل ئەو تێزەی خستە بەر دەست کە خەڵک دەبێت بۆیان هەبێت خۆیان نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن.

دوو تێکۆشەر لە ڕووانگەی جیاوازەوە، بەڵام بە مەبەستی پێشخستنی مافی مرۆڤ و مافخوازیی، پەردەیان لە سەر داهێنانی دوو تێزی گرینگ هەڵدایەوە. یەکەمیان ئەوەیە کە خەڵک خۆیان بۆیان هەبێت شێوەی بەڕێوەبەرایەتیی دەوڵەت هەڵبژێرن و دووهەمیان کە بۆشیان هەبێت نوێنەرانی خۆیان لە حکومڕانیکردنی ئەو دەوڵەتەدا هەڵبژێرن. بە واتایەکی دیکە، سەرتاپای سەروەریی ساختاری سیاسیی بەڕێوەبردنێک دەبێت لە خەڵکەوە بێت.

هەموو ئەم کارە ڕۆشنبیریانە کە دەکران بە گشتیی لە نێوان بیری دەڵەمەی کۆنسەرڤاتیزم و لیبرالیزم و شێوەیەک لە بیری چینایەتیی دەهاتن و دەچوون. کارل مارکس و ئەوانەی وەکو ئەو بیریان دەکردەوە تایبەتمەندیی چینی کرێکار و خەباتی چینایەتیان ڕوون کردەوە و نامیلکەی "مانیفێستی کۆمۆنیستی" بوو بە یەکەمین پرۆگرامی ئایدیۆلۆژیی بۆ ئەوانەی خۆیان لە خەباتی چینایەتییدا دەبینییەوە.

## «ئەوانەی لە بیری وردکردنەوە و ڕوونکردنەوەی چەپدا ڕۆڵیان هەبوو بەئەژمارن»

زۆری نەخایاند کێشەی ئامانج و جیهانبینیی و پلانکاریی و وردکردنەوە کەوتە ناو ئەو خەباتە چینایەتیە کە هەبوو. ئەو کێشەیە، لە هەموو واتایەکی خۆیدا، کێشەیەکی سرووشتیی بوو چونکە هیچ بیر و ئایدیۆلۆژیەکی سیاسیی تا ئەو دەمە وەکو بیری چەپ لە لایەن کەسانی ڕۆشنبیری بە گوڕی سەردەمەوە تاوتوێ نەدەکرا. ئاسایی بوو کە چەپ بە شێوەی جودا لێک بدرێتەوە و لە ڕێچکەی جیاوازدا خۆی ببینێتەوە.

ئەوانەی لە بیری وردکردنەوە و ڕوونکردنەوەی چەپدا ڕۆڵیان هەبوو بەئەژمارن، ئەڵبەت ئەوانەی وەکوو ڕێچکەی ئایدیۆلۆژیی و ستراتیژیی درێژخایان بە پلەی یەک شایانی باسن بریتین لە کارل مارکس (١٨١٨ - ١٨٨٣) و ئێدوارد بێرنشتاین (١٨٥٠ - ١٩٣٢) و ڤلادیمیر لێنین (١٨٧٠ - ١٩٢٤). لینین پاشان لە سەرەوە مارکسیزمی بە شێوەی خۆی داڕشتەوە کە لە ئەدەبی چەپدا بە مارکسیزم لێنینیزم بە ناوبانگە. لە تیئۆری لێنیندا شۆڕش، بە مانای قڵپکردنەوەی دەستەڵاتی حوکم، دیکتاتۆری پرۆلیتاریا/ پارت، سێنترالیزمی دیموکراتیک،

ئاڤانگاردی پارتی کۆمۆنیست و شێوەهەرەمی پرۆلیتاریا و بڕینی قۆناخی سۆسیالیزم بە پلانی پارتیی/ دەوڵەتیی و چوون بەرەو قۆناخی کۆمۆنیزم تێزی سەرەکیین.
ئێدوارد بێرنشتاین بە پێچەوانەوە جەختی لە سەر گۆڕینی دەستەڵات بە ڕیفۆرمکاریی لە ناو چوارچێوەی پارلەمان و لە ڕێگای نوێنەرایەتیەوە. هەروەها کەمتر بایەخ هەبوونی پارت و لە جیاتی ئەوە کاریگەریی و بایەخی گرینگی بزووتنەوەی کرێکاریی و ڕێکخستنە کرێکاریەکان و هەرەوەزیەکان. بۆ ڕۆیشتن بەرەو سۆسیالیزم بە شێوەی دیموکراتیک. بە ڕای ئێدوارد بێرنشتاین "دیموکراتیی خوێندنگای باڵایە بۆ ڕێککەوتن". یەکەم جار بوو، ئەڵبەت بە دروستییەوە، لە هەرزاڵی سۆسیالیزمەوە ئامێز بۆ دیموکراسیی بکرێتەوە.

## «خودی سۆسیالدیموکراتیی، واتە خەتی ئاوێتەکردنی سۆسیالیزم و دیموکراتیک»

سەرەڕای جیاوازیەکانی ئاراستەی جۆباری چەپ و ئۆجاخکوێرمانەوەی چەپی ئوسوڵیی و سوننەتیی لە حوکەمتداریی و مانەوەی ئەو جۆرە لە چەپ بە دڵشکاویی کە هەرگیز بە ژووانی دەسەڵات نەگات، هێشتا مرۆڤ دەتوانێت پێ دابگرێت کە زۆرێک لە شێوەی چەپ، بەو جۆرەیشیەوە، تا ئێستایش باشترین و کاریگەرترین جۆری ئۆپۆزیسیۆنی ڕەخنەگرانەیە لە دەسەڵات. ئەڵبەت خودی سۆسیالدیموکراتیی، واتە خەتی ئاوێتەکردنی سۆسیالیزم و دیموکراتیک، لە ساڵیانی دوورودرێژدا لە سەر حوکم بوون و لە پشت سەدان و زیاتر لە یاسا و پلان و پرۆگرام و ڕیفۆرمی بواری جیاوازەوەن بۆ بە دیموکراسیترکردنی کۆمەڵگا و ڕەواندنەوەی دەسەڵات و دابەشکردنی دەسەڵات و زیادکردنی ئازادیی تاکەکەس و چەسپاندنی شێوەکانی ئازادیین.
خەباتی ژنانیش هەروەکو خەباتی چینایەتیی، یاخود شانبەشانی خەباتی چینایەتیی، کۆمەک و کاریگەریی ئەرێنیی گەورەی بە خەباتی دیموکراسیی، بە بەرانبەریی و یەکسانیی و هاومافیی کردووە، بەتایبەتی لە پێداگرتن لە سەر مافی هاووڵاتیبوون و، لەگەڵ پێداگرتنی هەندێک ڕێچکەیدا بۆ سۆسیالیزم و هاوبەشیی و هەرەوەزیی و کۆمەڵگەگەریی، ڕێزگرتن لە هەبوونی مرۆڤ وەکوو تاکەکەسی سەربەخۆ و ئازاد خەتێکی دیار و ڕوونە و لە پرۆسەی خەباتدا بە ڕوونیی دەبینرێت. لەو بابەتەوە باسکردن و وەبیرهێنانەوەی خەباتی ژنان لە بزووتنەوەی "سەففرج Suffrage" بۆ وەدەستهێنانی هەبوونی مافی دەنگدان و کار، فرە شایان باسە، کە لە بەریتانیا و ئەمەریکا تا ساڵی ١٩١٨ و ١٩٢٠ لانی کەم تا ساڵی ١٩٢٠ ی خایاند و کە لەو بزووتنەوەیەدا خەباتی و شێلگیرانە و جەسوورانە کرا.
لەگەڵ هەموو ئەم خەبات و ڕەنجەدا دووبارە زۆرێک لەو دەستکەوتانە لە جەنگێکی نوێی جیهاندا، جەنگی جیهانیی دووهەم، فەوتان یان خرانە ژێر پرسیار و لە چەندین ساڵدا هەڵپەسێردران. کۆمەڵێک قەیرانی ئابووریی و بەرژەوەندیی دەوڵەتیی بە هەڵپەی پاوانخوازیی و بە جیددی نەخوێندنەوە و بە جیددی وەرنەگرتنی ئایدیۆلۆژیی نازیزم بوو بە هۆی جەنگێکی شەش ساڵە کە زیاتر لە ٥٠ ملوین مرۆڤی تیادا لە ناوچوو. نەتەوەی وەکو جوولەکە و دانیشتووانی ڕۆمیی/ قەرەجی لە زەرەرلێکەوتووە گەورەکان بوون. بەو شێوەیە زەرەری گەورە لە پرۆسەی دیموکراتیی و شەفافیەتی دەسەڵات و دابەشکردنی دەسەڵات و شێوەکانی دیکە لە مافی تاکەکەس و هاووڵاتیی کەوت.
گۆڕینی "کۆمەڵەی نەتەوەکان" بۆ"یەکیەتی نەتەوەکان" بەشێکی ئەو هەوڵە بوو کە تیایدا مافی مرۆڤ وەکو تاکەکەس، مافی ژنان و منداڵان بۆ جۆرەکانی ئازادیی، ئاسایشی نێوان دەوڵەتان و نەتەوەکان و هەروەها مافی دانیشتووانی ڕەسەن و نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا خاڵی گرینگی ئەم پەیماننامەیە بوو کە لە زۆر شوێن و بە شێوەی جیاواز بوو بە هیوای جیهانێکی دادوەرتر و ئاسایشتر و سەقامگیرتر و ئێستایش هەر هیوا و ئومێدی زۆرێک لە خەڵکە کە بەو مەبەستە بەردەوامیی پێ بدەن.
دیارە لەو خەباتەدا بە سەدان و هەزاران و تەنانەت ملوین لە تاکەکەس و ڕێکخراوی تەواوی نەتەوەکان، هەر لە جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیا و ئایینەکان و خەتە سیاسیەکاندا، لە جیهاندا بەشدار بوون.

لەو ڕووەوە، سەرەڕای هەبوونی شێوەکانی گەندەڵیی لە ئاستیی جیهانییدا، دەتوانین پێدابگرین کە لە دونیای خۆرئاوادا میکانیزمگەل و کەناڵگەلی جۆراوجۆر خرانەبەردەست و بەکارهێنران بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و هەواکێشیی دیموکراسیی، بۆ جیاکردنەوەی سیمبولەکانی دەسەڵات وەکوو سپا و پۆلیس لە یەکتر و دانانی ئەرکی نوێ بۆیان، بۆ بە سەربەخۆهێشتنەوەی دادگاکان و پاراستنی سەرەوەریی پارلەمان، و بۆ بەرسنووردارکردنی شێوەکانی گەندەڵیی سیاسیی و ئابووریی لەگەڵ وەدەستهێنانی گەلێک دەستکەوتی گەورە بۆ نزیککردنەوەی نەتەوەکانی خۆیان لە یەکتر و سڕینەوەی سیما و خەسڵەتی پۆلیسیانەی سنوورەکان و بەزاندنیان بە قازانجی تاکەکەس..........

( no / 4 )- 31 - 3 - 2016

# کاریگەرییەکانی داگیرکاری تورکیا بەسەر دۆخی باشووری کوردستان

**لە کۆنفرانسی (کاریگەرییەکانی داگیرکاری تورکیا لەسەر دۆخی باشووری کوردستان) کە لە شاری سلێمانی سازکرا، هەژموونی سیاسی و دیبلۆماسی، ئابووری و دارایی، کولتووری و پەروەردەیی و راگەیاندنی و هەروەها هەژموونی سەربازی و ئیستخباراتی دەوڵەتی تورکیا کە چەندین زانیاری ورد و تایبەت خراوەتەروو لامان باشبوو ڕاپۆرتی کۆتای کۆنفرانسەکە بە دووبەش بڵاوبکەینەوە.**

**دەقی ڕاپۆرتەکە**

**بەشی دووەم و کۆتایی**

چوارەم/ هەژموونی سەربازی و ئیستخباراتی: کۆڵەگەیەکی گرنگی ستراتیژی داگیرکاری باشووری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە هەژموونە سەربازی و ئیستخباراتییەکەیەتی. لەدۆخی ئێستادا سوپای تورکیا چەندین بنکەی سەربازی لەسەر خاکی باشووری کوردستاندا جێگیر کردووە و لە مانگی کانونی یەکەمی ٢٠١٥شدا لەمیانەی لەشکرکێشییەکی نوێوە هێزێکی خۆی لە بەعشیقە جیگیر کرد. کە ئەمە درێژکراوەی هەمان ستراتیژی سەربازییە کە لەرابردوودا بەڕێوەی بردووە. لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو لەژێر ناوی ئۆپەراسیۆنی دژی پەکەکە دەیان جار سنووری دروستکراوی لۆزانی نێوان باکوور و باشووری بەزاند و هاتۆتە خاکی باشوورەوە. بەڵام جێگیر نەدەبوو. پاشان لەکاتی شەڕی نێوان لایەنەکانی باشووری کوردستان لەساڵی ١٩٩٥ بەدواوە، کە تورکیا خۆی رۆڵیکی سەرەکی بینی لە هەڵگیرساندنیدا، لەژێر ناوی هێزی ئاشتی (PMF)ەوە لەشکرکێشییەکەی دەستپێکرد و بیانووی جێگیربوون و مانەوەی بۆ رەخسێنرا.

لەدوای رووداوەکانی ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ایشەوە، تورکیا هێزەکانی خۆی لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان زیاتر جێگیرکرد و لەو کاتەشەوە ئەو وڵاتە چەند سەربازگەیەکی لەناوچەی بادینان دروستکردووە و لەئێستاشدا ژمارەی هێزەکانی ئەو وڵاتە لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا (٣٢٣٥) ئەفسەرو سەربازو ژەندرمەی سوپای تورکیا بوونیان هەیە، لەگەڵ چەندین جۆر چەک و تەقەمەنی، لەوانە: (٥٨) تانک، (٣٧) زرێپۆش، (٣١) تۆپ و (٣٦) هاوەن، (١٧) ئاربیجی و (١٠) دۆشکە، (٤٠) ئۆتۆمبێلی سەربازیی، (١٣) بیکەیسی، (٢) نازووری شەوانەو (٣) نازووری قاعیدە، (١٠) قەناس و (١) بۆمبی ئەتار و لەگەڵ (٢) جیهازی ڕاکاڵ و یەک رەسەدو (٢) رافیعەو جیهازێکی پێشکەوتووی دەنگهەڵگریان لەبەردەستدایە. هەروەها لەشکرکێشی ئەمجارەشیدا کە ئێستا لە بەعشیقە جێگیرن بریتییە لە ١٢٠٠ سەرباز، ٥٠ تانک، ٥٠ هەمەر، ١٥ تۆپی ئۆبیس، ٥٠ هاوەنی بچووک و مەزن، دەیان چەکی دۆشکەی A٤ ، ٧٠ ئۆتۆمبێلی گواستنەوە. هێزە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لەناو خاکی هەرێمی کوردستان بەسەر (١٣) بنکە و بارەگای سەربازیدا لەناوچە سنورییەکانی پارێزگای دهۆک جێگیرکراون. لەناو ئەو هەموو بنکە و بارەگا سەربازیيانەدا بەشی هەواڵگریشی تێدایە. شوێن و پێکهاتەی سەربازگەکانیش بەمشێوەیە:

١. گەورەترین بنکەو بارەگای سەربازی تورکیا لەڕووی ژمارەی سەربازەوە، لەناحیەی (کانی ماسی)یە. لەو بنکەیەدا (٥٨٠) سەربازو (٩١) ئەفسەرو (٢٤٠) ژەندرمەو (٣٤٠) هێزی لێدان هەیە.

٢. گەورەترین بنکەی سەربازی تورکیا لەڕووی لۆجستییەوە، سەربازگەی (بامەڕنی)یە دەکەوێتە بەرامبەر ناحیەی بامەڕنی. لەناو ئەو بنکە سەربازییەدا گەورەترین یەکەی هەواڵگری سەر بە سوپا هەیە. هەروەها (٣٠) تانک، (٨) زرێپۆش، (٦) هاوەن، (٦) ئۆتۆمبێلی سەربازی تێدایە، جگە لەبوونی ئامێرێکی پێشکەوتووی دەنگگرتن کە بۆ کاری سیخوڕی بەکاریدەهێنن.

٣. سەربازگەی باتوفا سریەیەکی تایبەتی هەواڵگری لێیە کە لە (٢٠) کەس پێکهاتووە. بنکەی سەربازی ناحیەی باتوفە دێت کە دەکەوێتە سنوری ئیداریی قەزای زاخۆوە، (٤٠٠) سەربازو (٦) تانک و (٢١) زرێپۆش و (١٤) ئۆتۆمبێلی سەربازیی و سێ نازووری تێدایە.

٤. بنکەی سەربازی (کریبی) لە سنووری

قـەزای زاخـۆ (٤١٤) سـەرباز، (٦) تانـک، (١٥) ئاربیجـی، (٣) دۆشـکە، (٦) زرێپـۆش، (١١) تـۆپ، (١٤) ئۆتۆمبێلـی سـەربازی، (١٠) قەنـاس، (١٢) بیکەیسـی، جیهازێکـی راکاڵ هەیـە.

٥. سـەربازگەی (سـینکی) (٨٠) سـەرباز و تۆپێکـی (١٢٠) ملمـی تێدایـە.

٦. سـەربازگەی (سـیریی) لـە سـنووری قـەزای ئامێدێیـە، (٧٥) سـەرباز، (٦) تانـک، سـێ دۆشـکا، (٦) هاوەن، (٤) زرێپـۆش هەیـە.

٧. سـەربازگەی (کوبکـی) لـە سـنووری قـەزای ئامێـدی. (١٣٠) سـەربازی جێگیرکـردووە لەگـەڵ دوو تانـک.

٨. سـەربازگەی (قومـری) لەناوچـەی مەتینـا ٧٠ سـەربازی تێـدا جێگیـر کـراوە لەگـەڵ ژمارەیـەک کەرەسـتە و کەلوپەلـی سـەربازی.

٩. سـەربازگەی کوخـی سـپی ٧٠ سـەربازی تێـدا جێگیـر کـراوە لەگـەڵ ژمارەیـەک کەرەسـتە و کەلوپەلـی سـەربازی.

١٠. سـەربازگەی دەرەی داواتیـا لـە هەفتانیـن ٧٠ سـەربازی تێدا جێگیـر کـراوە لەگـەڵ ژمارەیـەک کەرەسـتە و کەلوپەلـی سـەربازی.

١١. سـەربازگەی (سـەری زیـری) (٦٠) سـەربازی جێگیرکـردووە.

١٢. سـەربازگەی گەلـی زاخـۆ (٣٤) سـەربازی جێگیرکـردووە.

١٣. سـەربازگەی ئامێـدی (٤٥) سـەرباز بـە تـەواوی چـەک و تفاقـی سـەربازییەوە جێگیرکـراون.

هەرچەنـدە لەسـاڵی ٢٠٠٣وە بریارێـک لەپەرلەمانـی کوردسـتانەوە دەرچـووە بـۆ دەرکردنـی ئـەو بنکـە سـەربازیانە، بـەڵام تائێسـتا هێزەکانـی تورکیـا لەسـەرخاکی هەرێمـی کوردسـتان مـاون کـە ژمارەیـان بـەهەزاران چەکدار دەبێت. لـەڕۆژی ١٥ای تەممـوزی سـاڵی ٢٠٠٨یشـدا، ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عیـراق لەبەیاننامەیەکـدا داوایکـرد، هەرچـی زووە ئـەو بنکـە سـەربازیانەی تورکیـا لەخاکـی عیـراق (هەرێمـی کوردسـتان)دا بچنـە دەرەوە. هەروەهـا لەلایـەن کۆمەڵـەی گەنجانـی وڵاتپارێزەوە نیو ملیۆن واژۆ بۆ دەرکردنـی سـوپای تورکیـا کۆکرایـەوە و رادەسـتی پەرلەمانـی هەرێمـی کوردسـتان کـراوە و کەچـی هیـچ رێزێـک بـۆ ئیـرادە و داخـوازی خەڵـک نەگیـرا.

بێگومـان سـوپای تورکیـا جگـە لـەوەی هێزەکانـی خـۆی جێگیرکـردووە و لەرێگەیـەوە کاریگـەری لەسـەر بریـاری سیاسـی و ئیـرادەی سیاسـی لـە هەرێـم دەکات ئـەوا لـەڕووی ئابووریشـەوە ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە کۆمپانیاکانـی سـەر بـە سـوپای تورکیـا بەنـاوی (ئۆیـاک)، کـە دەیـان کۆمپانیـای گـەورە لەخـۆوەی دەگرێـت لـە باشـووردا بۆتـە سـەرچاوەیەکی دارایـی مـەزن بـۆ بەهێزبوونـی سـوپای تورکیـا کـە ئەمـڕۆ بـە چـەک و تەقەمەنییـەی لەرێگـەی ئـەو کۆمپانیایانەیـەوە کریویەتـی، گەلـی کـوردی پێدەکوژێ و بۆردمانی باشـووری کوردسـتان دەکات گونـدەکان وێـران دەکات و چەندیـن کۆمەڵکـوژی وەک کۆمەڵکوژییەکـەی کەندەکـۆڵا، کورتـەک، زارگەلێـی لێکەوتۆتـەوە. لـەڕووی هەواڵگـری و ئیستخباراتیشـەوە دەزگاکانـی میـت و ژێتـەم چەندیـن تـۆری سـیخوری و هەواڵگریـان لەنـاو خەڵـک و هەنێدێـک لـە حـزب و دامودەزگاکانـدا دروسـتکردووە و چەندیـن نووسـینگە و شـوێنی تایبەتـی نهێنییـان بـۆ کاری هەواڵگـری و سـیخوری هەیـە و خۆیـان خزاندۆتـە نـاو گەلێکـی ناوەنـدی هەسـتیاری هەرێمـی کوردسـتانەوە.

لەمـڕووەوە دەزگاکانـی دەوڵەتـی تورکیا هەندێـک کـەس و بەرپرسـی جیاجیـای باشـووری کوردسـتان بـە نـاوی پشـوو و کۆنفرانـس و پانێڵـەوە دەیانبەنـە شـوێنی دیاریکـراو لـە ئەنقـەرە و ئیسـتەنبوڵ و شـارەکانی تـری تورکیـا، دوای ماوەیـەک لـە راگرتـن و پەروەردەکـردن و سـیخورکردنیان، لـە رێـی ئـەم کەسـانەوە دزەی نـاو پێکهاتـەی بەرێوەبـەری هەرێمـی کوردسـتان دەکـەن، لـە رێگـەی کەسانی پەیوەندیـدار بـە (MIT) و ژێتـەم لەنـاو رۆژنامـەی زەمـان و تەلەفزیۆنـی سـامانیۆلو و ئاژانسـی دەنگوبـاس جیهـان لـە میدیاکانـی باشـوری کوردسـتاندا کـەس و کاربەدەسـت و خـاوەن کارەکانـی هەرێـم هەڵدەبژێردرێـن و دەستنیشـان دەکرێـن، ئـەو وێنـە و فۆتۆگرافانـەی دەسـت پەیامنێـران و نوێنەرانـی میدیاکانـی رۆژنامـەی زەمـان، ئاژانسـی جیهـان، گۆڤـاری ئاکسـیۆن، تەلەفزیۆنـی سـامانیۆلو دەکـەون راسـتەوخۆ بـۆ دەسـتگای بـاڵای سـیخوری تـورک (MIT) دەنێردرێـن.

**ئامانجەکانی لەشکرکێشی ئێستای تورکیا:**

بێگومـان لەشـکرکێشـی ئەمجـارەی تورکیـاش لەچوارچێـوەی سـتراتیژە داگیرکاریەکـەی دایـە و چەنـد ئامانجێکـی مەترسـیدار لەخـۆوە دەگرێـت کـە درێژەپێـدەر و تـەواوکاری پلانـە

ستراتیژییەکەیە کە بیست و پێنج ساڵە لە باشوور بە چوار تەوەری ستراتیژی جیاواز و لەهەمانکاتدا تێکهەڵکێشی یەکتر بەڕێوەی دەبات، کە دەکرێ بەمشێوەیە بیخەینەڕوو:

١. بەئامانجی هەژموون و باڵادەستی زیاترە بەسەر ئابووری و دارایی باشووری کوردستان، کە خۆی لە بەتاڵانبردنی سەرچاوەکانی وزە بەتایبەتی نەوت و غازدا دەبینێتەوە.

٢. وەک چۆن ڕۆڵی تورکیا لە داگیرکردنی موسڵ و دەوروبەریدا هەبوو، بەهەمانشێوە دەیەوێت لەهێشتنەوەپشی بەداگیرکراوی ڕۆڵی خۆی ببینێت. لەموسڵ پیلانی میساقی میللی تورکەکان جێبەجێ دەکرێت، ساڵانێکە ئامانجیانە ئەو شارە داگیربکەن، لەئێستاشەوە بناغەیان بۆ ئەوە ئامادەکردووە، تورکیا حەشدی ئەلوەتەنی لەسوننەکان ئاواکردووە، هاتنیان بۆ بەعشیقەش لەسەر ئەو بنەمایەیە. بۆئەمەش ئامانجێکی ئەو لەشکرکێشییە بەتایبەتی بۆ بەعشیقە، کۆسپخستە بەردەم ڕزگارکردنی موسڵ لە دەستی داعش. هەروەها دەرخستنی هێزەکانی گەریلایە لە شەنگال و مەخموور و کەرکوک و سەرلەنوێ داگیرکردنەوەی ئەو شوێنانەیە کە پێشمەرگە و گەریلا و شەڕڤانەکان بەیەکەوە ڕزگاریان کردووە.

٣. دەیەوێت لە ململانێی ئێستای نێوان لایەنە کوردییەکانی هەرێمی کوردستاندا و پشتیوانی لەو لایەنە بکات کە بەهاوپەیمان و وابەستە بەخۆی دەزانێت و هاوکاری و پشتیوانیشی بکات لە باڵادەستبوونی ڕاستەوخۆ بەسەر ناوچەکانی کەرکوک و گەرمیان و سلێمانی. بەتایبەتی ئەو ناوچانەی نەوت و غازی لێیە.

٤. بۆ ئەوەی ئابلۆقەیەکی سەربازی و ئابووره لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە دیوی باشوورییەوە بخاتە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا و دەستەکەوتەکانی شۆڕشی ڕۆژئاوا لەناوببات و ڕۆژئاوا بخاتەوە ژێر ڕکێفی داعش و ئەو حزبە کوردیانەی پشتوانی لە سیاسەتی تورکیا دەکەن دژی ڕۆژئاوا.

٥. قووڵکردنەوەی شەڕی مەزهەبی نێوان هێزە سووننی و شیعییەکان و تێوەگلاندنی کورد لە شەڕەدا؛ بەوەی سوپای تورکیا هێزی خۆی لەباشووردا جێگیرکردووە بۆ پشتیوانی لە هێزە سوننییەکان.

٦. پشتیوانیکردن و چالاککردنی هێزە تورکمانییە وابەستەکانی خۆی و چەکدارکردنیان و نانەوەی ئاژاوە لە نێوان گەلی کورد گەلی تورکمان.

**ڕاسپاردە و بڕیارەکانی کۆنفرانس**

وەکو لەراپۆرتی گشتی کۆنفرانسدا شیکرایەوە لەشکرکێشی ئەمجارەی تورکیا پیلانێکی داگیرکارانەیە و لەچوارچێوەی ستراتیژێکی بەرفراوانی داگیرکاری باشووری کوردستاندا ئەنجامدراوە. بۆیە پێویستە ئەو لەشکرکێشییە وەک پیلانێکی مەترسیداری ستراتیژی دەوڵەتی تورک و حکومەتی ئاکەپەی ببینین لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیمان. پێویستە گەلی کوردستانیش بەشێوەیەکی ستراتیژی ڕووبەڕووی ئەو پیلانە ببێتەوە و لەرووی سیاسی و ئابووری و کولتووری و بەرگریدا کار بۆ پووچەڵکردنەوەی ستراتیژی داگیرکاری تورکیا بکات. لەم چوارچێوەیەدا ئێمە وەک ئامادەبووانی کۆنفرانسی (کاریگەرییەکانی داگیرکاری تورکیا بەسەر دۆخی باشووری کوردستان) ئەم ڕاسپاردە و بڕیارانە دەگەیەنینە دەست پەرلەمانی هەرێم و پەرلەمانی ئێراق و پەرلەمانی تورکیا و پەرلەمانی ئەورووپا و نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان و بۆ ڕای گشتی گەلەکەمان و جیهان ڕایدەگەیەنین، تا فشار بۆ سەر دەوڵەتی تورکیا دروست بکەین بۆئەوەی سەرجەم هێزە سەربازییەکان و ئیستخباراتییەکانی لە باشوور بکشێنێتەوە و دەستەبەرداری هەژموون و داڕووخاندنی ئابووری و شاڵاوی کولتووری و شێواندنی کەسێتی و کۆمەڵگاکەمان ڕاوەستێنێت و ئیرادەی سیاسی خەڵکی باشوور بناسێت و وەک دراوسێ لە باشوور هەڵسوکەوت بکات نەک پیلانی ستراتیژی داگیرکاری دابڕێژێت. لەسەر ئەم بنەمایە ئەم ڕاسپاردە و بڕیارانە وەردەگرین:

A. **ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس:**

**یەکەم/ لەڕووی سیاسی و یاساییەوە:**

١. هەرچی زووە لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و لایەنەکانی باشووری کوردستان بە تایبەتی، لەبەرامبەر بەو داگیرکارییەی تورکیا

گردبوونەوەیەکی سیاسی هاوبەش پێشبخەن و هەنگاو بەرەو کۆنفرانسێکی نەتەوەیی بنێن. دەکرێ کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان بۆ ئەو مەسەلەیە راسپێردرێ.

٢. پێویستە پەیوەندییە حزبیەکان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا بەتایبەت و دەوڵەتانی تری ناوچەکە شەفاف بێت و لەچوارچێوەی بەرژەوەندی هەموو گەلی کوردستان بێت نەک لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی بنەماڵەیی و شەخسی و حزبی بێت.

٣. پێویستە دەستبەجێ حکومەتی هەرێم هەماهەنگ لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵی ئێراقدا هەردوو بڕیارەکەی پەرلەمانی هەرێم و پەرلەمانی ئێراق بۆ وەدەرنانی سوپای تورکیا جێبەجێ بکەن.

٤. پێویستە کۆتایی بەو بۆشاییە سیاسی و یاساییە بهێنرێت و سەرجەم دامەزراوەکان، بەتایبەتی پەرلەمانی هەرێم، کارا بکرێنەوە و بریارەکان بگەڕێتەوە بۆ دامەزراوە گشتیەکان و بەئیرادەیەکی هاوبەش کار بۆ سیستەمێکی سیاسی دیموکراتی و نیشتمانی بکرێت.

٥. داوا لە ڕۆشنبیران، مامۆستایانی ئایینی و سەرجەم چین و توێژەکانی گەلەکەمان دەکەین کە پشتیوانی ڕۆڵی خۆیان لە هوشیارکردنەوەی خەڵک لە مەترسییەکانی داگیرکاری تورکیا ببینن و بەیەکەو کار بۆ دەرکردنی سوپای تورکیا و سەرجەم ئەو دەزگا و ڕێکخراوانە بکەین کە دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی و کولتووری گەلەکەمان کار دەکەن.

**دووەم/ لەڕووی ئابووری و داراییەوە:**

١. هەموو ڕێککەوتنە شاراوە و نافەرمییەکان، بەتایبەتی ڕێککەوتنە پەنجا ساڵییەکەی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێم، ئەوانەی لەسەر بنەمای حزبی و شەخسی لەژێر سێبەری حکومەتدا بۆ هەر پرسێکی سیاسی یان ئابووری یان ستراتیژی لەگەڵ دراوسێکان یان هەرهێزێکی دەرەکیدا بەستراون، هە ڵو ە شێنر ێتە و ە .

٢. پێویستە سەرجەم کاڵا هاوردەکراوەکان، بەتایبەتی ئەو کاڵایانەی لەلایەن وڵاتانی داگیرکەری کوردستانەوە دەهێنرێن لەلایەن دامەزراوەی کوالێتی کۆنترۆڵەوە بە وردی بپشکێنر ێن .

٣. گرنگیدان بە سەرمایەگوزاری ناوخۆیی و وەبەرهێنانی خۆیی لەسەرجەم بوارەکانداو کەمکردنەوەی بازرگانی دەرەکی بەتایبەت بۆ ئەو کاڵایانەی توانای بەرهەمهێنانی ناوخۆییان هە یە.

٤. چاوپیاخشاندنەوە بەیاسای وەبەرهێنان و موساتەحەی زەوی و موڵکی بازرگانی تاکو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی باڵای ئابووری هەرێم ڕێکبخرێتەوە.

**سێیەم/ لەڕووی فەرهەنگی و ڕاگەیاندن و پەروەردەییەوە:**

١. سەرجەم ئەو دامودەزگا تورکیانەی بەناوی کاری ڕۆشنبیری و ئایینی و ڕاگەیاندنی و پەروەردەییانە دابخرێن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەر بە دەوڵەتی تورکیان، بەشاراوەیی یان بە ئاشکرا، دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیمان کار و چالاکی دەکەن و لەهەوڵی سڕینەوە و شێواندنی فەرهەنگ و کەسێتی تاک و کۆمەڵگای کوردستاندان. لەم پێناوەدا کەمپین و چالاکی دیموکراتی و هەڵمەتی ڕاگەیاندنی بکرێت.

٢. کاراکردنی یاسای سزادانی سیخوڕ و بەکرێگیراوان و دادگاییکردنی هەموو ئەوانەی دەچنە ئەم خانەیەوە.

٣. سەرجەم ئەو دەزگا ڕاگەیاندنییانە شەرمەزار دەکەین کە کار بۆ شێواندن و سڕینەوەی فەرهەنگ و کەسێتی تاک و کۆمەڵگای کوردەواری دەکرێت و لەسەر بنەمای چەواشەکاری و دژبەری تێکۆشانی پارچەکانی دیکە کاری ڕاگەیاندنی دەکات و بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و ڕۆژنامەوانی هەڵناگرێت.

٤. پێداچوونەوە بە دەزگای چاودێری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و پەروەردەییدا بکرێت یاسای تایبەت بە پەخش و بودجەی تەلەفزیۆن و سەتەلایت و کەناڵە بیستراو و بینراوەکان دەربکرێت. تاکو بەرگیری لەهەر کەناڵ و تەلەفزیۆنێک بکرێ کە دەکەونە خانەی خزمەتکردن بە کلتوری بێگانەوە.

٥. دەبێ فلتەرێک بۆ ئەو ڕێژە بەرفراوانە لە فیلمی دوبلاژکراو بەتایبەت زنجیرەی تورکی دابنرێت و بەڕێوەبەرایەتیە ڕۆشنبیریەکان

لەو بارەیەوە بڕیار بۆ کەناڵەکان دەربکەن. بەتایبەتی سۆکایەتی بە گەلەکەمان لە باکووری کوردستان و پیرۆزییەکانی گەل دەکەن.

٦. لە قۆناخی باخچەی ساوایان و سەرەتایی تا زانکۆ چاودێری بخرێتە سەر خوێندنگا و زانکۆ تورکییەکان و پیاچوونەوە بە مەنهەجیاندا بکرێت. هاوکات نیوەی ستافی کارای کارگێری ئەو دامەزراوە پەروەردەییانە بکرێ بە کەسانی شارەزای نیشتمانپەروەری باشووری کوردستان، تاکو لە نزیکەوە چاودێریان بکرێ لەڕوی پەروەردەی و فێرکردنەوە.

٧. خێزانەکان لە مەترسییە کۆمەڵایەتی و کولتووری و دەروونی و پەروەردەییەکانی ئەو فیلم و زنجیرە تەلەفزیۆنیە تورکیانەی لە کەناڵەکانی باشووردا پەخش دەکرێن هوشیار بکرێنەوە.

**چوارەم/لەڕووی سەربازی و هەواڵگرییەوە:**

١. پێویستە دەستەبەجێ هەموو هێزەکانی سوپای تورکیا لەسەر خاکی باشووری کوردستان بەدەربنرێت و لەم پێناوەدا گەل و دەزگا فەرمییەکانی دەسەڵاتی هەرێم و پارت و ڕێکخراوەکان چالاکی و بڕیاری پێویست وەربگرن.

٢. پێویستە ئەو تۆڕە سیخوڕیانەی لە دەمامکی دەزگای ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و ڕاگەیاندنی و ئایینیدا خۆیان حەشارداوە ریسوا بکرێن و لەڕووی یاساییەوە ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکرێت و دەربکرێن.
٣. تەواوی ئەو کۆمپانیاو مۆڵە بازرگانیانەی لەلایەن کۆمپانیا تورکی و بیانیەکانەوە بەڕێوە دەبرێن، باجی زۆریان بخرێتە سەر و مەرجی خستنەکاری (دەستی کار)ی خەڵکی باشوور لە ڕێککەوتنەکاندا هەبێت.

٤. ڕاگەیاندنەکان تەعامولێکی هەستیار و ڕاشکاوانە و پیشەییانە لەگەڵ لەشکرکێشی سوپای داگیرکاری تورکیا بکەن و مەترسییە شاراوەکانی بخەنەروو و ڕۆڵیان لە دروستکردنی ڕای گشتی هەبێت بۆ وەردەرنانی سوپای تورکیا.

B. **بڕیارەکانی کۆنفرانس:**

١. بەناوی بەشداربووانی کۆنفرانسەوە پشتیوانی لە بەرخۆدانی گەلەکەمان لە باکووری کوردستان دەکەین و بەرەوا و مافداری دەبینین و هێرشە دڕندانەکانی حکومەتی تورکیا بۆ سەر گەلەکەمان بەتوندی شەرمەزار دەکەین و داوا لە ڕێکخراوە جیهانییەکان دەکەین ڕێگیری لەو کۆمەڵکوژییە بکەن کە بەسەر گەلەکەماندا دێت.

٢. بە ئەزموون وەرگرتن لە دۆخی باشووری کوردستان داوا لە بەڕێوەبەرانی کانتۆنەکان و نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەین کە بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نەدەن سوپای تورکیا لەشکرکێشی بکات و لە ڕۆژئاوا و سوریا جێگیر ببێت.

٣. کار دەکەین بۆ ئەوەی تۆڕی نارەزایی باشوور ببێتە تۆڕێکی بەردەوام و بەرفراوانتر بکرێت و لە سەرجەم شارەکان گروپی خۆی دابمەزرێنێت و بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی نارەزایەتی لەسەر دیاردە نەخوازراو و زیانبارەکان و دروستکردنی ڕای گشتی. بۆ ئەم مەبەستە چەند لیژنە و دەستەیەک لە شارەکان ڕێکدەخرێن.

٤.کار دەکەین بۆ ئەوەی تۆڕی نارەزایی باشوور ببێتە تۆڕێکی بەردەوام و بەرفراوانتر بکرێت و لە سەرجەم شارەکان گروپی خۆی دامەزرێنێت و بۆ ئەم مەبەستە چەند لیژنەیەکی پێویست ڕێکدەخەین.
٥. کەمپینی بایکۆتی کاڵای تورکی فراوانتر دەکەین وەک فشار هێنانێک بۆئەوەی کۆتایی بە داگیرکارییەکانی تورکیا لە باشوور بهێنرێت.
٦. ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس لەڕێگە کۆڕ و سیمینار و چالاکی دیموکراتی دیکەوە دەگەیەنینە سەرجەم هاوڵاتیانی شار و شارچکەکان و لەوبارەیەوە ڕای گشتی لێ ئاگادار دەکەینەوە تا ڕۆڵی لە وەدەرنانی سوپای تورکیا و هەڵوەشاندنەوەی تۆڕە سیخوڕییەکانی تورکیا هەبێت.

٧. سەرجەم بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس دەگەیەنینە دامەزراوە نێونەتەوەیەکان، دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا و پەرلەمانی تورکیا و پەرلەمانی ئێراق، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

درود بۆگیانی ئەو رۆژنامەوانە ئازادانەی لە پێناو ئازادیدا تێکۆشان




دوو رۆژنامەنووسی گیان بەختکردووی راگەیاندنی ئازاد

ئامانج رەسوڵی
ناسراو بە ئاگر بانە

شۆڕش مستەفا عەلی
ناسراو بە هەڤاڵ شۆڕش

4
sala Ekemin
hijmara çarem
31-3-2016
Adar
٢٧١٦

Azadî Komelge

Govarareki mehaneye serbixwe a siyasi, hizrî, civakiye



دۆسییەیەکی تایبەت لەسەر

یەکینەکانی بەرخودانی شەنگالYBŞ و

یەکینەکانی ژنی شەنگال YJŞ،

چەندین زانیاری گرنگ و تایبەت، لە

ژمارەی داهاتودا